

پرس و چەمکەکانی سەردەم
هەورامان عەلی تۆفیق
2013

ناوی کتێب : پرس و چەمکەکانی سەردەم

ناوی نوسەر : هەورامان علی تۆفیق

دیزاین : ئارت دیزاین

شوین و ساڵی چاپ : سلێمانی / 2013

تیراژ : 500 دانە

چاپخانە : کارۆ

بەرهەمی : زنجیرە کتێبی مەکتەبی ڕۆشنبیری و راگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان

# ناوەرۆك


- ديموكراتيەت وديموكراتى بوونى دەسەلأت.
- جياكردنەوەى  ئاين لەدەوڵەت .
- كۆمەڵگاى كوردى و مەدەنيەت بوونى .
- پيريسترويكا ودووبارە بوونەوەى لە دونيايى عەرەبى ورۆژهەلأتى ناوەراست دا هيوايەكە بۆ بەدى هێنانى خەونەكانى كورد .
- چەمكى ئۆپۆزسيون بوون لە نێوان تێنەگەيشتنى دەسەلأت وبێ ئەزموونى ئۆپۆزسيۆن دا.
- دەوڵەتى كوردى لەنێوگۆرانكاريەكانى ئەمرۆدا .
- فيدراليەت وكۆنفدراليەت لە سيستەمى دەسەلأتى نوێخوازى دا .
- تەوافقى سياسى لە عێراقدا چەند لەبەرژەوەندى كوردايە .
- قۆرخ كردنى دەسەلأت ودياردەيى گەندەڵى .

**پێشەکی :**

**ئەوەندەی مەبەست بێت کە لەسەر ئەم بەرهەمەی نووسەر سەرنج و تێبینی بخەینە روو تەنها ئەوە نیە کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین چونکە خوێنەر لە روانگەی دید و بۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر بابەتەکان مافی هەڵسەنگاندنی هەیە نەوەك کەسانێك بێن ئەم مافەی لێ زەوت بکەن ، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئایا ئەم کتێبە یان ئەم بەرهەمە ئاراستەی خوێنەر بەرەو کوێ دەبات و چ ئامانجێك دەستەبەر دەکات ، چ رۆڵێك لەسەر زیادکردنی بیرو وشیاری تاك و کۆمەڵگە دەبینێ .**

**کاك هەورامان علی توفیق پێشینەیەکی باشی لەسەر ئاستی رۆشنبیری و توێژینەوەی هزر و بابەتە سەردەمیەکاندا هەیە ، دەیەوێ لەرەمەکی خۆی دوور بگرێت بەڵکوو گەرەکیەتی بە تێروتەسەل بە چاکترین رێگا والە خوێنەر بگەیێنێت کە ناچاری بکات بۆ لای خۆی رای بکێشێت ، ئەمە رەنگدانەوەی قووڵی بەدواداچوونی نوسەرە کە لە ئەورووپا دەژیت پێی خۆشە ئەم بیروباوەرە یاساییە و سیاسیانە و کۆمەڵایەتیە سوود بەخشانەی ئەوی بە پەلە و کورتترین رێگا و بە شێوازی نایاب وا لە هاونیشتمانیەکانی خۆی بکات بە هەر نرخێك بێت ئاوێتەی بێ .**

**دونیای ئەمرۆ وا دێتە بەرچاو کە سیاسەت هەموو کەلەبەرەکانی داگیر کردووە ، ئەمە ئەگەر بگونجێ لانی کەم لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بووەتە نەریەت ، نەخۆشی سەردەم بەوەی هەموو رێساو یاسایەك پەیوەست کراوە بە سیاسەت ئەو سیاسەتەی کەلە کوردەواری مانایەکی جوان نابەخشێ وەك ئەوەی دەڵێن ( فلانەکەس سیاسەتی کابرای کرد ) واتە شکاندیەوە ،**

بۆیه دەبیٚ بڵێین ئایا سیاسەت یاسا بەرێوه دەبات یان یاسا سیاسەت بەرێوه دەبات .

نوسەر له نێو ئەم رەوشه سەقامگیرەی که تێدا دەژێت به چاوێکی تیژ به قەڵەمێکی درشت به بیرێکی وورد گوڵبژێرێکی جۆری کردووه بۆ نێو بازنه داخراوەکانی دەڤەری پر له کێشمەکێشم که هەتا رادەیەکی ئەوتۆ عەقڵ تێدا گیری خواردوه وەك ئەوەی له پشوودا بێت ، سەرەرای ئەمانەش ئەم خستنەرووه هەوڵێکه نوسەر دەیەوێت پێشکەشی ئەزمونی نوییٚ گەلەکەی بکات ، به راشکاوانه قسه لەسەر ئەو پرسانه دەکات که پەیوەسته به چارەنوس و ئاینده ، سەرەرای ئەمەش دەزانێت کۆمەڵگه له کوییٚ ئەم قۆناغەن که هەمووانی ئالوودە کردووه بەلاٚم بیر له دۆزینەوەی ئەو هەنگاوه ناکەن که چار نیه دەبیٚ رۆژێك له رۆژان ببینێت .

ویرای دەستخۆشی له کاکی نوسەر هەورامان علی توفیق بۆ کوڵبژێرەکەی که پشتی به چەندین سەرچاوەی شیاو بەستووه ئەمەش وا دەکات بەم شێوەیەش کتێبەکەی دەبێته سەرچاوه و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکات .

خۆزیا دەخوازین گەنج و لاوەکانمان ، ئەوەی دەستی قەڵەم دەگریٚ بەتایبەتی ئەوانەی له دەرەوەی کوردستانن چاو له دەوروپشتی خۆیان بکەن بۆ نیشتیمانەکەیان گەلێکی خاوەن ئیراده دروست بکەن ، رەنج بەبادان درێژه بەو ستەمه میژووییه دەدات بەوەی سەدان ساڵه نەتەوەکەمان کەوتوەته ژێر ئەم باره قورسه ، ئیستاش لەوپەری پێویستیدایه به هەمووان

.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن

نیعمەت عەبدوڵا پیرداود

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2012 / 10 / 30

# دیموکراتیەت ودیموکراتی بوونی دەسەلأت

دیموکراتیەت ئەودەسەلأتەیە کە لەلایەن گەلەوە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا کە هەڵبژاردنی دەسەلأتی فەرمانرەوا پێکدێت ، ئەم دەسەلأتە سیاسیە بەشێوەیەکی گشتی ئاڵوگۆری دەسەلأتە لە روانگەیەکی ئاشتیانە ودەسەلأتی زۆرینە ولە دیمکراتیەتی لیبرالدا رێزگرتن لە یاسا وپارێزگاری لە مافەکانی کەمینە وئازادیە رەهاکان بەرجەستەدەبن ولە تەواوی نیوەی دانیشتوانی گۆیی زەوی لە ژێردەسەلأتی ئەوسیستەمەدا دەژین کە دەبێتە دیموکراتیەتی لیبرال وەك ئەوروپیەکان وئەمریکا بەهەردوو کیشوەرەکانیەوە و هیند وبەشەکەی دی لە ژێردەسەلأتی سیستەمێکدا دەژین بەناوی دیموکراتیەت لەوانە چین کە ناوی دەنێ دیموکراتیەتی جەماوەری .

دەسەلأتی گەل هەڵبژاردن وئاڵوگۆری دەسەلأت بەشێوازێکی ئاشتیانە ئەوبنەما سەرەکیەی کە پێکهاتەی دیموکراتیەت پێکدێنێت ودەبێتە لێکدانەوەیەك بۆ وەسفکردنی دەسەلأتێکی فەرمانرەوا لەوولأتەی کە بەدیموکرات سەیردەکرێت ، کەواتە ئەوسیستەمە کۆمەلأیەتی یە کە لەریگای بەئاگایی ورۆشنبیریەتی سیاسی کۆمەڵگاکەیەوە پێوەر دەکرێت وئەودیموکراتیەتە لەنێوئەودەیان شێوازەدا دەست نیشان دەبێت .

پێکهێنانی دەسەلأت وکارکردن بۆ گەیشتنە مەرانی دەستکەوتەکانی وخۆدۆزینەوە لە خاڵی دیموکراتیەتی سەردەمیانە دا ، دەستەبەرکردنی

پێداویستیه سەرەکیەکان وخۆدۆزینەوە لە خاڵە بنەرەتیەکانی دەستوردا وخۆ خستەنە نێومالّی ژیانی کەسایەتی سیاسی وخاوەن دەسەلاّت کە هەمووپێکەوە دەبیّ لەروانگەی بنەمایی یاساکانی مافی مرۆڤ وئازادیەکانی تاك وبەتایبەت ئەوانەی کە دژ بەدەسەلاّت دەبن وزیاتر لەوشێوە کۆمەڵگایانەی ئێمەدا کە کۆمەڵە ئاینی وئیسلامیەکانن بەشێوەی تایبەت کەواتە بەبیّ جیاوازی لە بۆچون وتێروانینی تاك مافەکانی وەك یەك پارێزراوبن ، جیاکردنەوەی دەسەلاّتەکان کە دەسەلاّتی جیّ بەجێکار کە دەبێتە حکومەت ودەسەلاّتی یاسادانەر  دەکاتە پەرلەمان ودەسەلاّتی دادوەری ، دورکەوتنەوەی حزب لەدەسەلاّتی دەولّەت وئازادیەکانی بیرورا وراگەیاندن ورۆژنامەگەری وپێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی وریکخراوی تایبەت لەم شێوەیە بەومەرجەی دوور لەدەستی حزب وئەندام لایەنگرانیەوە بن ولەهەمووگرنگ تر ئازادیەکانی خۆپیشاندان وهەڵبژاردن سیستەمێکی سیاسی سەردەمیانە وتێگەیشتن لە بروای ئۆپۆزسیۆن ومامەڵەی دروست لەگەلّ تێکرای یاساکان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا وسیستەمی لامەرکەزی .

تێگەیشتن لە هاوسەنگیەکان لەوروانگەیە دێت کە بەرژەوەندیەکانی زۆرینە لەگەلّ بەرژەوەندیەکانی کەمینە یەك ناگرنەوە ولێرەدا پێویستە هاوسەنگیەك هەبێت لە نێوان دەسەلاّتەکانی جیّ بەجیّ کار و یاسادانان ودادوەری ودواتر لە نێوپێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا ، لێرەوە بۆ چونەکان رووله دەسەلاّتی لامەرکەزی دەکەن ، لە نێوان دەسەلاّتە ئاینی ودنیایەکان بۆچونی علمانیات دێتەئاراوە .

## چەمکی رۆشنبیریەتی دیموکراتی

یاسایی بوونی سیاسیەت ودەسەلأت لە روانگەی قبولْ بوونە لە لایەن گەلەوە چونکە ئەودەسەلأتەی شەرعیەتی خۆیی نەپارێزێ ئەوە رووبەرووی نارەزایی شەقام دەبێتەوە وزۆربەی کات ئەم نارەزایی وپەرپەرج دانەوانە لە شێوازی ئاشتیانەدا نامێنەوە وهەندێ جار دەبنە شەری ناوخۆ ونائارامی وخۆپیشاندان ورژانە سەرشەقام وریێ پێوان .. کە دەرەنجام دەگەرێتەوە بۆ شکستی دەسەلأتی سیاسی لە مەیدانی کاری خۆیدا ، نمونەش بۆ ئەمە شەری ناوخۆیی ئیسپانیایە کە لە 17 یۆلیۆی 1936 درێژەی هەبووبۆ 1 ی ئەپریلی 1939 کە ئەوولأتەی کردبووبە دووبەشە ولە لایەن شوعیەتەوە پشتگیری لایەك دەکراولە لایەن دەسەلأتی دیموکراتیەتی لێبرالیەتەوە بەشەکەی دی .

کەواتە چەند هاوسەنگی لە دیموکراتی بوونی دەسەلأت دا پێویستە هێندەش رۆشنبیریەتی دیموکراتیەتی سیاسی لای تاك گرنگە ، چۆن کارلەگەلْ ئەوسیستەمەدا بکات ئەوەی لای شێوە کۆمەلْگای خۆماندا باوە بەهاوشانی کەم دەرکی سیاسی لە چەمکی دیموکراتیەت تاکیان بەوواتایەی دی کۆمەلْگا بەشێکە لە هۆکاری تێکدانی ئەوهاوسەنگیە وهۆکارێکە لە دروست کردنی دەسەلأتی تاکرەودیکتاتۆر چونکە ئەوشێوە

دەسەلآتانە لەخۆیانەوە دروست نابن وزەمینەیەك بۆیان لەباردەبیَ وئەوریَگایەیان پیَ دەدات ولەهەمان کات دا تاکەکان هاوکاردەبن .

سیستەمی دیموکراتی بە پیَی ئەوشەرعیەتیە سیاسیەی کە لەریَگای هەلَبژاردنەکانەوە کۆمەلگا دەکات بەدووبەشەوە کە بریتیە لە براوەودۆراو، لیَرەدا رۆشنبیریەتی دیموکراتی رۆلَی بەرچاوی دەبیَ لە قبولَ کردنی یەکتر وریَگەدان بەگواستنەوەی دەسەلآت بەریَگای ئاشتیانە بۆ پارتی براوە وپارتە دۆراوەکانیش وەك ئۆپۆزسیۆن کاری ئۆپۆزسیۆبوونی خۆیان لەچوارچیَوەی ئەویاسا ودەستوورەدا بکەن وئۆپۆزسئۆن وەك بەرهەلَستاریَکی هاوکارودلَسۆز بۆ ولآت کاروئەرکەکانی خۆیی بەجیَ بگەیَنیَ وگیانی لیَبوردەیی ومیسالیەتی کۆمەلَگا وکاریگەریەکانی بۆ نیَوبەشەکانی کۆمەلَگاوکاتەکانی بیروراگۆرینەوە ، کەواتە گرنگە تەواوی پیَکهاتەکان وبەجیاوازی بیروراکان کارلەسەر ئامانجە سەرەکیەکان بکەن بەوشیَوەی کە خۆیان بروایان پیَی هەیە ولەچوارچیَوەی ئەودیموکراتیەتەدا

تەنها ئازادی هەلَبژاردنەکان گەواهی ئەوەنادەن کە ولآت دیمکراتیەت تیَیدا بەرقەرارە ، چونکە رۆشنبیریەتی دامەزراوە سیاسیەکان وبەمەدەنیەت بوونیان وپیَداویستیە هەنوکەییەکان وخزمەتگوزاریەکانی کۆمەلَگا و ئەو رۆشنبیریەتیەی کە دەبیَ تەواوی بوارەکان بگریَتەوە کاریگەر بونی هەبیَت ، ئەم هەنگاوەش گرانە ویەکیَکە لەوسەردەمانەی کە دەسەلآتەکان بەرەو رەوتی دیموکراتی دەبات و زۆر لەودەسەلآتانەی کە تەنها بەروکەش لەژیَر پەردەی دیموکراتیەت وهەلَبژاردن دان و هەندیَك لەوانەش بەردەوام

ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەشێوازی نائاشتیانە دەبێت ئاستەنگە دیموکراتیەت لە مانا وناوەرۆکە بنەرەتیەکەیە وە بیگرێتەوە .

ئەودیموکراتیەتە لیبرالیەی کە ئەمرۆ لە ئەوروپادا کاری لەسەر دەکرێت لە ساڵی 1900 تەنها شێوە دەسەڵاتێکی فەرمانرەوایەتی لەسەر سیستەم بوونی نەبووکە مافەکانی هەڵبژاردن لەسەر پێوەرە نێونەتەوەییەکان بپارێزێ وئەوەی تەنها کاری لەسەر دەکرا دیموکراتیەتێکی دیاریکراوبووکە لەوسەردەمەدا تەنها 25 دەوڵەت هەبوون ، بەپێی ئەوگۆڕانگاریانەی کە لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا روویاندا لە ساڵی 2000 دا نزیکەی 120 سیستەمی دیموکراتی لیبرالی لە جیهاندا بوونی هەبوو، سەدەی بیست لەتەواوی گۆڕانکاریەکان بەرەوسیستەمی دیموکراتیەت هەنگاوی خێرا وگۆڕانگاری خێرا لە چوارچێوەی ئەوشۆڕشە دیموکراتیانەی کە دونیای گرتەوە کە زۆربەیان لەدەرەنجامی شەروشۆڕش دا سیسەمی سیاسی وڵاتەکانیان گۆڕانی بەسەردا هات وبەتایبەت ئەووڵاتانەی کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دۆران وداگیرکارن کە زۆریان دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپادا هێنایەکایەوە وزۆریشیان لەسەر بنەمایی دیموکراتیەت دامەزرێندران وهەندێك لەوانەش ئەم شێوە سیستەمە بەسەریاندا سەپێنرا وبەپێی زۆر لەوبۆچونانە ئەمە دەبێتە ئازادی گەلان وەك ئەوەی لەساڵانی رابردوودا لەگەڵ ئەفغانستان وعێراق کرا ولەرێگای هێزەوە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بەرەوشێوە دیموکراتیەتێك سیستەمەکان گۆڕان ، بێ گومان ئەودەوڵەتانەی کە تەنها بەناوروالەت لە ژێرپەردەی سیستەمی دیموکراتی دا خۆیان دەشارنەوە زۆر لەووڵاتانەی ئەوروپا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بوون وتەنها بەناودیموکراتی بوون

ولەراستی دا بەدیارکەوتنی ئەم شێوە دەوڵەتانە کاریگەری لەسەر دیموکراتیەتی ولأتانی وەك فەرەنساوبەریتانیا وسویسرا وبەلجیکا نەکرد وئەم ولأتانە وەك خۆیان مانەوە وگۆرانگاریەکان وجەنگ وئاڵوگۆر کاریگەری لەسەر رەوتی سیاسی ودیموکراتیەتی ئەم دەسەلأتانە نەبوو، لە هەمان ئاراستەی بەرامبەریشەوە فاشییەت ورەگەزپەرستی خۆیی دەکێشایە قولأیی کۆمەڵگاوە لە ئەڵمانیای نازی بەسەرکرادیەتی هیتلەر وئیتالیا لە ریگای مۆسۆلۆنی ورژێمەکانی ئیسپانیا وپورتوگال بەشێك بوون لەولێشاوە دەسەلأتە فاشیانەی لەسەردەمی خۆیاندا دژ بەخواستەکانی تاك و تەواوی ئازادیەکانی مرۆڤ وکێشکردنی شەر و کاولکاری ومالٚ وێرانی . لەگەلٚ ئەوەی کە ولأتانی داگیرکراولە ژێردەستی ولأتانی داگیرکەردا بارودۆخەکانیان بەرەوخراپ بوون دەچووگوزەران ژیانی خەڵك وتەواوی سیستەمی ژیان لەوولأتانەدا بیٚ حالٚ بوون ، ئەڵمانیا وەك نمونەیەك لە دوای داگیرکردنی ئەم ولأتەولەناوچوونی هیتلەر بەش بوونی ئەڵمانیا ، بەشی رۆژئاوا بەرووی دیموکراتیەت وکرانەوەوئازادی ومافەکانی مرۆڤ وبەشی رۆژهەلأتیش بەرووی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران دا کە دوور بوولە هەمووبەهایەکی دیموکراتیەت وکرانەوە .

دواتر ئەولێشاوە دیموکراتیەی کە شۆرشی نویٚ وەك خاڵە گرنگەکانی نێوپرۆسەی دیموکراتیەت و وەك هەنگاوێك بۆ نزیك بوونەوەی لە دیموکراتیەتی لیبرالی ، سەرچاوەی ئەوگۆرانکاریانەی کە یەکیەتی سۆڤێتی گرتەوە دەگەرایەوە بۆ سالأنی هەشتاکان کە بارودۆخی ئابوری وزەبروزەنگ وتوندوتیژی دەسەلأتی سۆڤیەتی ئەوسەردەمەوخراپی باری ژیان وگوزەرانی خەڵك لە رووی ئابووریەوە لە چاوولأتانی ئەوروپای

رۆژئاوادا وتەواوی گۆرانکاریە جیهانیەکان وهەنگاوی (

گورباتشۆف بۆ پەیرەوکردنی سیاسەتی بیرۆسترۆکا ) هەنگاوێك بووبۆ رزگارکردنی ئەوولأتانە لەچنگ سۆڤیەت وسیاسەتی تاکرەوی بەم هەنگاوە کۆتایی بەشەری سارد هاتووودەسەلأتە شوعیەکان کۆتاییان پێهات وئەویەکیەتیەش هەلۆەشایەوە وزۆربەی ئەودەولەتانە بەرووی ئازادی ودیموکراتیەت دا کرانەوە ئەگەرچی بەوشێوازەی رۆژئاوایەکان نەبوو بەلأم هەنگاوێك بوو بەرەودیموکراتیەت وئەمرۆش دەبینین زۆربەی ئەوانە بەپێی سیاسەت وسیستەمی یەکیەتی ئەوروپا بوونە ولأتێك لەم یەکیەتیە ولەودیموکراتیەتەدا دەژین کەپێویست بێت وزۆریش پالێوراون بۆ هاتنە ناویەکیەتی ئەوروپاوە .

هەندێك لە ولأتانی ئەمریکای لاتینی وئاسیای رۆژهەلأت وهەندێك لە ولأتانی ئەفریقی هەولی ئەوەیان دا روولەدیموکراتیەتی لیبرالی بکەن ولە ولأتانی عەرەبی ئەم هەنگاوانە لە سالأنی هەشتاکان وتەنانەت نەوەدەکانیش پێچەوانەی ئەوهەولأنە رویان لە دیکتاتۆریەت ودەسەلأتی تاکرەووی دەکرد ، وپێچەوانەی هیواوخواستی خەلك کە لە ئایندەیان دەروانی وئومێدی ئەوەیان هەبوووڵأتەکانیان وەکولأتانی دیموکرات کۆمەلگایەکی مەدەنی دروست بکەن .

گەر لە شێوەکانی دیموکراتیەت وردبینەوە ولەنزیکەوە باسیان لێوەبکرێت دەبینین چەند شێوازێك سیستەمی دیموکراتی هەیە لەوانە :

**دیموکراتیەتی راستەوخۆ ....**

ئەم شێوە سیستەمە شێوازێکی زۆر کەمە ، چونکە لەوشێوەیەدا جەماوەر بریار لەسەر یاساکان دەدات ولەریگای بەڵێ یان نەخێر ولەم روانگەیەوە خەڵك بەبێ ئەوەی کە نوێنەری هەڵبژێرێت بەخۆیان بریاردەدەن وخاوەن بریار دەبن ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم شێوە دیموکراتیەتە کار وکاتی زۆری دەوێ وهەنگاوەکان ئاستەنگی زۆریان دەبێ لە کۆکردنەوەی خەڵك بۆ بریاردان لەسەر یاساکان وزیاتر لەوکۆمەڵگا بچوکانەدا ئەنجام دەدران کە ئاستەنگی خەڵك کۆکردنەوەیان نەدەبوویان دەوڵەتە بچوکەکان ، ناودارترین دیموکراتیەت کە بوونی هەبووئەسینای کۆن بووولە ئێستادا سویسرا یەکێکە لەووڵاتە نزیکانەی ئەم شێوە دیموکراتیەتە .

**دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی** ....

ئەوسیستەمە سیاسیەیە کە خەڵك نوێنەرایەتی خۆیی بۆ بەریوەبەرانی دەسەڵات هەڵدەبژێرێ وئەودەسەڵاتە لەرێگای خۆیەوە بریاردەدات بەپێی بەرژەوەندیەکانی خەڵك، لەم شێوە سیستەمەدا نوێنەرانی خۆیی هەڵدەبژێرێ چونکە جەماوەر بریار لەسەر یاساکان نادات بەڵکونوێنەری خۆیی هەڵدەبژێرێت وئەم شێوە دیموکراتیەتە لە سەدەی بیست دا بەشێوازێکی بەرفراوان تەشەنەی کرد وزۆر لەوجۆرە دەسەڵاتانە بوونە سیستەمی بەرێوەبردنی وڵات وزۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەم گۆیی زەویە لە ژێر سێبەری ئەم شێوە دیمکراتیەتەدا دەژین.

دیموکراتیەتەکان دەکرێت بە ناوی دیموکراتیەتی لیبرالی ونالیبرالی ، لیبرالیەت لە دیموکراتیەت دا شێوەیەکە لە شێوەکانی دیموکراتیەت کە تێیدا دەسەڵات لەژێر رکێفی دەسەڵاتی یاسادایە وبروایی تەواوی بە

جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان هەیە ولە روانگەی ئەودەستورەوە کاردەکات کە مافەکانی خەڵك دەپارێزێ بە کەمە نەتەوایەتیەکانیشەوە . ئەودیموکراتیەتە نالیبرالیە کە دەبێتە دیموکراتیەتی نا ئازاد ودیاریکراو وئەو رێساویاسایە نیە کە دەسەلات ونوێنەرانی هەڵبژێردراودەست نیشان بکات بۆ بەرێوەبردنی ولات وتەنها هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەك بۆ ئەوەی بوترێ ئەم ولاتەودەسەلاتی فەرمانرەوا لەرێگای هەڵبژاردنەوە ولات بەرێوە دەبات بەم پێیە شەرعیەت دەداتە ئەودەسەلاتە .

لە سیستەمی دیموکراتیدا مافە مەدەنیەکان هۆکارێکن بۆ پاراستنی دەسەلاتە تاکیەکان لە کۆمەڵگادا بەپێی ئەویاسایەی کە لەدەستوردا رێکدەخرێت ، مافە مەدەنیەکان خۆیان لە مافەکانی مرۆڤ دا دەدۆزێتەوە ، مافە سروشتیەکانی مرۆڤ ئەومافانەن کە مرۆڤ لەسەرەتایی لەدایك بوونیەوە وەك مرۆڤێك ماڤ ژیانی هەیە وکۆمەڵێك ماڤ سروشتی مرۆڤ هەن دەبێ پارێزگاریان لێبکرێت وئەوەی بەناوی مافەکانی مرۆڤەوە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێت ولەچوار چێوەی یاسایەکدا بۆ مرۆڤ رێکخراوە ، فەیلەسوف جون لوك( 1632 – 1704 ) لەوە دەدوا کە سروشتیە مرۆڤ ماڤ ژیانی هەبێت لە ئازادی وخاوەندارێتی کە دەکرێ بگۆردرێ بۆ مافە مەدەنیاکان ولەلایەن دەوڵەتەوە پارێزگاری بکرێت وهاوشان لەگەڵ یاسا کۆمەلایەتیەکان دا ، بەوپێیەی کە ئەم مافانە بۆکەس نیە دەست کاریان بکات چونکە دیاری پەروەردگارن وکەس بۆیی نیە دەست کاریان بکات .

یاسای مافە مەدەنیەکان بەپێی داب ونەریتە بەرچاوەکان تەواوی یاسا مەدەنیەکان لە ئەمریکا وزۆربەی ولاتانی ئەوروپی دا دارێژراون

ولەچوارچێوەی یاسا دەستوریەکاندا کاریان لەسەردەکرێت وبەوپێیە مرۆڤ مافی ئازادیی وقەرەبووکردنەوەی هەیە لە زەرەوزیانی کە پێی دەکەوێت ، مافی تایبەت مەندی کەسیەتی خۆیی هەیە ومافی خۆپیشاندانی ئاشتیانەی هەیە لەگەڵ دادپەوەری دادگا لە سزادان ولێکۆڵینەوە لە تاوان ومامەڵە لەگەڵ تاوانباران ، سەرەرای ئازادیەکانی دەنگ دان وئازادی کەسیەتی وگۆاستنەوەودادپەوەری کۆمەلأیەتی ، تەواوی ئەوئازادیانەی کە بۆ مرۆڤ دەستەبەردەبن هاوشانی پێشکەوتن وشارستانیەت بەرەوپێشەوە دەچن وزیاتر هەنگاو بەرەو ئازادیەکانی مرۆڤ دەنێن ودەستورویاساکان زیاتر لەخزمەت مرۆڤایەتی دا دبن وبەردەوام رێکخراوەکانی پارێزەر لە مافەکانی مرۆڤ بەردەوام پارێزگاری لەداواکانی مرۆڤ وپێداویستیەکانی دەکەن وبەردەوام کار بۆ یاساورێسای نویٚ بۆ زیاتر خۆشکردنی گوزەرانی هاولأتیان دەکەن . یاسای مافە مەدەنیاکان لە ئەمریکادا ساڵی 1964 دەرچووە وئەم یاسایە بووە وەرچەرخانێکی گرنگ لە ژیانی کەسایەتیەکان لە ئەمریکادا ، چونکە ئەویاسایانە هەمووئەونەریتە رەگەزپەرستیانەی دوای شەری ناوخۆیی ئەمریکا 1860 کە هێشتا کاریگەریان لەسەر ژیانی خەڵك هەبوو بەتایبەت بەرامبەر خواروی ئەوولأتە بەلأم بەدەرچونی ئەویاسایە گۆران بەسەر ژیان وگوزەرانی خەڵکدا هات وهاوکێشەکان گۆران

سەروەری یاسا گەرەنتی راگرتنی تەواوی هاوکێشەکانە لە سیستەمی سیاسی دا وبەشێکە لەوکۆڵەکە گرنگانەی دەستور وراگرتنی ودەبیٚ دەسەلأت وهاولأتی پێکەوە لەسەروری یاسا بۆ بەریوەبردنی کاروباری ولأت بەپێی برگە دەستوریەکان هاوکاربن.

وەك ئەوەی کە ( ئیلبەرت فین دایسی ) لەبرگەی یاساکانی دەستوردا ساڵی 1895 دەڵێ : هەمووبەرپرسێك لە سەرەك وەزیرانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە پۆلیسێك یان کارمەندێکی ئاسایی بەرێوەبەرایەتی باج هەمان بەرپرسیاریەت لەئەستۆ دەگرن وەك هاولاٚتیەکی ئاسایی ئەرك وفەرمانیان لەسەرە لەرووی یاساییەوە ..... بەپێی ئەوە گەر لەزۆر ئەوراپۆرتانە بکۆڵینەوە کە باس لەوە دەکەن ، زۆر لەوبەرپرسانەی دەسەلاٚتی سیاسی لە بەرزترین پلەدا دەهێنرێنە بەردادگا وداگایی دەکرێن ، ئەوەی رۆژانە لەرێگای راگەیاندنەکانەوە بلاٚودەکرێتەوە سەرەك وەزیران ووەزیر وبەرپرس لەدەزگا حکومیەکاندا لە ولاٚتانی ئەوروپی وديموکراتخوازدا دەهێنرێنە بەردادگا وسزادەدرێن وەك هاولاٚتێکی ئاسایی ، بەم شێوەیە دەکرێ بلێین یاسا سەروەرە ولەسەرووی هەمووکەسێکەوەیە ، بەلاٚم گەر بەپێچەوانەوە بێت ئەوە ناتوانین بلێین یاسا سەروەرە و بەسەر هەموو کەسێکەوەیە وگرنگترین هەنگاویش بۆ هێشتنەوەی ئەم سەروەریە جیاکردنەوەی دەسەلاٚتەکان وسەربەخۆیی تەوایان وئازادی رەها لە کاروبریار ودروست بوونی دەوڵەتی یاسا نەك دەوڵەتی کەسایەتی یان کەسێك ووابەستە بوون پێوەیی ولەورانگەیەوە دروست بوونی پیرۆزیەکان بۆ تەواوی ئەودەسەلاٚتە و گەورەکردن و بەرزنرخاندن ودانانیان بەسەرو هەموو یاساکانەوە بەشێوەیەك کەس نەتوانێ رەخنەیان لێ گرێ وهەڵە وکەموکورتیەکانیان دەست نیشان بکات ، بە گەورە زانینی بەرپرس وسەرکردەکان وکەمکردنەوە لە کەسایەتی تاك ، ئەمەش سەرەتایی هەنگاوە بۆ دروست کردنی سیستەمی دیکتاتۆریەت کە هەندێ جار

کۆمەڵگا بەدەستی خۆیی ئەم شێوە سیستەمانە دروست دەکات وبەخۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ دروست کردنی دیکتاتۆر .

لە چەمکی دادوەری دا دادپەوەری وبەیەك چاوسەیرکردنی هاولاتی ومامەڵە بەپێیٚ یاسا و جیاوازی نەکردن لە نێوان هەژارو دەوڵەمەند و بەدەسەلاٚت و بیٚ دەسەلاٚت ، لەبەردەم دادگا کەس تاوانبار نابێت تا تاوانەکەی نەسەلمێنرێت و تەنها سزایەك دەبیٚ بۆ هەر تاوانێك و ئازادانە رێگا بدرێت هەمووکەس پارێزگاری لەخۆیی بکات ودادگاکان دەرگایان والاٚبێت وئاشکرابن ولە ژورە نهێنی وداخراوەکان دەربچن ، بەم پێیە دەبیٚ ئێمەی کورد سوود لە تەواوی ئەویاسا گرنگانەی ولاٚتانی دیموکراتخواز وەرگرین وبتوانین لەرێگایانەوە سیستەمێکی مودێرن و پێشکەوتوودروست بکەین وکۆمەڵگایەك بۆ ئایندە پەروەردەبێت کە هاوشێوەی کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بێت ..

لە چەمکێکی تری سەروەری یاسادا کە ئەرستۆ یەکەم کەس بووباسی لێوە کرد وەك سیستەمێك کە پەیوەندی بەسیستەمی سروشتی مرۆڤەوە هەیە بۆیە سەروەری یاسا کۆڵەکەی بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی راستەقینەیە وبیٚ ئەوئەودیموکراتیەتە ناکاملٚ دەبێت .

شکۆمەندی وفەرمانرەوایەتی وابەستە نەبوو بەیاساوە لە فەلسەفەی سیاسەتی سینیەکاندا کە تایبەتە بەجیٚ بەجیٚ کردنی یاساکان وباری سروشتی ئەم سیستەمەی کە دەرەنجام ئەم فەلەسەفە کاریگەری تەواوی هەبوولەسەر فکری سیاسی سینیەکان گشت پەیوەندیە ئەخلاقیە تایبەتیەکان کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە یاساوە هەیە ودوورن لە

پەیوەندیە تایبەتیەکان .  سەروەری یاسا لە لایەکەوە والێی دەروانرێ کە هۆکارێکە بۆ سەپاندنی کۆت بەسەر دەسەلأتەکانی حکومەت دا ولەلایەن سینیەکانیشەوە گفتوگۆ لەسەر سەروەری یاسا لەوروانگەیەوە دێت کە بەهێزبوونی دەسەلأت وفەرمانرەوایەتی لە دەرەنجامی سەروەری یاساوە دێت .

لەزۆربەی ولأتانی فاشی ودیکتاتۆریەت دا ململانێ وبەربەرەکانی سەروەریەکانی یاسا دەکرێت وەك ئەوەی لە ئەڵمانیای نازیدا هەبووکە هەمیشە کۆمەڵگایان بەجۆرێك پەروەردەکردووە کە ترسی لەدەسەلأت هەبێت کە واتە کاتێك کە خەڵك ترسی لەدەسەلأت هەبووکەواتە لەوسیستەمەدا سەروەری یاسا بوونی نیە .

دادپەروەری کۆمەلأیەتی لە سیستەمی دیموکراتی دا خۆیی لەوسیستەمە ئابوریە دەدۆزێتەوە کە جیاوازیەکانی نێوان تاك لەوکۆمەڵگایەدا ناهێڵێت وچینەکان لەوئاستەدا راگیردەکات کە تارادەیەك هاوشیوەبن وبەجۆرێك کە تەنها بەستنەوەی بە سەروەری یان دادپەروەری یاساوە نابێت گەر دادپەروەری کۆمەلأتی لەگەڵ دا نەبێت ، لەگەڵ ئەوشدا کە دادپەروەری کۆمەلأیەتی برگەیە کە لە خاڵبەندەکانی سیاسەت گفتوگۆی زۆری لەسەرە ، تەنانەت لە راونگەی ئاین وکۆمەڵگای مەدەنیەوە روانگەی جیاوازی لەسەرە ، دادپەروەری کۆمەلأیەتی سود گەیاندنە بەباری ئابوری ودارشتنەوەی داهاتی تاك وزیاد بوونی هەلی کار وبنەمایەك بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی مۆدێرن .

تێروانینی جۆن رولس فەیلەسوفی سیاسی لیبرال 1921 – 2002 سەبارەت بە دادوەری کۆمەلأیەتی ، پێی وایە بۆچونێکی فەلسەفیە نەك سیاسی ، ئەم بروایە وەك کۆڵەکەی سیاسەتی پارتی سەوز لە هەموودونیادا کاری لەسەر دەکرێت لە چەمکی دادپەوەری کۆمەلأیەتیەوە لێوەی دەروانریّ بۆ چەسپاندنی لە کۆمەڵگاکاندا کە مافەکانی مرۆۋ ودادپەوەری بەهەمووچەمکەکانیەوە لەخۆدەگرێت .

ئازادیەکانی فکروبۆچونەکان ورۆژنامەگەری وراگەیاندن وئازادیەکانی کۆمەڵگا وکاری هاوبەش وئازادی هاتووچۆو ژیان وئازادیەکانی تاك لە هەڵبژاردنی ژیان وگوزەران وکار و بزوتنەوە کۆمەلأیەتیەکان کە لەپێناوی دادپەروەری کۆمەلأتی تێدەکۆشن زۆرن وبەردەوام چالاکی وهەولەکانیان بۆ هەمان ئەومەبەستانەی سەرەوە بوونی هەیە .

کەواتە دیموکراتیەت سیستەمێکی کۆمەلأیەتی یە لە روانگەی بەنرخ ناسینی مرۆۋ وکەرامەتە تایبەتمەندیەکانی مرۆۋ وبەشداربوونی ئەندامەکان لەوکۆمەڵگایە دا لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی ولە دیموکراتیەتی سیاسی دا گەل سەرچاوەی دەسەلأت دەبێت ومافەکان بۆ هەمووکەسێك بەبیّ جیاوازی دەستەبەردەبن لەسەر بنەمای ئازادی ویەکسانی بەبیّ روانین لە رەگەزوئاین وزمان وبەوپێیە چاکسازیە ئیداریەکان لەرووی دیموکراتیانەوە ئەومانایە دەبەخشن کە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لەرێگای گفتوگۆ وهاوکاری لەگەڵ بەرپرسان لەپرۆسەی بریاردان .

هەڵبژاردن یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرجەستەبوونی دیموکراتیەت و لەرێگایەوە گەل دەتوانیّ ئەوکەسانە بۆ بەریوەبردنی دەسەلأت لە بری

کەسایەتیەکان ، لە سیستەمی شوعیەت دا دیموکراتیەتی جەماوەری کاری لەسەردەکرێت و بەتایبەت لە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران ودەسەلاّتە سۆسیالیستەکانی سەر بە سەربازگەی ئیشتراکی پێشوو ، کەبە بروای رۆژئاوا ئەوشیوە سیستەمە دوورە لە دیموکراتیەتەوە چونکە شیواز وبنەماکانی دورن لە دیموکراتیەتی راستەقینەوە کە تەنها بنەماکانی سیستەمی دەسەلاّت وبریار لە سەرکردایەتی حزبەکانەوە بۆ دەسەلاّتێکی تاك تەنها وخاوەن بریار کە تەنها حزبێك ماڤی خۆهەڵبژاردن وماڤی خاوەنداریەتی وفەرمانرەوایەتی ودەسەلاّتی تاکرەوە.

دیموکراتیەتی راسپێردراوکە لەرێگایەوە بوونی فرە حزبی سیاسی کە تێیدا رێگا بە جەماوەر نادرێت سەرۆکی خۆیی هەڵبژێرێت لە رێگای هەڵبژاردنەوە بەڵکوئەم پرۆسەیە لەرێگای گەورە بەرپرسان وسیاسیەکانی ئەوولاّتانەوە ئەنجام دەدرێت .

چەمکی جیاکردنەوەی دەسەلاّتەکان لە سیستەمی دیموکراتی دا وەك سەرەتایەك خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە لە کۆماری رۆمانیەکانەوە کە لەدەستوردا پەسەندکرا ، لەچوارچێوەی ئەم شێوازەدا ولاّت ودەسەلاّتەکان دابەش دەبن وسەربەخۆیی تەواوی دەسەلاّتەکان لە دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن ودەسەلاّتی یاسا دانەرودەسەلاّتی دادوەری .

دەسەلاّتی یاسا دانەر کەخۆیی لە پەرلەمان دا دەبینێتەوە وکاری دارشتنی یاسا وچاودێری کارەکانی دەسەلاّتە لەوولاّتە . دەسەلاّتی جێ بەجێ کار کە دەکاتە حکومەت کە کاروئەرکی جێ بەجێ کردنی یاساکانی پەرلەمانە ،

دەسەلاّتی دادوەریش جیاکردنەوەی ناکۆکیەکانە لە نێوان خەڵك ودەزگاکانی دەوڵەت.

لیبرالیەتی کۆمەلاّتی ئەوچەمکەیە کە ئازادیەکانی تاك دەپارێزێ وکراوەترە لە دیموکراتیەتی سوسیالیستی لەگەڵ ئەولێکچونە زۆرەی لە سیاسەتی ئابوری دا هەیانە ، لیبرالیەت بەومانایەی کە دیموکراتیەتی دەستور وەك ئەوشێوازەی کە سەدەی بیست ویەك زۆری بەخۆیەوە دی شێوازێکی دیار وبەرچاو بوو بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەلاّت ، لەم روانگەیەوە دەکرێ ئاماژە بەفکری لیبرالیەتی سیاسی بدرێت کە تێیدا کەسایەتیەکان وکەمە نەتەوایەتیەکان ئازادیەکان دەستەبەر دەکەن وتاك گرنگی تایبەتی و دیار و بەرچاوی لەم شێوە سیستەمەدا دەبێت . گەر ئەوشێوە دیموکراتیەتە لیبرالیانە کە لەدەسەلاّتێکی کۆماری دان وەك ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وفەرەنسا وهند ، یان ئەوولاّتانەی پادشایەتی دەستوری وەك بەریتانیا ویابان وئیسپانیا وکەنەدا ، وەك ئەو پادشایەی بەریتانیا تەنها رمزیە و ئەوەی خاوەن بریار وسەروەری هەبێت یاسایە وگەل کە لەریگایانەوە نوێنەرەکانیان کاروباری ولاّت بەڕێوەدەبەن .

وەك ئەوەی پێشتر باسمان لە ئازادیەکانی دیموکراتیەتی لیبرالی کرد لە مافەکانی مرۆۋ بۆ ژیان وسەلامەتی کەسیەتی وئازاد بوونی لە ژێردەستی وزۆڵم وزۆر وئازادیەکانی گواستنەوەی وشوێنی نیشتەجێ بوونی بە ویستی خۆیی و یەکسانیەکان بۆ هەموولەبەرامبەر یاسا وسەروەریەکانی یاسا ومامەڵەی بەبێ جیاوازی لەگەڵ تەواوی هاولاّتیان وئازادیەکانی گفتوگۆ وبیرورا وئازادیەکانی رۆژنامەگەری وراگەیاندن وگەیشتنە هەموو

زانیاریەك وەك سەرچاوە بۆ راپۆرتە رۆژنامەوانیەكان وبوونی ئازادی پەیوەندیەكان بە گروپ وكۆمەڵە ولایەنێكەوە كە ئەم مرۆڤە بروای پێی هەیەتی لەگەڵ ئازادیەكانی خوێندن وئاین وبوونی دادگای سەربەخۆ .
جیاوازیەكان لەنێوان دیموكراتیەت ودیكتاتۆریەت وتاكرەوی ورووكەشی لە سیستەمی دیموكراتیدا دەگەرێتەوە بۆ ئەوئازادیانەی لە وڵاتانی لیبرال دیموكرات دا بوونی هەیە ولەوشێوە سیستەمانەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست كە تەنها دیموكرات نین چونكە ئازادیەكان رەهانین وتائێستا ئازادیە سیاسەكان وبیروڕای جیازاوقبولڵ نیە وخەڵك لە پێناوئەم خاڵەدا زیندانی دەكرێت .

بۆ كۆت كردنی ئەم شێوە دیموكراتیەتە لە زۆر لەووڵاتانەی كە بەناوی یاسای خۆپیشان دان وچاپكردن ویاسایی سوكایەتی كردن بەخەڵك و یاساكانی دژە تیرۆر و یاسا تایبەتیەكانی كە دەیان ساڵە كاریان لەسەر دەكرێت بەناوی پاراستنی ئاسایشی وڵاتەكانیان بەردەوام رێگربون لە پیادەبوونی چەمكی دیموكراتیەت بەشێوەیەكی تەواودروست ، بێگومان بارودۆخەكان وئەوزەمینە سیاسیەی كەتەواوی وڵات ورێكخراوەكان لە دونیا كاری لەسەر دەكەن بەپێچەوانەی ئەوەی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم كاری لەسەر دەكرێت تەنانەت دەوڵەتە رۆژئاوایەكانیش بە ناوی خوپاراستن لە ئیرهاب یان بەواتایەكی تر ئەوهێرشانەی كە لەلایەن گروپ ولایەنە تیرورستیەكان كاری لەسەردەكرێت بۆ زیان گەیاندن بەم وڵاتانە ئەوانیش بەم شێوە یاسایانە لەسەر هەندێك یاسا كاردەكەن لەوانە چاودێری ئەوكۆمەڵ وگروپ و ئەوكەسانەی كە گومانیان لەسەرە وتوند كردنی پرۆسەی ئەمنیەتی وڵات ودروست كردنی ئاستەنگ لەبەردەم زۆر

لەو راگەیاندنە ئاسمانیەکان وتۆری ئینتەرنێت لە زۆر لەو ولآتانە بەمەبەستی خۆپاراستن لە هێرش ودەست خستەنەناو ئەوخراپەکاریانەی کە دەکرێن وتەنانەت لای ئەوروپیەکانیش لیستێکی قەدەغەکراوی رێکخراوپارت بونی هەیە کە بەبروای زۆرلەوانەی دژ بەم قەدەغەکردنەن ئەمە دژ بەمافەکانی مرۆڤ ویاساکانی ئازادی بیرورایە ، پاساوبۆ هێشتنەوەی ئەم شێوە یاسایانە مانەوەی دیموکراتیەتە چونکە رێگەدان بائازادی گفتوگۆ ولێدوان بۆ ئەوانەی کە قسەلەسەر ئەوەدەکەن وبریاردەدەن کە خەڵکی بیَ تاوان بکوژریَ ئەوە ریگابەخۆدانە بۆ کۆتایی هێنان بەژیانی خەڵکی دی وپێشێل کردنی ماف ژیانی خەڵکە وئەگەر ئەم یاسایە بەسەر هەمووکەسێکدا نەسەپێنرا وتەنها چەند کەسانێکی گرتەوە ئەوە دەکریَ بڵێن ئەم ولآتانە هێشتا لیبرال دیموکراتن چونکە ئەم هەنگاوانە بۆ سەلامەتی هاولآتیانە ، بەلآم لەوولآتانەی دی ئەم شێوە یاسایانە بەبیَ جیاوازی بەسەر هەموولایەکدا دەسەپێنرێت وجیاوازی تێداناکرێت ودەبێتە هۆکارێك بۆ قۆرخ کردنەوەی تەواوی دیموکراتیەتەکان ونەهێڵانی ئازادیەکانی مرۆڤە .

هاوکاریەکانی رۆژئاوا بۆ بەرقەراربوونی دیموکراتیەت وابەستەیە بە بەردەوام بوونی سیاسەتی ئابوری بازار ، چونکە ئەوروپیەکان پێیان وایە دیموکراتیەت وسیاسەتی ئابوری بازار وابەستەن پێکەوە وناکریَ لێك جیاکرێنەوە ، هەندێکیش پییان وایە کە سەرمایەداری وسیاسەتی ئابوری بازار پێش دیموکراتیەت سەرهەڵدەدات وەك ئەوەی کە سینیەکان دەبینین کە سیستەمێکی دیموکراتی لیبرالی نیە بەلآم بازاری دەستی بەسەر بازارەکانی جیهاندا گرتووە ، بەم پێیە زۆر پێیان وایە کە مەرج نیە لەرێگای

بازارو سیاسەتی سەرمایەداریەوە سەرچاوەیەك بن بۆ دروست بوونی سیستەمی دیموکراتی لیبرال چونکە کاریکەریە مێژویەکە و روداو گۆرانکاریەکان لە جیهاندا ئەمە دەسەلمێنن وچۆن مارکسی وئیشتراکیەکان پێیان وایە کە سەرمایەداری لە باشترین کاتەکانی دا پەیوەندی بەدیموکراتیەتەوە نیە .

لیبرالیەتی کۆمەلأیەتی ، لیبرالیەتی ئیشتراکی ولیبرالیەتی راست رەو ولیبرالیەتی دادپەوەری کۆمەلأیەتی ولیبرالیەتی نویٚ وسەردەمیانە ولیبرالیەتی چاکسازی بۆدەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی وژیانێکی باش بۆ هاوولأتیان وجیاوازی لە نێوان لیبرالیەتەکاندا بەتایبەت لیبرالیەتی کۆمەلأیەتی ولیبرالیەتی کۆن ئەوەیە کە لیبرالیەتی کۆمەلأیەتی وسەردەمیانەی ئەمرۆ کارلەسەر تەواوی ئازادیەکانی مرۆۋ دەکات بەوەی کە بەرپرسە لە دەستەبەرکردنی هەلی کار وچاودێریە تەندروستیەکان لەرێگای ئەوسیستەمە دروستەی لایەنی تەندروستیەوە بۆ پاراستنی گیانی هاوولأتیان ودواتر بواری خوێندن وئەوسیستەمە پێشکەوتووە کە دەرگای والأبیٚ بۆ زانست وزانیاری وپەروەردەوخوێندن لەگەلٚ مافە مەدەنیاکانی هاوولأتی لەم ولأتەدا، خواستەکانی لیبرالیەتی کۆمەلأیەتی لە رێزگرتن لە ئازادیەکانی تاك وئازادیەکانی کارکردن وچاودێری پرۆسەی کار لەبازاردا.

هەمووئەولیبرالیەتانەی کۆمەلأیەتی دەکەوێتە نیوان لیبرالیەتی کۆن وئیشتراکیەوە بەوپێیەی ئەوبروای بەسەرمایەداری تەواونیە ودەولەت بۆیی نیە دەست بخاتە نێومولکیەتی تایبەتیەوە . گەر سەرنجێك بەوشێوە دیموکراتیەتەی ولأتانی عەرەبیدا بدەین بەوپێیەی کە ئەمان کاریگەری

تەواویان لەسەر ئێمەی کورد هەیە و بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان بەوپییەی سنورەکانی کورد وپەیوەندیە مێژوویەکان لەگەڵ ولأتانی ئەم ناوچەیە ودواتر بەشێوەیەکی بەرفراوان هەمووولأتانی ناوچەکە دەکرێ لێکچوون لە سیستەمەکانیاندا هەبێت ... سەرای ئەوگۆرانکاریانەی لە زۆربەی ولأتانی عەرەبی دا رویان داوە کە عێراق یەکێك بوولەوانە لەدوای دیکتاتۆریەت بەرەوسیستەمێکی سیاسی دیموکراتی تادەگاتە تونس ومیسروتەواوی ئەونارەزایی وراپەرینە جەماوەریانەی ولأتەکانی دی ئەوپرسیارە دروست دەکات دیموکراتیەت لەم ناوچەیە بەرەوکوێ دەروات وتاچەند خۆیی دەچەسپێنێ ؟

دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان لەم ولأتانە لەسەردەمی دەسەلأتە تاکرەویەکاندا کەبەناودیموکراتیەت وهەڵبژادن بوونی هەبوودەگەیشتە 99.9 ٪ بۆ تاکە کەسێك وتاکە پارتێکی سیاسی ، گەر رێگاش بەچەند پارتێك بدرێت بەلأم دەرەنجام ئەوان سەرکەوتوودەمێننەوە ودەسەلأت لە بیست وسی ساڵ زیاتر لە ژێردەستی خۆیاندا دەبێت .. لێرەدا گرنگە ئەوە وەبیربخەمەوە کە بەردەوام بۆ جوان بوونی دیموکراتیەت وشەرعیەتی گۆرینی دەسەلأت وئاڵوگۆر پێویستە چونکە مانەوە بۆ کاتێکی درێژخایەن لەدەست لایەنێك ئەوە سیستەمی سیاسی بەرەودیکتاتۆریەت دەبات ئەگەر هاتنە سەر دەسەلأتیش لەرێگای هەڵبژاردنەوە بێت .

کاتێك لە گرتنی رۆژنامە نووسان بروانین ولەویاسایانەی کە دیموکراتیەتی لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا قۆرخ کردووە بۆ بەرژەوەندی دەسەلأت ، گەر بپرسین ئایا پرۆسەی دیموکراتیەت لەم ولأتانەدا بەئەنجام دەگات

ودەکریٚ پەیرەوی بکریٚت ؟ ئەی ئیٚمە پیٚویستمان بەکەسە دیموکراتیەتمان فیٚربکات وئەوشیٚوە دروستەمان بۆ دەست نیشان بکات کە لەگەڵ بارودۆخ وماهیەتی ئەم کۆمەلگایەدا دەگونجیٚ ؟ دەبیٚ کیٚ بەرپرس بیٚت لە جیٚ گیرنەبوونی دیموکراتیەت . دەسەلاٚت یان خەڵك ؟ ئایا خەڵك بەخۆیان نابنە هۆیی دروست کردنی دیکتاتۆریەت ودواتر لیٚی هەڵدەگەریٚنەوە ؟ وەك ئەوەی لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئەوانەی ئیٚستا بەدیکتاتۆر ناودەبریٚن سەردەمانیٚك شۆرشگیٚروسەکردەی نەتەوەیی بوون ولەریٚگای ئەو شۆرشانەوە هاتوونەتە دەسەلاٚت .

یەکیٚك لەوململانیٚ وکیٚبرکیٚیەی کە ئەمرۆ لە گۆرەپانی سیاسی جیهانی دا کاریگەری لەسەر شیٚوەی دەسەلاٚت وتەنانەت بارودۆخەکان و هەنگاونان بەرەوگۆران و کیٚشەکان لە جیهانی ئیسلامی ورۆژئاوا و روانین لەچەمکی دیموکراتیەت وقبولٚ نەکردنی ئەوشیٚوە دیموکراتیەتە لەروانگەی ئاینی ئیسلامەوە ولەزۆربەی ئەوولاٚتانەدا دەسەلاٚت وپەیرەوی یاساکان لەسەرچاوەی ئاینیەوەن ، بۆ ئەم مەبەستە زۆر لە پارت ولایەنە سیاسیانە لە ریٚگای بۆچونە ئاینەکانەوە وپەیرەوی لە سەر بنەمای ئیسلام کاردەکەن وتارادەیەك لە ولاٚتانی عەرەبی وەك نمونەی جەزائیر وفەلەستین وعیٚراق وتەنانەت تورکیا وئەوە ئیٚران وەك نمونەیەکی میٚژووی ودواتر ولاٚتانی کەنداوی عەرەبی لەبەرچاون ولەم ولاٚتانەدا دیموکراتیەت بەوشیٚوازەیە کە بەویستی دەسەلاٚتەکان خۆیانە وتەنها لە کۆمەڵگای کوردەواری جیاوازی هەیە ولایەنە ئیسلامیەکان لەوئاستەدانین بەلاٚم گەر حالٚ بەم شیٚوازە هەنگاوبنیٚ ئەوانیش بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوورەنگە پیٚگەی خۆیان لەوەی ئەمرۆ هەیانە بەهیٚزتری بکەن ، تەنها هۆکاریٚکیش بۆ

هێواشکردنەوەی هەوڵەکانیان پرسی نەتەوەیی کوردە کە هێشتا لەئاستەنگ دایەوبە ئەنجام نەگەیشتووە ولەوکاتەی کە کورد لە ژێردەستی رزگاری دەبێت وترس لەسەر پرسی نەتەوەیی نامێنێت رەنگە ئاراستەکان وپارسەنگی دەسەڵات بگۆردرێت وپێگەی سیاسی لایەنە ئیسلامیەکان بگۆردێت بەرەوباشتربوون وزیادبوونی دەنگەکانیان ، ئەمە پرسێکە بەدڵنیاییەوە سیاسیەکان وچاودێرە سیاسیەکان لەگەڵیدانین وبروایان پێی نیە چونکە لایەنانە علمانیەکان ئەمرۆ خۆیان لە لوتکەی هێزودەسەلآت دا دەبینەوە وبێخەمن لە ئایندەیی .

ترسی زۆربەی کەسایەتیە ئاینیەکان لە دیموکراتیەتی رۆژئاوا بەوبیانووەی کەلەگەڵ داب نەریت وئەخلاقی موسوڵمانان ناگونجێت وئەوسیستەمە دەبێتە هۆیی تێکدانی ئەوسیستەمە ئیسلامیە ودەبیتە ئاستەنگ بۆ کۆمەڵگاکان ، لەگەڵ ئەوەی کە تێروانینی رۆژئاوا لە دونیای ئیسلام هەمان تێروانینی هەیە .

هەمیشە بۆ دروستکردنی ئەوسیستەمە دیموکراتیەی لەم وڵآتانەدا کاری بۆدەکرێت بەردەوام رۆژئاوا دەستی هەبووە لە دروست کردنی وهەیشە هاوکاربووە بۆ دامەزراندنی ئەوشیوە دیموکراتیەتە چونکە بەئەنجام گەیاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراتیەت لە روانگەی کاری راستەوخۆوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە باسی لیوەدەکرێت ولەسەر لاپەرەکان بوونی هەیە بۆ هەمان مەبەست بەردەوام ئەوپرۆسانە بەبێ هاوکاری رۆژئاوا وولآتانی دیموکرات خواز بەئەنجام ناگات وئاستەنگی بۆ دێتە پێش .

ئەندەنوسیا تەنها ولاّتی ئیسلامیە وەك نمونەیەكی دیار لەوشێوە دیموكراتیەتە سیاسیەی كە جێگای باس بێت ولەوئاستەدا بێت كە دوای سەربەخۆیی لەساڵی 1945 دا بریاری ئەوەی دا كە سیستەمی بەكاتە ولاّتێكی ئیسلامی بەڵكو وولاّتێكی نەتەوەیی دیموكراتی وتێیدا ئیسلامی توند رەوسەری هەڵنەدا .

ئەوەی ئەمرۆ ئاشكرایەوهەموولایەك بە دونیای ئیسلام ورۆژئاواوە پێی گەیشتوون كە هەردوولا پێویستیان پێیەتی دەبێ گرنگی پێ بدەن ئەوەیە كە درێژە بەپاراستنی ئاشتی بدرێت وتێگەیشتنەكان بەرامبەربە یەكتر ودەبێ رۆژئاوا ئەورێگایە بداتە ئەم جیهانە ئیسلامیە بۆ گەیشتنە ئەوئامانجە دیموكراتیەتەی كە كۆمەڵگاكانی پێویستی پێیەتی وكورد لەم نێوەندەدا دەبێ خۆیی بدۆزێتەوە چونكە تائێستا كورد لەم روانگەیەوە دەیەوێ لە هەردوولایەنەوە روولەدیموكراتیەت بكات بەوپێیەی كە كۆمەڵگای كوردی زۆربەی ئیسلامە ولەولاشەوە دەیەوێ هەمان ئاراستەی رۆژئاوایی لەزۆربەی لایەنەكاندا دووبارەبكاتەوە ، بەلاّم نەك لەو دیموكراتیەتە لیبرالیەی رۆژئاوادا چونكە هێشتا ئەم كۆمەڵگایانەی ئێمە زۆریان ماوە بەوئاستە بگەن كە جێگایان لەوشێوە سیستەمانەدا بێتەوە وبتوانن مامەڵەی پێویستی لەگەڵ دابكەن .

# جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت

ئەمڕۆ ئەوەی بەدی دەکرێت لەرێگای ئاینەوە پەیامی سیاسی وبیرورا سیاسیەکانیان بلأودەکرێنەوە وئاین دەکەنە پردێك بۆ پەرینەوەیان بۆ بەدەست هێنانی چەندین دەستکەوت ، ئەگەر تایبەتی بن یا پەیوەندی بەوکۆمەڵەوە هەبێت لەهاوبیرانیان ...

کەس نکولی لەوەناکات کە ئاینی ئیسلام ئەمرۆ یەکێکە لەوئاینە ئاسمانیەی کە پەیامە ئاینەکانی دی پیٚ کۆتایی هاتوون ولەم روانگەیەوە ئیسلام لەسەردەمی خۆیی وبەپێی قۆناغەکانی کاریگەری تەواوی هەبووە وکۆمەڵگای کوردیش یەکێك بووە لەوکۆمەڵگایانەی کە زۆر کاریگەری لەسەری هەبووە زۆربەی کەسایەتی کورد پەیرەوی ئەم ئاینەیان کردوە .. بوونی ئیسلام وخۆسەپاندنی لەمەیدانی سیاسی ودەسەلأت وکاروباری ئیداری وولأت وبەرێوەبردن وخۆهاویشتنە نێودەستور ویاساوبەرنامە ئایندەییەکانی کۆمەڵگا .. جموجولٚ وچالاکی دیاروبەرچاوی ئەوان بەدیاردەخات , رەنگە لێرەدا خۆناساندن وخۆبەدیار خستنی ئاینی ئیسلام لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا بەوشێوە پێویست نیە چونکە کۆمەڵگا بەخۆیی موسوڵمانە وبروایی بەئاین وپەیامەکەیی هەیە , بەلأم ئەوجیاوازیەی نێوان ئاینی ئیسلام وئاینەکانی دی ئەوەیە کە ئەوان لەوەدا جیاوازن کە تەشریعاتیان نیە وەك ئیسلام ولەهەمان کات دا ئەوکۆمەڵگایەی رۆژئاوا کە

کۆمەڵگایەکە لەسەر ئاستی رۆشنبیری وتێگەیشتن ویاسا ومافەکانی مرۆڤ وپەروەردەبوون وکۆمەڵگاکانی ئێمەش لەسەر بنەمای نەخوێندەواری وبیّ یاسایی وپێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ وڕێزنەگرتن لەبیروراوبۆچوون وهەمیشە پەیرەویکرنی یاسایی شەر وتوندوتیژی و تۆڵە سەندنەوە و رقەبەرایەتی ودوژمنایەتی وپێش بینی نەکردنی ئایندە و پەروەردەبوون بەپێی پلان وبەرنامە ...

بیّ گومان ئیسلامیەکانیش ماڤ خۆیانە کاربکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی ئیسلامی لەووڵات پیادەبکەن وماڤ خۆشیانە کاری سیاسی بکەن ، لەروانگەی مەرجەعیەتەکانی خۆیانەوە چونکە سیاسەتیش بەشێکە لەروانگەی ئاینەوە بۆ چاکسازی ونزیك بوونەوەی مرۆڤ لە چاکە ودوورکەوتنەوەی لەفەسادوخراپەکاری ، کەواتە لەروانگەی ئیسلامەوە سیاسەت وابەستەیە بە ئیسلامی سیاسیەوە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا وئەوهەڵانەی کە لەخودی ئەوانەی لەم پەیرەوە دەیانەوێت دەست بەسەردەسەڵاتدا بگرن ولەورێگایەوە ئیدارەی خۆیان بسەپێنن ئەویش بەتوندوتیژی وقبولّ نەکردنی رای بەرامبەر وکەس بەراست نەزانین ودژایەتی کردنی راستەوخۆ وخۆبەراست ودروست زانین وپێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ کەدەرگایەکن بۆ گفتووگۆولێدوانی بەردەوام لەسەریان .. بوونی راستیەکان لەدونیای ئەمرۆدا ئەوە دەسەلمێنیّ کە بوونی ئیرهاب وتیرۆر لەژێرپەردەی ئیسلام وئاینیدا وبەوشێوەیە لەهەموودونیادا گرفتی گەورەیی دروست کردووە وبۆتە کارێکی ترسناك ولەرادەبەدەر کە ئارامی وژیانی خەڵکیان شێواندووە ورای گشتی جیهانی بەیەك دەنگ دژی دەوەستێتەوە ویەکگرتن وهاوپەیمانیەتی لەبەرزترین ئاست دا بۆ دروست کراوە وشەری ووڵاتانی لەپێناودا ئەنجام دەدرێت وکوشتاروئاوارەبوون وسەرگەردانی رۆژانە لەعێراق ولەناوچەکەدا بوونی هەیە وهەمووشیان لەم پێناوەدان وئەوووڵاتانەن کە ئاین وسیاسەت وبەرێوەبردنی کاروباری

دەوڵەت پێکەوە دەبەستن وئەمەش یەکەمین هۆکارە بۆ دروست بوونی ئەم گێژاوە سیاسی وئەمنیەی کە هەرەشە لەناوچەکە وعێراق وکۆمەڵگای کوردەواری بەشێوەیەکی گشتی دەکات وئایندەیەکی ترسناکیش بەدی دەکرێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت .

لەهەمان کات دا ئەوخاڵەگرنگانەش لەبیرنەکەین کە ئەودووبەرەکیە بەرچاوەی نێوئاینی ئیسلام , کە بەشێوەیەك لەکوشتاروشەرەکان بەوناوەوە دەکرێت ولەوپێناوەشدان وئەوناتەبایی وشەرانە دەگەرێنەوە بۆ مێژوویەکی دوورودرێژ وهەموومان لێیان بەئاگاین وشاراوەنین , ئەمرۆ لەگۆرەپانی عێراق دا ئەوتۆڵەسەندنەوەی چەندین ساڵە ئەمرۆ دەکرێتەوە وخەڵکی بێ تاوان باجەکەی دەدات .

کەواتە دووبەرەکی لەدینی ئیسلام وتێکەڵ بوونی ئاین وسیاسەت وکاری سیاسی بەناوی ئیسلامەوە ئەوهۆکارە گرنگانەن کە ئەم گێژاوەی ئەمرۆیان بۆ دروست کردووین وپێویستە بە ووشیاری وبەووردی وژیرانە رەفتاری لەتەکدا بکرێت وهەمیشەش ئایندەوپێشهاتەکانی لەبەر چاوبگیرێن وبوێرانە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت .دروست بوونی ئەوکۆمەڵ وحزبە ئیسلامیانەی کە بەناوی ئاینەوە ولەژێر پەردەیی قورئان وپەیرەوی ئاینی وبەپێچەوانەی گروپەکانی تری دینەوە کە ئەوانیش بەهەمان شێوەوبەناوی ئیسلامەوە بەهەمان بەرنامەوپەیرەو, بەلاَم جیاواز لەیەکتر ودژبەیەکتر وهەمووشیان بۆ یەك مەبەست ئەویش پەیرەوی یاساکانی ئیسلامە لەرێگای دەوڵەتێکی ئیسلامیەوە .

ژیان ودوونیای ئیسلام وکۆمەڵگاکانی وئەوجیاوازیە بەرچاوانەی کە بوونیان هەیە وهەمووەدیان بینین وبەنمونەی زیندووەوە بەپێش چاومانەوەن وهەستیان پێ دەکەین وهەندێ جار ترس ونەوێران بەخۆدانە قەرەی بابەتێکی لەوشێوەیە چونکە تائێستاش ئەم کۆمەڵگایە ماویەتی بەوشێوە دروستیە لەووروژاندنی ئەم شێوە بابەتانە بکات , چونکە

بەردەوام ئەونوسەرانەی خۆیان لەوشێوە بابەتانە دەدەن خێرا لەلایەن پیاوانی ئاینی ولایەنە سیاسە ئیسلامی وتادەگاتە دەسەلآتە بالأدەستەکانی حکومەتەوە سەرزنشت دەکرێت وروبەرووی یاساوسزادەبێتەوە ، ئەمە بیّ لەفکروراوبۆچوونە بەپێزەکانی ئەونووسەرورۆشنبیرانەی کە هەمیشە وبەبیّ ماندووبوون لەسەلماندنی ئەوراستیانەدا کاردەکەن وئەم کاروهەولأنەش بەدژایەتی کردنی ئیسلام ناژمێردرێن چونکە بەدورخستنەوەی ئیسلام لە سیاسەت خزمەتکردنە بەخودی ئاینی ئیسلام وپاراستنیەتی لەهەمووشێوانێك وهێلأنەوەیەتی بەوشێوە پاکیەی خۆیی وەك ئاینێك .

جیاکردنەوەی ئاین لەسیاسەت وبەرێوەبردنی وولآت ئەمرۆ بابەتێکی زیندووە وهەمیشە باسی لێوەکراوە وئەمرۆ لەدونیادا جموجولّی بەرچاوی هەیە وبەپیّ ی فکری سیاسی جیهانی لە فەلەك وشارستانیەتی رۆژئاوایی وادەبینریّ کە جیاکردنەوەی ئاین لەدەولّەت وسیاسەت زەروریەتێکی مێژوویە وئەم کارە بەپێی بارودۆخە مێژوویەکان کە تایبەتە بەشارستانی رۆژئاواوە هاتووەتە کایەوە بۆیە وادەبینریّ بۆ بنەما سەرەکی وبنەرەتیەکانی هەردەولّەتێك دەگەرێتەوە ..

بەوشێوەی کە ئەگەر وولآتێك دانیشتوانی هەموویان سەربە یەك ئاین نەبوون وچەندین ئاین لەووولآتەدا هەبوو, وولآتیش پەیرەوی لەسەریەکێك لەوئاینانەی کرد ئەوە ماڤ ئەوانی تری پێشل کردوە ودژبەیاساکانی ماڤ مرۆڤە چونکە لەم روانگەیەوە ئەوە بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێت کە ئاینێك پەیرەوی بکەن کە بەویستی ئەوان نیە , لەپەیرەوی کردنی ئاینەکانی خۆیان تووشی گرفتیان دەکات ورێگایان لیّ دەگرێت کە زۆر لەودەسەلآتە سیاسیە گەورانە بگرنە دەست وەك سەرۆکی وولآت یان حکومەت وپەرلەمان , یان ئەوانە دەبنە هۆی دروست بوونی کێشە وململانیّ ی ناشەرعی وووولآت بەرەوهەلّدێرونەهامەتی وشەروئاژاوەدەبرێت , بۆیە

گرنگە دەوڵەت پێشکەوتووپێشکەوتن خوازبێت وهاوتەریب لەگەڵ فکروبۆچوونەکانی مرۆڤایەتی ودۆزینەوە زانستیەکاندا بگونجێت ودەسەلأت هەڵقولأوی جەماوەربێت وئەودەسەلأتەی کە تەنها پشت بەچینێك دەبەستێت دەرەنجام شکست دەهێنێ . بۆیە گرنگە بۆسەرکەوتنی دەسەلأت وباشتر بەرێوەچوونی کاروبارەکانی خۆیی بەنوێنەری هەمووگەل بزانێت وئەوەش بەکردەوە ئەونوێنەرە راستەقینەبێت وهەڵقلأوی ئەوجەماوەرە بێت وئەودەوڵەتە بەبێ جیاوازی لەچین وکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی بەڵکوبۆ هەمووجەماوەربێت , چونکە پەیرەوکردنی یاساکانی ماڤ مرۆڤ کە ئەوە دەخەنە پێش چاووکە دانیشتوویی ئەووولأتە هاوبەشن لە کاروئەرکەکان ویاساوکەرامەت وجێگای کۆمەلأیەتی دا بەبێ جیاوازی ...

ئەوبنەما بنەرەتیانەی کە دەبێ دەوڵەتێکی نوێخوازوپێشکەوتووی لەسەر دابمەزرێت وئاینیش بەپێ ی بروایی علمانیەکان ئەورێگایەنادات ولەم چەند خالأنەی خوارەوەدا دەیبین نەوە :

1. ئاین بیروڕایی نەگۆرە وگەشە وپێشکەوتن وگۆرانکاری پێوە دیارنیە ودەوڵەتیش هەمیشە پێویستی بەگۆرانکاری هەیە ودەبێ لەگەڵ سەردەم وگۆرانکاریەکان وپێشکەوتنی زانستی وپەروەردەیی بروات .

2. ئاین وئەوانەی پێشرەوایەتی ئاینەکان دەکەن وپیاوی ئاینین وئەوان تەنها بەخۆیان وبەپێی یاسا ئاینیەکان یاساکانی دەوڵەت دادەرێژن وبیروراکانی خۆیان دەسەپێنن بەشێوەیەك کە لەدەرگای بەهەشت وئاگر بەدەست ئەوانەوە دەبێ وئەوجەماوەرەش لەپەیرەوی کردن وبیروڕابوونی بەوئاینەوە دەبێ یاساکانی دەوڵەت پەیرەوی بکات وئەوان هەمیشە لەجێگای گەورەیی وباشترین دان بەپێی جەماوەرەکەیان .. ئەمەش لەگەڵ بیروراوبۆچوونی دەسەلأتی جەماوەر ناگونجێت ..

3.ئاین هەمیشە جێگاوپایەی بەرز لەپێشی بۆ ئەوانەیە کە دواکەوتووی خۆیین وپەیرەوی لیّ دەکەن وهەمیشەش لەخزمەتی ئەوان دان وبەخراپ سەیرکردنی ئەوانەی دی کە شوێن کەوتووی خۆیان نین یان بەپێی مەرجە ئاینیەکان رەفتارناکەن .

ئەمانە ئەوچەند خاڵەبوون کە بەچاوی کەسایەتی علمانیەت دەیان بینیّ ولەم بروایەوە دەیەویّ ئاین لە دەسەلآت جیابکاتەوە . علمانیەت وژیان وبەرێوەبردنی دەوڵەت وجیاکردنەوەی ئاین لەسیاسەت نەك تەنها کۆمەڵگای ئێمەی پێوە سەرقاڵ بووە بەڵکوئەمە لەدێرزەمانەوە بابەتێکە باسی لێوە دەکرێت وکاری بۆکراوە ...

ووشەی ( Secularism ) سیکولاریزم بەواتا دابرانی ئاین وبیروباوەرە ئاینیەکان لە کاروباری ژیان ئەمەش لەروی فەلسەفیەوە بە شێوەیەك لێك دەدرێتەوە کە بەردەوام بوونی ژیان بەجۆرێك رێك وپێك کە دەتوانریّ سود لەخۆشیەکانی وەربگیریّ بەشێوەیەکی ئیجابی بەوشێوەیەکە چۆن ئەوبیروباوەرانەی کە دێنە ئاراوە دەربارەی دونیا وراستیە ئاسمانیەکان وژیان ومرۆڤ کە لەروانگەیەکی مادی تەواوەوە سەیردەکرێت بۆ دۆزینەوەی تەفسیر لەدروست بوونی دونیا ومرۆڤ وژیان .. کە لەسەر ئاستی سیاسی علمانیەت دا داوایی ئازادی بیروڕا وسەربەستی دەکات بۆ سەرەجەم ئاینەکان , لەگەڵ دەست وەرنەدانە نێوکاروباری دەوڵەت وسیاسەتەوە .. ئەویش بەجیاکردنەوەی دەوڵەت لەهەموبیرورایەکی ئاینی یان غەیبی(شاراوەکان).

Secular بۆ یەکەم جار لە مۆرکردنی ئەورێککەوتنەی کە دوای کۆتایی هاتنی شەرە ئاینیەکان هات لەساڵی 1648 م کە ئەوروپای گرتبووەوە , سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ونویّ کە دەوڵەتی علمانی لیّ دروست بوو. علمانیەت وژیان وتێروانینەکانی بۆ بەرێوەبردنی ئیدارەی

وولاّت ودروست بوونی دەسەلاّت کە یاسا مرۆییەکان لەپێش چاوودەگیرن وکارەیان پێ دەکرێت بەپێچەوانەی ئەوووڵاّتانەی کە بەشەریعەتی ئاینی کاروباری یاساکان ودەسەلاّت ووولاّت بەرێوەدەبەن .. بۆ ئەمەش وولاّتێکی وەك ئەمریکا لەقوتابخانە گشتیەکاندا وانە ئاینیەکان ناخوێندرێن بەوشێوەی کە لەگەڵ دەستوری ئەمریکای عیلمانی ناگونجێت کە بنەمایی سەرەکی تێدا جیاکردنەوەی ئاینە لەدەسەلاّت وکاروباری وولاّت بەرێوەبردن بەهمان شێوەش وولاّتانی ئەوروپی وئەوانەی بروایان بەعلمانیەت وجیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت هەیە ودواتر لەسەدەکانی ناوەراست دا دوایی ئەوەی کەنیسەکان زەمەنێکی دوورودرێژ فەرمانرەوایەتیان دەکرد ودەرەنجام تووشی شکست هاتن وئەوکێشە وشەرەناخۆییانە بوونە هۆیەك بۆ شکست خواردنیان بەشێوەیەك کە بروایان وابووکەنیسەکان رێگا لە پێشکەوتن بەشێوەیەکی زانستیانە دەگرن , بەهەمان شێوەش ئەوەی لەئاینی ئیسلام بینراوە ودوای ئەوان دەوڵەتە ئیسلامیەکان بوونە دوڵەتی مەلەکی ( پاشایەتی ) یان ( میرنشین ) وبوونەتە هێزێك بۆ دژایەتی کردنی ئاینەکانی دی ودروست بوونی دووبەرەکی نێوئیسلام کە گرفتەکان رۆژ لە دوای رۆژ بەرەوقووڵ بونەوە دەچوون تاگەیشتە دەوڵەتی عوسمانی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی وروخانی لەبەردەم فکری عیلمانیەتی ئەتاتورك ..

لەهەمان کات دا ئەگەر ئێمە چاوێك بەودەوڵەت ویاسایانەدا بخشێنین کە ئاین کاروباری وولاّت بەرێوەدەبات وئەوووڵاّتانەی کە دەستورویاسا وئیدارە وسیاسەت بەبێ ئاین کاری لەسەر دەکرێت بەراوردێکیان بکەن زۆر جیاوازی بەدی دەکرێت . یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی دەسەلاّتی سیاسی ئەڵمانیا جیاکردنەوەی ئاینە لەسیاسەت ودەوڵەت , لەگەڵ ئەوەی کە جیاکراونەتەوە بەلاّم کەنیسەکان رۆڵی دیاروبەرچاووی خۆیان هەیە لەدارشتن ومامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەت ودەوڵەت کە کاریگەری تەواوی

هەیە لەسەر ئەوپارتانەی کە لەمەیدانی سیاسی دا کاران وخاوەن بریارن ، گۆرانکاری وپێشکەوتنە سیاسی وکۆمەلاَیەتیەکان هۆکارێکن بۆ دەست نیشان کردن وهاوکاری وپەیوەندیەکانی نێوان ئاین ودەوڵەتەوە لەدونیای ئەمرۆماندا بەدیار دەخات .. ئەمەش بەدەرنجامی ئەوە دەگات کە ووردە ووردە وبەپێ ی قۆناغەکانی زۆربەی زۆری دەوڵەتە ئەوروپیەکان سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمایی رێزگرتن لەیاساکانی ماڤ مرۆڤ وئازادی ویەکسانی ودیموکراتیەت ورێزگرتن دروست کردووە .. بەپێچەوانەی فکروبۆچونەکانی دەسەلاَتی کەنیسەکان کەهەمیشە ویستوویانە تاك لایەن وداسەپاندنی بیروراکانی خۆیان بەسەر جەماوەردا بسەپێنن وبەخۆیان خاوەن بریاری تاك رەوبن .

یەکێك لەووولاَتانەی کە توانیویەتی بەشێوەیەکی یەك جارەکی ئاین لەدەسەلاَت ودەوڵەت دابریێت ئەویش فەرەنسایە ، بەلاَم هەندێ لە وولاَتانی دی دەبینین بەشێوەیەکی نەرمتر مامەڵە دەکەن وبەنەرمیەوە دەیانەوێ ئەم لێك دابرانە دروست بکەن وئاین لە چاکسازیە سیاسیەکانی دابرن . ئەڵمانیا بەوشێوەیە کە دەستورەکەی رێکخەرێکە بۆ جیاکردنەوەی ئاین لەسیاسەت وهەریەك لەکاروئەرکی خۆیی بۆ دەست نیشان کراوە وبەوشێوە یەکانبریە نیەوماوەی گفتوگۆ ولێدوانی تێدا ماوەتەوە ئەویش لەسەر ئاستی کۆمەلاَیەتی وئەخلاقی کە هەمیشە کەنیسەکان لایەنێك بوون لەم بوارانەدا .

ئەڵمانیا لەگەڵ ئەوەی وولاَتێکی دیموکراتی وسیاسەتی دژە فاشیەت ولایەنگری ئازادی رادەربرین ویاساکانی ماڤ مرۆڤ وهەمووپێشکەوتنێکە ، لەگەڵ ئەوەشدا بروای بەوە هەیە کە کەنیسەکان وەك مەرجەعێکی ئاینی وەربگیرێن بەلاَم بەمەرجێك راستەوخۆ دەست لەکاروباری سیاسی دەوڵەت نەدەن وبەم شێوەیە کۆمەڵە ئاینی وکەنیسەکانی ئەڵمانیا وەك رێکخراوەکانی مەدەنی رۆڵی دیاروبەرچاوی خۆیان هەیە وکاریگەری

دەکەنە سەر سیاسەتی وولآت .. واتە ووروژاندنی رای گشتی ئەڵمانیا لەرێگای کۆمەڵگە مەدەنیەکانەوە کە لایەنی ئاینی بەشێکە تێیدا دەتوانرێ ئەوانیش خاوەن بریاروبۆچوون بن .. کاریگەری خۆشیان لەسەر دارشتنی سیاسەتی وولآت هەبێت

کەنیسەکانی ئەڵمانیا وەك دەسەلآتی ئاینی هەمیشە لەسەر ئەوبابەتانە کاریان کردووە کە دژ بەیاساکانی ئاینن ودوای ئەوەی کە کەنیسەی کاسۆلیکی هەوڵەکانی خۆیی راگرت سەبارەت بەرۆڵی ئافرەت لەکۆمەڵگادا بەلآم هێشتا بەردەوامن لەبارچوونی منداڵ وهاورەگەزی جنسی .. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سەرپەرشتی راستەوخۆیی زۆر لەبەشە گرنگەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەکەن لەوانە ( نەخۆشخانەکان وباخچەی ساوایان) ولەگەڵ ئەوەی کە کۆکردنەوەی ( زەریبە ) لەوانەی بەخۆیان دەیبەخشنە کەنیسەکانی ( کاسۆلیکی وبروتسانتی ) . کەنیسەکان دەرگایەکی والآوباشن بۆکارکردن چونکە دەست بەسەر زۆر خزمەتگوزاریە کۆمەلآیەتیەکاندا دەگرن ولەم رێگایەوە دەتوانن خزمەت بکەن .

فەرەنسا یەکێکە لەووولآتانەی بەراشکاوی ئاینی لە دەسەلآت ودەوڵەت جیاکردۆتەوە ولەساڵی 1905 وە ئەم دەستوورەی چەند گێرمەوکێشەی رۆشنبیری بەکۆتاهێنا . مێژوونوسی ئەڵمانی ( میشائیل باسە ) کە تاوانبارە لەسەر بابەتە ئاینیەکان دەڵێت ( هەوڵەکانی ئەڵمانیا بۆ رزگارکردنی دەوڵەت لەکەنیسە دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سەدەیی 19 ) . لایەنگران ودەسەلآتی کەنیسەیی ئەوکاتی (( کاسۆلیکی وبرۆتستانتی )) بەتوندی بەرپەرچی ئەوهەولآنەیان دایەوە کە دەیان ویست ئاین لە دەوڵەت لێك جیابکەنەوە وبەتایبەت بیرۆکەی لابردنی وانەی ئاین لە قوتابخانەکان ولابردنی لەسیستەمی پەروەردەوفێرکردن تابە ئەمرۆش ئەم وانەیە بوونی هەیە بەلآم بەئارەزووی ئەوخوێندکارە ودەتوانێ نەی خوێنێت . کەواتە ئێمەی کورد وکۆمەڵگای کوردی وبەوشێوەیە بیربکاتەوە کە تاچەند ئەم

هەنگاوە لەبەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوودایە .. ؟ تاچەند گرفت وکێشەکانمان کەم دەکاتەوە ..؟ تاچەند خۆمان لەئافاتی شەرومەرگ وتەقینەوە وبەبێ تاوان کوشتن دەپارێزین .. ؟ تاچەند بنەمایی دەوڵەت وسیاسەت وخزمەتگوزاری وبەرەومەدەنیەت وپێشکەوتنی زانستی وفکری وئاستە رۆشنبیریەکان هەنگاودەنێن ..؟

تاچەند ئەمە هۆکارێکە یان دەرگایەکە بۆ کردنەوەی ئایندەی گەش وکردنەوەی دەرگای بەرەودەوڵەت وسەربەخۆیی بوونی کوردە ..؟ .کەواتە لێکدانەوە وتاوتوێ کردنی هەموولایەنەکانی دەمانگەیەنێتە دەرەنجام وئەوەی لە بەرژەوەندی نەتەوەیماندایە ئەوەی لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادایە ولەخزمەتی مرۆڤایەتی دایە بێگومان ئەوە لەوبارەودەبێ کاری بۆبکرێت .. چۆن بتوانین خۆمان لەم گرفتە رزگار بکەین وبە چارەسەرێکی باش بگەین ..؟

پێش ئەوە دەمەوێ ئەوە دەست نیشان بکەم کە رۆژئاوا چۆن ئەم کێشەیان چارەسەرکرد وچۆن گەیشتنە ئەم دەرەنجامەی ئێستا چارەسەرەکان لەکۆمەڵگای رۆژئاوادا بەشێوەیەك لە مووساوەمەکردن هەنگاویان بۆ ناوە بەوشێوەی کە هەندێك لە یاسا ئاینیەکانیان هێناوەتە نێویاسایی دەوڵەتەوە ووانیشان دەدەن کەحسابی تەواووڕێزداریان بۆ ئاین هەیە وزیاتر لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بەدیاردەکەوێت ..

بەتایبەت کاتێك مامەڵە لەگەڵ ئاینی ئیسلام دەکەن لەلایەکی ترەوە زۆر شتیان لەئاینەکەی خۆیان فەرامۆش کردوە وزیاتر لەوفەرامۆشکردن ولەبیرکردنەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوکۆمەڵەورێکخراوانەی کە لەم سەردەمانەی دوایدا هاتنە ئاراوە کە بانگەشەی ئەوەیان کرد ئەوکتێبانەی بەناوی پیرۆزی وکتێبی ئاینی کە بەووتەی خوا حساب دەکرێن , ئەوان بەپێچەوانەوە پروپاگەندەیان بۆکردون وبەکتێب ویاسایی مرۆڤیان لەقەڵەم داون وبەوەش ناویان بردوون کە ئەمانە بۆ سەردەمانی خۆیان بەسودبوون

وپێویست بوون بۆیە ئەمرۆ پێویستی بەگۆرانکاری هەیە . وەرگرتنی دوولایەنەی یاساکانی ژیان بەوشێوەی کە کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی وبەوشێوەی کە خێراترین کات بەرەوپێش دەچێت واپێ ویست دەکات پەیرەوی لەسەربکرێت کاتێك ئێمەی کورد وەك موسوڵمان ومەسیحی ویەزیدی وئاینەکانی دی برِوامان بەبوونی خوداوپیرۆزی وراستی ئاینەکان هەیە ولەهەمان کاتدا پێویستمان بەوەهەیە یاسا ومرۆڤایەتی وئازادی وخۆشبەختی تەواوهەیە وپێویستەکاری بۆ بکرێت .. رەنگە مێژوویی نەتەوایەتی کورد ونەتەوەکانی تری دەوروبەرمان بەبێ ئەوەی لەمێژوویی وولاتانی تری ئەم دوونیایە بروانین زۆر راستی وزۆر رێگای باش وزۆر گرفت وکێشەوهەڵەوئاگاداری وهێڵی سورمان بۆ بەدیاردەخەن ودەبێ سودیان لێ وەربگرین وپلانە ئایندەییە نەتەوەییەکانمان لەرێگای فکرومەنتق وزانستەوە بنیاد بنێین ولایەنە رۆحی وخەیالاویەکان تێکەڵ بەراستی ژیان نەکەین بەشێوەیەك کە هەردوولا زەرەرمەندبن وەك چۆن ئەمرۆ بەناوی جیهادووخواپەرستی ولەپێناوی ئایندا لەژێر پەردەی جۆرەها ناوی ترەوە دەیان هەزار کەس بەبێ تاوان دەبنە قوربانی ودەیان هەزاری دیش سەرگەردان وئاوارەوتێکچوونی ژیان وگوزەرانیان لەگەڵ ئەوەی کە چەندین زیان وزەرەر بەداهاتی وولات وهەمووئەوهەنگاوپرۆسە سیاسی وئابوریانە تەگەرەیان تێدەخرێن وباری کۆمەلایەتی وئاستە رۆشنبیری وزانستی وپەروەردەیەکانیش بەرەودواوە دەچن وئەمانەش دەبنە هۆیەك کە نەیاری ئاین وئەوانەی کە زیانیان پێدەگات لەئاین وپیرۆزی ئاین دووردەکەونەوە وبەچاوێکی ترەوە سەیری ئاین وپێرۆزی دەکرێت وتەنانەت ئەمە نەك تەنها لەناوخۆدا ئەم کارگەریە خراپانەی هەیە بەڵکولەدوونیای دەرەوەش کاریگەری خراپی بۆ سەر ئەوانە هەیە کە لەدەرەوەی وولاتانی ئیسلامی دا دەژین مامەڵەورەفتار وپلانەکان بەشێوەیەکی دی دەکرێن ئەگەر ئەوکەسەش لەناوەرۆك دا بروابوونی بەئاین بەوشێوە بەهێزەش نەبێت .. هەرچۆن وولاتێکی وەك ئەڵمانیا بۆ

خۆرزگارکردن لەفکروبۆچونە ئیسلامیەکان وسرینەوەی لەمێشکی پەنابەرە موسوڵمانەکاندا چەندین پلان وکاری ئایندەیی ئامادەکراوپەیرەودەکرێن لەوانە بەرنامەی ئاوێتەبوون وئەوشێوە رەفتارومامەڵەکردنانەی کە دەکرێن وبەتایبەت لە بەرێوەبردنی کاروباروکاردۆزینەوەوخوێندن وچەندین لایەنی دی کە کاریگەری خراپ وسلبی خۆیی هەیە .

بۆیە گرنگە ئێمەی کورد لەگەڵ ئەوەی کە موسوڵمانین ورێژەی موسڵمانیەتی زیاترە بەڵام ئەوە ناگەیەنێت خۆمان بەسەر ئاینەکانی دیدا بسەپێنین ویاساکانی خۆمان بکەینە بنەمایەك بۆبەرێوەبردنی دەسەڵات .. بریارێکی لەم چەشنە پێویستی بەوە هەیە رایی جەماوەری لەسەر وەربگیرێت وئەوجەماوەرە بریار بدات کە چی دەوێت وچی لەگەڵ ژیان وگوزەرانی ئەودا ئەمرۆ دەگونجێت . ئێمە ئەمرۆ لایەنە سیاسیەکان بۆ دڵ نەوایی ورازی کردنی ئەولایەن وکروپە ئاینیانە , بەخۆیان بریاردەدەن وهیچ بیرلەوەناکەنەوە جەماوەرێك هەیە خاوەن بیرورایە ودەبێ ئەوبریاربدات ..

هەربۆیە لێرەدا پێویستە لە بریاردانی مەسەلەیەکی هەنوکەی کە پەیوەندی بەئایندەوپاشەرۆژی ئەم نەتەوەیەوە هەیە ئەم شێوە هەنگاوانە لەسەرتادا بەگرنگی وەرناگیرێن وزۆر بەسادەیی بیریان لێدەکرێتەوە , بێگومان بچوك ترین هەڵەی ئایندەیی لە دروست بوونی نایاسایی ونادادپەروەریانە لەبریاردان دا کارەسات وشیرازەی شێواویی کۆمەڵگە بۆ ئایندە دروست دەکات وئەوبنیادنانە ناکامڵ بووە کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە ودواتر پاشگەزبوونەوە بێ سوود دەبێت ..

کەواتە ئەوەی ئەمرۆ لەبارەوپێویستە کورد بۆ لەسەر پێ وەستانی خۆیی لەیەکەم هەنگاوەکانی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ولەم شێوەژیانە نیمچە دەوڵەتیەدا پەیرەوی ئەوەبکات کە سیاسەت وئاین لەیەك جیابکاتەوە وسنورێك بۆ دەست وەردانە کاروباری یەکتر دانێت ویاسایەك

هەبێت ئەوپەیوەندانە دەست نیشان بکات وکاروئەرکەکان دیاری بکات وئەوبنەمایە دروست بکات کەدوارۆژ کۆمەڵگایەکی ئاسوودەوبیٚ گرفت ونەتەوەیەکی ئاشتی خوازوتێگەیشتوودروست ببێت ..

## چەمکی مەدەنیەت وکۆمەڵگای کوردی

کۆمەڵگاوگۆرانکاریەکانی لەبەرەوپێشەوە بردن وبرەودان بە ژیان لەوچوار چێوەی کەتێیدا دەڕێ ودارشتنی پلان وبەرنامەی کاری ئایندەیی رەوتێکی سروشتی وئاسایی ژیانی هەر کۆمەڵگایەکە .

کۆمەڵگا کۆکراوەی کەسایەتی یە کە پەیوەندیە کۆمەلأیەتی یەکان وەك زنجیرێك پێکەوەیان دەبەستێت وئەوپەیوەندیانە دەبنە جوڵەیەك بۆ راگرتنی بارودۆخەکان بەشێوەیەکی رێژەیی وهەندیٚ جاریش ئەوراگری وداسەپاندنە لەسەرووی بیروفکروویستی ئەوکۆمەڵگایەوە دەبێت ... لەهەمان کات دا پەیوەندیەکانی کاروبەرهەم هێنان کە لەئاستێکی بەرزەوە ئەوکۆمەڵگایە دەنەخشێنیٚ ودەبێتە پاڵ پێوەنەرێك بۆ زیاتر بەرەوپێش چوون وبرەودان بەژیان وگوزەرانی , بەپێچەوانەی ئەوکۆمەڵگایەی کە بخۆروبدرە وبەتاڵ وسەرف کەربێت لەبیری کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەروچالاکی ئابوری وکارابێت.

لێرەدا کۆمەڵگای کوردەواری ئەوکۆمەڵگایەیە کە تارادەیەك ئەوەی بەسەردا دەچەسپێت کە کۆمەڵگایی بەکارهێنەرە لەوەی کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەربێت .. ئەوەش لەگەڵ بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەڵگای وولأتانی رۆژئاوا ووولأتانی پێشەسازی لە دونیادا , بەلأم ئەوەشمان لەبیرنەچێت تەنها کۆمەڵگای کوردەواری لەم گرفتەدا نیە بگرە جیهانی سێهەم وکۆمەڵگا عەرەبیەکانیش ووولأتانی دراوسێی عێراق لەم گرفت وگێژاوەدا

دەسورێنەوە , کەواتە جموجولّ وکاروبەرهەم هێنان ودەستی کار دەبێتە بنەمایەکی سەرچاوەی ئابوری بۆ کۆمەڵگا .

ئەمەش دەبیّ بەپلان وکاری بەردەوامی دەسەلاّت ولایەنە یاسادانەرەکانی دەبێت ولایەنی جیّ بەجیّ کاریش کاریگەری خۆیی هەیە , لەهەمان کات دا ئەم بوارە لایەنی کشتوکاڵی وپیشەسازی وبازرگانی دەگرێتەوە کە مەرجە هەمووپێکەوە هاوتەریب بن وبەیەکەوە لەگەشەسەندن دابن ووەك یەك گرنگیان پێبدرێت .

ئەمەش دەبێتە ژێرخانی ئابوری وبۆ دروست کردن وبنیادنانەوەی ئەم ژێرخانە ئابوریە پێویستە سەرخانی سیاسی ویاسایی وئایدیۆلۆژی بەهەمان رێژە لەگەڵی کاربکات .

کەواتە گرنگە کەسایەتی لەوکۆمەڵگایەدا رۆڵی بەرچاوودیاری هەبێت ولەهەمان کاتدا گرنگە فاکتەرەکانی کارکردن وچۆنیەتی بەکارهێنانیان , چونکە ئەم لایەنە لەمێژەوە وتائێستاش کاریگەری دیاروبەرچاوی خۆیی هەبووە ولەنێوچینە پێشەسازیەکاندا رۆڵی بەرچاوی هەبووە .چۆن کۆمەڵگا پێش کەوتووەکانی ئەم دوونیایە لەکاروبەرهەم هێنان وەستانیان نیە وئەوکارگانەی کە 24 کاتژمێر کاردەکەن وبەرهەم وکالاّ وەبەرهەم دێنن وئەوکۆمەڵگا بەکارهێنەرە سواوانەش بەرهەمەکانی ئەوان دەگرن وبەکاریان دێنێن بەبیّ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە خۆیان ئەوکالاّوبەرهەمانە بەبەرهەم بێنێن وخۆیان ماندووبکەن لەوەی کە لەوحەوانەوە هەمیشەییەدابن وخۆیان هیلاك نەکەن .

کۆمەڵگا رۆژ لەدوای رۆژ بەرەوپێش دەچیّ وگۆرانی بەسەردادێت ئەویش بەهێزوتواناوفکری ئەوانەیە کە بیردەکەنەوە وپلان وکاری ئایندە دادەرێژن وچالاکی ووریایی ودڵسۆزی ورەچاوکردنی هەموووردەکارێکی ئەوانەی بەئەنجامی دەگەیێنن .بەشداربوونی کەسایەتی یەکان بەشێوەیەکی هاوبەش لەکات وشوێنی خۆیدا ولەوشێوەکارانەی ئەنجامی دەدەن کە

ئەمەش چەندین ڕێچکە وشێوەی خۆیی هەیە وکۆمەڵگاکانی پێش ئێمە بەپێ ڕاستیە مێژوویەکان کاریان لەسەر کردووە بەهەموو‌ئەوپێچەوانەونەگونجان وجیاوازیانەی کە هەبوون چ لەرووی کۆمەڵایەتی یەوەبێت یان ئابوری وسیاسیەوە , بەڵام بەشێوەیەك لە کۆمەڵگایەکی مێژوویی یەوە کە لەناوەرۆکی دا هەموورواڵەتە کۆمەلایەتی یەکان وکاریگەریە هاوبەشیەکانی نێوان خۆیان دا لەسەربنەمایی چۆنیەتی بەرهەم هێنان کاریان کردوە .ئەمە ئەوە دەست نیشان دەکات لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تروهەمووکاروئەرکەکان بەوشێوەی کە پێویستە لەنێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن وبەئەنجامی دەگەیێنن وئەمەش وادەکات کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی وئابوری وسیاسی ورۆشنبیری ومرۆڤایەتی وبەرێوەچوونی ژیان لەسەر ئەم شێوە بنەمایە ڕێکخستن وکۆمەڵگە کۆمەڵایەتیەکانی لێ دەبێتەوە , کە دەبێتە بنەمایەك بۆ دەست نیشان کردنی ڕەفتاری کەسایەتی وکۆمەڵ کە هەموویان لەهەوڵی خۆتێرکردن وبەدەست هێنانی پێداویستی یەکانی ژیانی خۆیانن وپاشانیش بەدوای بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیاندا دەگەرێن ودەیانەوێ هیواوئاواتەکانیان لەم دوونیایەدا بەدەست بێنن .

کاتێك کۆمەڵگاش دەبێتە کۆمەڵگایەکی کاروبەرهەم هێنان کەلێرەدا مرۆڤ وکەسایەتی لەوکۆمەڵگایەدا دەبێتە کەسێکی کاریگەروگرنگ لەبواری بەرهەم هێنان دا , کەواتە لێرەدا گرنگە باس لەوەبکرێت کە ئەوکۆمەڵگایە پێویستی بەوە هەیە گرنگی ئەم لایەنانە بدات وەك هێزی بەرهەم هێنان وئەوئامێروسیستەمانەی بەرهەم دێنن وپێك هاتەی کۆمەڵگایەکی ئابوری ورەفتاری وچۆنیەتی دابەش کردن ساخکردنەوەی بەرهەمەکان وبیروفکری کراوەی کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری وبەرهەمە رۆحیەکان ... بەم شێوەیە دەتوانرێ دونیاوکۆمەڵگا وپێویستی کاری بەرهەم هێنانی کۆمەڵگا بزانرێت . کاتێك مرۆڤ دەکەوێتە کاروچالاکی بەرهەم هێنان وپەیداکردنی لایەنی

ماددی وبژێووی ژیانی دەکەوێتە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی وسیاسیە تایبەتیەکانی خۆیەوە , ئەمە وەك لایەنی مادی ولەلایەکی ترەوە چالاکیەکانی مرۆڤ لەرووی بەرهەمی رۆحی یەوە کە لایەنی تیۆری دەگرێتەوە کەئەویش پەیوەندی لەگەڵ لایەنی مادییەوە هەیە کە بەرهەمە فکری وفەلسەفی وسیاسی وزانیاری وزانست وسروشت وتێگەیشتنی کۆمەڵایەتی وئایدیۆلۆژیاوە هەیە .. کە دەبێتە بەرهەم هێنانی یاسا بۆ پێش کەوتنی کۆمەڵگاوبەرێوەچوونی لەسەر ئەوسیستەمەی بۆیی دادەرێژرێت .

ئەم بەشەش ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە خاوەن چالاکی وجموجوڵن لە بەشەکانی تری ژیان لە رۆشنبیر وزانست ودەزگاکانی دەوڵەت ویاسادانان ولایەنە سیاسیەکان کە لەهەمان کات دا خزمەت بەکەسانی چالاك لەبواری کۆمەلایەتی دا دەکات .دونیای پێشکەوتووبەهۆی برەودان بەهەردوولایەنی بەرهەم هێنانی مادی وفکری , ئەم گۆرانکاری وپێشکەوتنەی ئەمرۆیی لیٚ دروست بووە , ئەمەش سەرەرایی ئەولاوازی وسیستەمی یاسایی پێشکەوتن کە سەرۆکایەتی پێشکەوتنی دوونیا دەکات ولەگەڵ زیادبوونی بیٚ سنوری سەرمایەداری کە زانست وزانیاری بووەتە پردێك بۆ دروست بوون ونبیادنانی دوونیایی سەرمایەداری. کەواتە دەتوانین بڵێن لەکاتێك دا کە دەسەڵاتێکی سەرمایەداری بوونی هەبێت ناتوانین بڵێن کە کۆمەڵگای مەدەنی بوونی هەیە وهاوشانی ئەودەسەڵاتە کاردەکات .. چونکە لەگەڵ دەست نیشانکردنی چینەکان وبوونی جیاوازی وئەگەر ئەمەش مەبەستی تایبەتی تێدانەبێت وکۆمەڵگا بەرەورێچکەیەکی دی دەبات , جیاوازی بیرورا وبۆچونەکان ویەك نەگرتنەوەیان لەنێوان دەسەڵات وکۆمەڵگا دا کە دەتوانین بەجەماوەر ناوی بەرین ودابرانیان لەیەك ودروست بوونی بیٚ متمانەیی وبروانەبوون ودروست بوونی دیوارێك لەنێوانیاندا کە ئەورێگایە نادات ئەوکۆمەڵگا مەدەنیە دروست بێت کە بانگەشەویی بۆ دەکرێت وبەتایبەت

ئەوکۆمەڵگا مەدەنیەیی کە ئەمرۆ لەکوردستان دا بانگەشەی بۆدەکرێت وبەناوی کۆمەڵگای مەدەنیەوە ناوی دەبرێت وسەیردەکرێت . دروست بوونی فکروبۆچوونەکان دەربارەیی کۆمەڵگای مەدەنی دەگەرێتەوە بۆ برەوی بۆ چوونە سیاسیە لیبرالیەکان لەسەردەمی سەدەی 17 و18 دا کە پەیوەندن بەباری کۆمەلآیەتی وئابوریەوە , ئەویش دوایی روخانی ( رژێمی کۆن ) وسەرهەڵدانی بیرۆکەی سیاسی لیبرالی وکلاسیکی رۆژئاوایی .

رژێمەکۆنەکان مەبەست لەرمانی دەسەلآتی تاك لایەنەی سوڵتان وپاپا دینیەکان ومەلیکە ئەوروپیەکان بووبەناوی دەسەلآتی کەنیسە مەسیحیەکان .. ئەمەش لەوجیاوازیەوە سەری هەڵدا کە ئەم دەسەلآتەی پاشاکان بەپیێ ی یاسا وریێسا ئاینیەکان فەرمانرەوایەتی یان دەکرد وجەماوەر بۆیی نەبووقسە ونارەزایی ودەنگ بەرزبونەوەی هەبیێ ئەمەش دەبووتەنها لە پەروەردگارەوە لەگەڵیان بکرایە .

بۆیە سەرەتایی دەسەلآتی یاسایی سروشتی کە دان بەئازادی تاك ومرۆڤایەتی و( فکروراستی ) دەسەلآتی گەل ونەتەوە ومافی مرۆڤ کە شۆرشی بۆرجوازی ئینگلیز سەرەتایی هەڵگیرسانی کردەوە وبەهەمان شێوە شۆرشی بۆرجوازی فەرەنسیەکان .. ئەمەش بووە شۆرشێکی جیهانی بەمانا مێژوویی ومرۆڤایەتیەکەیەوە کە دونیایی کردە دووبەشەوە دونیایی نویێ وپێشکەوتوولەگەڵ دونیایی کۆن ودواکەوتوو. کەواتە مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی دەگەرێتەوە بۆ مێژووی پێشکەوتن وبۆچونەکانی فەلسەفەوئایدیۆلۆژیا وسەرمایەداری وبۆ چونەکان بۆ دروست کردنی دونیایەکی نویێ .. کۆمەڵگای مەدەنیش ئەوکۆمەڵگایەیە کە دوورولەداسەپاندن وچەسپاندنی یاسا نەگۆرەکان وریێگانەدان بەگفتووگۆولیێدوان وراوەربرین , ئەوزەمەنەی کە ئەوروپیەکان بەشەری ناوخۆوە سەرقاڵ بوون ئەوشەرانەی لەنێوان تایفەکاندا ولەنێوان دینەکاندا بەرپابووکاریگەری تەواوخراپ ونەگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگاکانیان هەبوو,

بۆیە لە لەسەدەی 17 دا شۆرشی ئینگلیزەکان لەساڵی 1689 بۆ ساڵی 1714 خایاند کە مافەکانی پەرلەمانی تێدا راگەیاندرا وئەمەش بووە دەستکەوتێکی باش وگرنگ وبووە هۆکارێك کە شەرە ئاینیەکان رابووەستن وکۆتاییان پیێ بێت .

کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمایی ئازادی ووون بوونی هەمووکۆسپ وتەگەرەەکان لەرێگای ئەوەی کە ویستی مرۆڤە دروست دەبێت .

دەرکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی :

بەدەرکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەورێکخراوانە دەگرێتەوە سەربە دەسەلأت نین , بەم شێوە بەدەرکەوتنی دیاروبەرچاودەگەرێتەوە بۆ ئەوگەش ونمایەی لە 20 ساڵی رابردوودا کە بەدیارکەوتنی توانا ولێهاتووی کۆمەڵگا وچالاکیەکانی وئەویش بەرێگای ئەودەسەلأتە دیموکراتیانەی کە زۆر لەووڵاتان پەیرەوویان لەسەر کرد وئەوپەیوەندیە جیهانیە بەربلأوەی کە هاتۆتە ئاراوە ئەویش کاریگەری خۆیی هەیە . ژمارەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەساڵی 1995 دا نزیکەی 6000 رێکخراوبووە بەلأم ساڵی 1999 بووە بە 26 هەزار رێکخراووئەم رێکخراوانە رۆلی دیاروبەرچاویان بینی لەگەشە سەندنووهاوکاری یە مرۆییەکان وهاوکاریکی باشیش بوون بۆ برەودان بەباری ئابووری وبەرزبوونەوەی ئاستی ژیان وگوزەران . تاساڵی 2003 ئەوهاوکاری ویارمەتیانەی کە لەرێگای ئەم رێکخراوانەوە بەکارهێنراوە گەیشتە 12 بلیۆن دۆلاری ئەمریکی . کەواتە کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانیٚ کاریگەری تەواوی هەبێت لەسەر شێوە ودروست کردنی ستراجییەتی سیاسی ووڵات بەشێوەیەکی گشتی .. لەوکاروچالاکیە دیاروبەرچاوانەی لەسەر ئاستی جیهان بەدەستی گەیاندووە لەوانە ( قەدەغەکردنی چاندنی ئەڵغام ، سرینەوەی قەرز ، پارێزگاری سروشت ، کاربۆ بەرگری لەنەخۆشی ئایدز وچەندین کاری دی )

**مەبەست لەکۆمەڵگای مەدەنی ( CSOs ) چیە ... ؟**

**مەبەست لەکۆمەڵگای مەدەنی یان ( CSOs ) ئەوەیە کە ئەوچەند ڕێکخراوە ناحکومیەن ولەچوارچێوەی ڕێکخراوەکانی کارورێکخراوە رۆشنبیری وکۆمەلآیەتیەکانن , ئەوپەیوەندیەی نێوان بانکی نێونەتەوەیی وکۆمەڵگا مەدەنیەکان لەوروانگەیەوە هاتووە کە بانکی نێونەتەوەیی هەستی بەوەکرد کە ئەم ڕێکخراوە مەدەنیانە دەتوانن کاریگەری ورۆڵی دیاریان هەبێت لەناساندنی وگەیاندنی دەنگی کەسانی هەژاروچەوساوە کە بەهۆی چەند بریارێکەوە لەلایەن دەسەلآتەوە کاریگەری خراپیان دەکەوێتە سەر ودەتوانن ئەورۆڵەش ببینن کە دەسەلآت ناچاربکەن بۆ ئەوەی بەدەم داواکانی جەماوەرەوە بێت .**

**جیاوازی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی وکۆمەڵگای سیاسی ئەوەیە کە مەدەنیەت هیچ وابەستەبوونی بەدەسەلآتەوەنیە وئازادی تەواوی خۆیی هەیە .. پەیوەندیەکانی نێوکۆمەڵگای سیاسی لە وپەیوەندیە ڕێکخراوانە پێك دێت لەنێوان دەسەلآت ویاسا وئەرك لەچوار چێوەی دەسەلآتی دەوڵەت دا کەواتە کۆمەڵگای کوردەواری وەك هەرکۆمەڵگایەکی دی لەم دونیایەدا وبەپێ ی ئەودروشمانەی کە بەرزدەبنەوە بۆ بەرەومەدەنیەت بوونی کۆمەڵگا وگۆرینی شێوازی کۆمەڵگا لەچوار چێوەی ئەووتارە سیاسیانەی ئەمرۆی دەسەلآتی کوردی دا بەدیار دەکەوێت . بێگومان کۆمەڵگای ئێمەش پێویستی بەوە هەیە بەرەوکۆمەڵگایەکی مەدەنی بروات ولەوچوار چێوەیەی کە ئەمرۆ کۆمەڵگای کوردی تێدا دەژی بێتە دەرێ واتە بەدەسەلآت بوون وپەیوەندیە نەگۆرەکانی نێوان کۆمەڵگا ودەسەلآت ولایەنی سیاسی رەنگە ئەوەی ئەمرۆ باسی لەسەر دەکرێت ویان لە مێژوویی کۆمەڵگا مەدەنیەت وگۆرانکاریەکانی لە کۆمەڵگاکانی تری دونیادا کە ئەوپێشکەوتن وبیرەوە بەرچاوەی کە دیارە لەژیان وکاری رۆژانەی ئەووولآتانەدا .. بۆیە ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێ بەرەوئەم شێوە هەنگاوانە بچین بێ گومان گرنگە**

فكروبۆچوونی سیاسی ووابەستە بوونی لایەنگری بەوشێوە خەستیەی ئەمرۆ نەمێنێتەوە چونکە ئەگەر کۆمەڵگا یەك بەوشێوە کۆمەڵگایەی کورد ئەوپەیوەندیە سیاسیەی هەبێت بیٚ گومان پێش کەوتن وگۆرانکاری وبەرەومەدەنیەت بوونی لاواز وسست دەبێت وئەوهەنگاوانەش بەئاکامی دلخۆشکەرەی خۆیان ناگەن , لەلایەکی تریشە هێندەی کۆمەڵگای کوردەواری وابەستەبوونی ودروست کردنی ئەوقوودسیەتەی کە رێگای لەهەمووپێشکەوتن ودەرك کردن بەراستی وهەست کردن بەکەموکوریەکان وئەوپێویستیانەی کە کۆمەڵگاکەمان پێویستی پێیەتی وئە پاراستن وقودسیەتە رێگای بەئەنجام گەیاندن وتەنانەت باس کردنیشیانی گرتووە .

لەهەمان کاتدا ئەوپاڵە پەستۆوشەری لەناوبردن ودژایەتی کردنەی کە دوژمنانی کورد هەمیشە بەرامبەر بەجەماوەری کورد وکۆمەڵگای کوردەواری کردوویانە بەشێوەیەك کە هەستی نەتەوایەتی وخەبات وتێکۆشان وکاری سیاسی وسەربازی ئەورێگایەنادەن رێکخراوە مەدەنیەکان رۆڵی دیاروبەرچاوی خۆیان بگێرن , هەروەها لایەنەکانیش بەشێکی تری ئەوبابەتەن کە دەیانەویٚ لەرشێگای کۆمەڵگای مەدەنیەتەوە بەرەودەسەلآت بچن ویان ئەوانەی لەدەسەلآت دان بۆمانەوەی خۆیان بەکاریان بێنن ولەگەڵ ئەوەشدا دەست تێوەردان ودروست کردنی چەندین رێکخراوبەناوی رێکخراوی مەدەنیەتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە حزبیەکان وبەکارهێنانی ئەورێکخراوانە بۆ کاری سیاسی وهەڵبژاردن وررووبەرووبونەوەی جەماوەروئەوهەڵوێستانەی لەورێگایەوە دەتوانریٚ دەستیان بەسەردا بگیریٚ وبەمەرامە تایبەتیە تەسکە لایەنیەکانی خۆیان بگەن ولەهەمان روانگەشەوە جەماوەریش چەواشەبێت وراستی وناراستیەکان لەیەك جیانەکاتەوە .

گرنگە کۆمەڵگای کوردی ودەسەلآتی کوردی ولایەنەکان هەوڵی ئەوەبدەن ئەوکۆمەڵگا وابەستە نەبووە دروست بکەن کە دەرەنجام وولآت

بەرەوپێشکەوتن وبرەودەبات وئەوکێشەوگرفتانەی ئەمرۆ بوونیان هەیە پاشەرۆژ بوونیان نامێنیٰ وژیان وگوزەران گۆرانی بەسەردادێت .

لەلایەکی تریشەوە گرفتەکانی ئەمرۆیی کورد وئەوپێویبستیە هەنووکەیانەی کە دەبیٰ لایەنەکان رۆڵی دیاروبەرچاوی تەواویان هەبێت بەڵام هەندیٰ جار لەدان وستاندن وگفتوگۆکاندا ئەومافانەی کە دەبیٰ موساوەمەیان لەسەرنەکرێت یان زیاتر پێیان لەسەردابگیریٰ تا بەدەست بێن بەڵام دەبینین سستی ولاوازی هەیە ولەم شێوە هەڵوێستانەدا دەبیٰ کۆمەڵگا ورێکخراوە مەدەنیە وابەستە نەبووەکان ئەورۆڵە بگێرن وجەماوەر بجولێنن ولەرێگای شەقامەوە داکۆکی لەمافەکان بکرێت بەهەمووبەشەکانیەوە ئەگەر ناوخۆیی بن یان لەسەر ئاستی عێراق وناوچەکەدابێت . کەواتە گرنگە بەرەومەدەنیەت وپێداچوونەوەی هەمووکەم وکوریەکان وراستکردنەوەیان تا بەراستی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دروست ببێت وئەم ژیان تێروانینانەمان بگۆردرێن وئاسۆیەکی گەش تروروناکتروئایندەیەکی باشتر بۆخۆمان ونەوەکانمان دروست بکەن .

## بیریسترویکا ودووباره بوونەوەی لە دونیایی عەرەبی ورۆژهەلأتی ناوەراست دا هیوایەکە بۆ بەدی هێنانی خەونەکانی کورد

بیریسترویکا بەواتای بنیاد نانەوە ، ئەوبەرنامە چاکسازیە ئابوریەی کە گورباتشۆف سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت لە دوای سالأنی 1987 دەستی دایە ئەوچاکسازیە بنەرەتیە کە دەرەنجام لە سالی 1991 دا ئەویەکیەتیەی هەلوەشاندەوە ونەتەوەکان بەویستی خۆیان ولەوچوارچێوەی کە دەیان ویست دەولەتیان پێك هێنا ... کرانەوەوئازادیەکان وکشانەوە لە دەسەلأتی دیکتاتۆریەت ویەکسانی وپێکەوە ژیان وگونجان لەگەل دەوروبەردا ودواتر خواستی جەماوەری وزیادبوونی ئاستەنگیەکان وکێشە سیاسی وکەمی خزمەتگوزاریەکان ودیاردەی بێکاری وگوێنەگرتن لە خواستەکان کۆمەلە هۆکارێکن بۆ راپەرین وبەرزبوونەوەی نارەزایی جەماوەری .

ئەوسەردەمەی کە ئەوروپای رۆژهەلأت کەوتە بەر لێشاوی سەربەخۆیی ودارمانی یەکیەتی سۆڤیەت وئازادیە نەتەوەیەکان ، لەگەل ئەوەی ئەوگۆرنکاریانە هیوای زۆریان دایە گشت نەتەوە ژێردەستەکان لەوانەش کورد ، بێ گومان راپەرینی نەتەوەیی بەهاری 1991 وئازادیەکانی کورد لەم هەرێمەدا لەوروانگەیەوە سەچاوەیان گرت ...

ئەمرۆیی گۆڕەپانی سیاسی دونیایی عەرەبی وئەولێشاوە نارەزایی وخۆپیشاندانانەی کەخەڵکی هێناوەتە سەرشەقامەکان بۆ خستنە روی خواست وداواکانیان لە دەستەبەری پێداویستیەکان ، لەوپێناوەش دا شۆرش وراپەرین وخواستی جەماوەری بۆ گۆران ونویٚ بوونەوە کەوتە سەرشەقامەکان ولە ولآتانی میسروتونس دەسەلآتەکان لابران ولە لیبیاویەمەن وسوریا هێشتا نارەزایی وشەرویاخی بوون بەردەوامە ولەهەندێکی دی وەکبەحرەین وسعودیەوئەردەن ومەغرب وجەزائیر وعێراق وکویێت بە شێوازی جیاواز کۆتاییان بەوخۆپیشاندانانە هێناوکەم تازۆر کار لەسەر چاکسازی وگۆران کراولەهەندێکلەوولآتانەش بەپێچەوانەوە ، کاریگەریەکانی ئەم گۆرانکاریانە لە سەر بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان بەگشتی وبەتایبەت هەرێمی کوردستان ، سەرەتا ئالۆزیە سیاسیەکانی عێراق وئەوچەقینە بنبەستەی ئەورۆ وئالۆزبوونی بارودۆخی ئەمنی وبەردەوامی تەقینەوکوشتن وتیرۆر وناتەبایی لایەنە سیاسیەکان وزالٚ بوونی ئەجندایی دەرەکی وناوخۆیی لەروانگەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانەوە کاریگەری زۆر خراپ ونەگەتیڤیان لەسەر رەوشی سیاسی ئەمرۆیی هەرێم هەیە ، لەهەمان کات دا ناکۆکیە ناوخۆییە کوردیەکان وکێشەی سیاسی وئاستەنگیەکان لەرووی خزمەتگوزاری وکەمووکورتی لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی هاولآتیان ئەونائومێدیەی لای کەسایەتی کورد دروست کردووە ورادەی نارەزاییەکان بەرەوزیادبوون دەبات بۆیە کورد دەبیٚ لە گێژاوی سیاسی ناوچەیی وناوخۆیی دا لەروانگەی ئەقڵیەتی کار بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانەوە کاربکات وتەبایی ویەکرێزی وکار بۆ چاکسازی وقولٚ بوونەوە لە پرۆسەی دیموکراتیەت وئازادیەکانەوە بۆ

یەکسانی کۆمەلاٌیەتی ودەستەبەرکردنی گشت پێداویستیەکان وکارکردن بۆ دەرەنجامی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی لە ئایندەدا کە دەکرێ ئەوگۆڕانکاریانەی لەم ناوچەیەدا روودەدەن کورد لەرێگایانەوە بەرەودەوڵەت بوون بەرێت .

بەدەوڵەت گەیاندنی کورد بەم ئاراستەیە وکاروهانگاوانە دەکرێ ماحاڵ بێت وئەوخەونەش لەدووبارە بوونەوەی بیریستروکای ئەم سەردەمەدا لەدەستمان بچێتەوە وجارێکی دی هەلی وا بۆ کورد دووبارە نەبێتەوە ، لەم رۆژە دژوارانەدا کە کورد پێویستی بەهاودەنگی ویەکیەتی ویەکریزی هەیە لەبەرژەوەندی نەتەوەیی کورد ئەمرۆ دەسەلاٌت وئۆپۆزسیۆن پێکەوە دەبێ بۆ بەرژەوەندیەکانی جەماورە کاربکەن وبەرژەوەندیە حزبی وتایبەتی خۆیان لەمرۆدا وەلانێن وپێکەوە کار بۆدەستەبەر کردنی ژیان وخۆشگوزەرانی بۆ هاولاٌتیان بکەن.

ئێستا هاولاٌتی کورد کێشەی ئاووکارەبایی هەیە ودەیان وسەدان کەمووکوری لە سیتەمی ژیان داهەیە وگرنگی پێنادرێت لایەنی پەروەردەیی وباری تەندروستی کە دووبەشی گرنگ ودووکۆڵەکەی ژیانی هاولاٌتین لەوپەری ئاستەنگی وکێشەدان ولەرێرەوێکی تاریکوبەرەوئایندەیەکی بێ ئاکام ئاراستە دەگرن ، کێشەی ئەم ولاٌتەی ئێمە ئەوەیە کەسێکنیە گوێ بگرێ ولەوروانگەیەوە خۆیی بەخاوەنی ئەم ولاٌتە بزانێ ، خۆ بەخاوەن زانین تەنها مەبەست خاوەن دەسەلات وبەرپرسەکان نیە چونکە هەمووتاکێکلەم هەرێمە خاوەنیەتی ودەبێ خۆیی بەبەرپرسیار بزانێ

تاهەمووپێکەوە کارلەسەر بنیادنانەوەی ئەم هەرێمە بکرێت لەسەر ئەوبنەمایەی کە ژیان بۆ هاولاَتیان دەستەبەر بکات نەکوێرانی کات .

## چەمکی ئۆپۆزسیون بوون لە نێوان تێنەگەیشتنی دەسەلاَت وبێ ئەزموونی ئۆپۆزسیۆن دا

شارستانیەت وپێشکەوتنی کۆمەلگا وئاستی زانستە رۆشنبیریەکان وکرانەوەی لە چەمکی دیموکراتیەت ورهایی لە بواری سیاسی وهەنگاوەکانی دەسەلاَت بۆ یەکسانی کۆمەلاَیەتی ودەستەبەربوونی خزمەتگوزاریەکان وفەراهەمکردنی ژیانێکی شایەستە بۆ کۆمەلگای کوردی ورێکخستنی تەواوی سیستەمەکانی ژیان لە هەموبوارەکان دا کە پەیوەندیان بە گوزەرانی ئەم خەلکەوە هەیە .

ئەرك ومافەکان وهاوبەشی تەواوی نێوچین وتوێژەکانی کۆمەلگاوکاری پێکەوە بوون بۆ گەیشتنە تەواوی ئامانجەکان وەك ئەرکێکی نیشتمانی لەسەر هەمووتاکێکە لەم کۆمەلگایەدا , دەسەلاَتی حزب وتێکەل بوونی بە گشت وردەکاریەکانی ژیانی هاولاَتی وخۆخستنە نێومالی هەمووتاکێکەوە لە دوای راپەرینەوە ئەم ئەزمونەی خستۆتە مەترسیەوە وهەمیشە ئەم فکروبۆچونە حزبیەی کردۆتە پێشرەوی بۆچونەکان وبەردەوام بینین وهەنگاوەکان لەم ئاراستەیەوە کاریان کردووە وتەنانەت ئەم هۆکارەش بووە کە نەتوانراوە لەسەر بنەما وپرەنسیپەکانی هاونیشتیمانی بوون

وبەرژەوەندیە گشتیە نەتەوەیەکان کە دەبووهەمیشە لە پێشەوەی هەنگاوەکاندا بوونایە ..

ئەوکاتەی باس لە پرەنسیپەکانی دیموکراتیەت دەکەین وچەمکی ئۆپۆزسیۆن وەك لایەنێکی گرنگ رەچاوبکرێت , ئەگەر بکرایە رەنگە بارودۆخەکان بە شێوازێکی دی وئاراستەیەکی تر بوونایە وئەوەی ئەمرۆ لە نارەزایی وئاڵۆزی وشێواندنی بارودۆخەکان بوونی نەبوایە .

دەسەڵات وحزبە باڵادەستەکان وتێگەیشتنیان لە چەمکی دیموکراتیەت وقبووڵ کردنی ئۆپۆزسیۆن وبیرورای جیاوازوکارکردن پێکەوە لەسەر ئەم بنەمایە وگویٚ گرتن لە شەقام وکۆمەڵگای مەدەنی وهەنگاونان بۆ دەستەبەربوونی خواستە گشتیەکان کە سەرەنجام بەلای بەرژەوەندی گشتی دەشکایەوە .. کاتێك دەسەڵات هەمیشە خۆیی بەراست وخاوەن شەرعیەت ودڵسۆزتر لە هەموولایەك دەزانیٚ وگویٚ نەگرتن وگرنگی نەدان بەخواستەکان کە بیٚ گومان تەواوی ئەوخواست وپێشهاتانەی ئەمرۆ چەندین ساڵە لەرێگای راگەیاندنەوە باسی لەسەر دەکریٚ وبەردەوام خواستی گرنگ وهەنوکەی بوون بەڵام ئاراستە حزبیەکان وسەرکردایەتی حزبی لەسەرووی بریارویاساکانەوە , لەسەرووی خواستەکانەوە , لەسەرووی بەرژەوەندیەکانەوە , کە سەرجەم دەبنە بەرژەوەندی گشتی ونەتەوەیی ودەبیٚ دەسەڵات لە ئاستیاندا یەکەم بەرپرسیار بێت ولەوێوە یەکەم هەنگاوکاروکردەوە بەدیاربکەوێت وەك ئەرکێك لەسەر بنەمایی ئاسایی کارەکانی , کەواتە ئەوکاتەی کە دەسەڵات لە لوتکەوە تا دەگاتە بەرپرس وکارمەندێکی ئاسایی کە ئەرکی راپەراندن وبەرێوەبردنی

کاروباری هاولاّتیانە لەباش کردنی گوزەران ودابین کردنی ئارامی وبەرێوەبردنی کاروباروئاوەدانکردنەوەوفەراهەم کردنی یاسا وبوونی سەروەری ئەویاسایە وبوونی دادپەروەری کۆمەلاّیەتی وتەواوی پێداویستیەکانی هاولاّتی ئەرکی ئاسایی دەسەلاّتن وهەرگیز پێویست بەمنەت وموساوەمە ناکات چونکە ئەوەی دەیەویٚ بگاتە دەسەلاّت دەبیٚ خزمەت بکات , گەیشتنەوە بەدەسەلاّت تەنها لە دەرەنجامی کردەوەوکردارەوە دەبێت , گەر دەسەلاّت توانی لە روانگەی ئەم پرەنسیپانەوە کاری کرد دەکریٚ رای جیاوازونەیاریش قبولٚ بکات ئەوکات ئۆپۆزسیۆن دەتوانیٚ لە روانگەی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیە کاربکات ودیموکراتیەت بە گشت ماناکانیەوە دەستەبەربکات وئەوکۆمەلّگا شارستانیەتە پێشکەوتوە پێکەوە بنیادبنێن کە تاکی کورد دەی خوازیٚ ولەگەلٚ ئەمرۆدا دەگونجیٚ.

ئۆپۆزسیۆن بوون وشێوازی کارکردن ومامەلّەی تەندروست , دەرەنجامی گشت لایەنی کارە نەگەتیڤەکانی دەسەلاّت وبوونی گەندەلّی وهەلّە لە سیستەمی بەرێوەبردنی دەسەلاّت کارێکی ئاسایی وگەلێك تەندروستە کە ئۆپۆزسیۆن دروست ببێت کە ئەمە هۆکارێکە بۆ بەدیموکراتی بوونی ئەوکۆمەلّگایە وبەروپێش چوونە لە هەموورووێکەوە , دەبیٚ جێگای خۆشحالّی ودەست خۆشی هەموولایەك بێت , لێرەدا نامەویٚ زیاتر لەم لایەنەوە بدوێم چونکە ئەوەی گرنگە کە لایەنی بەرجەستەبوولە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆن دا دەبیٚ پێناسەیەك بۆ خۆی بکات ولە روانگەی ئەوتایبەتمەندیەی خۆیەوە مامەلّە لەگەلٚ بارودۆخەکاندا بکات وهەموپێکەوە لە خالّێك دا کۆبینەوە کە دەبێتە هێلّی سوور وهەلّوەستە

لەسەر كراوكە ئەويش بەرژەوەنديە نەتەوەييەكانە وپاراستنى كيانى كورديە ئەمە دەبێتە ئەركێكى هاونيشتمانى سەرشانى هەموومان پێكەوە بەبێ جياوازى , لەخوار ئەم هێڵەوە شەر لەسەر ناكۆكيەكان دەكەين ولەسەر بنەمايى ئەوديموكراتيەتيەى كە پێكەوە بنيادى دەنێن وهەمووبروامان پێى هەيە وكارى بۆ دەكەين وجێ گۆركێى دەسەلآت دەبێ ئاسايى وگەلێك تەندروست بێت , دەبێ دەنگ دان وسندوقى هەڵبژاردنەكان بريار دەرى كۆتابن تا ئەوشەرعيەتە بدەنە ئەوانەى دەسەلآت دەگرنە دەست وئەوەى دەبێتە ئۆپۆزسيۆن لە ئۆپۆزسيۆنى خۆيى بگات بەومەرجەى دەسەلآتيش پێشێل كەرى مافەكان نەبێت ولەسەر ئەوپرەنسيپە ياسايانە كار وئەركەكانى ئەنجام بدات ......

## دەوڵەتی کوردی لەنێوگۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆدا

## گۆڕانکاریەکان لە دونیای عەرەبی ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست...

ماوەیەکە گۆڕانکاری سیاسی لە باکوری ئەفریقاوە تا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسیستەم وگۆڕانی دەسەڵاتەکان وبەرزبوونەوەی نارەزایی زیاتری هاولاتیان کە لەزۆربەی ئەوولاتانەدا سەدەیەکخەڵکتوانایی هەڵمژینی هەناوی ئازادی ودیموکراتی نەبوو، لەگەڵ ئەوەی لە هەندێکی ئاستەنگیە سیاسی وگوزەرانی ژیان ودەیان کێشەی دی ..

لێرەدا من نامەوێ بگەریمەوە بۆ مێژیەکی دوور بەڵکولەوشۆرشەی کە ناسراوە بە شۆرشی رزگاری کە سەرەتایەکبووبۆ بەرەستەکردنی هەوایی ئازادی لەناوچەکەدا ، 18ی دێتسەمبەری ساڵی 2010 دا لەتونس ، دوای خۆسوتاندنی گەنجێکبەناوی ( محەمەد البوعزیزی ) ئەم گەنجە رۆژێکپێشتر ئاگر بەردەداتە جەستەی خۆیی وخۆیی دەکاتە قوربانی بۆ سەرهەڵدانی شۆرشەکان ، هۆکارەکەش دەگەرێتەوە بۆ کێشەی بێکاری

وهەژاری ودەستگیرکردنی ئەوعەرەبانەی کە کاروکاسپی پێوەدەکر لە لایەن پۆلیسی تونسەوە ، لێرەدا دەبێ تەواوی دەسەلاٌتەکان هەست بەوەبکەن کە کێشەی هاولاٌتیەکلەم شێوەیە دەکرێ ببێتە هۆیی روخانی دەسەلاٌتێکوگۆرانکاری لە ناوچەیەکیش .

لە نارەزایی وراپرین وریٰ پێوانی گەنجانی ئەوولاٌتەوە دژ بەدەسەلاٌت پەرەی سەند ودەسەلاٌتی 23 ساڵەی بن عەلی لە 14.01.2011 کۆتایی هات ولە 17.01.2011 دا بەپێی مادەی 56 ی دەستور یەکەم دەسەلاٌتی سیاسی وحکومی لەدوای بن عەلی دامەزرا ووەرچەرخانێکلە ژیانی سیاسی وتەواوی پرۆسەکاندا خۆیی سەپاند بەسەر سیاسیانی ئەم ولاٌتەدا .

10 رۆژ دوای روخانی رژێمی تونس ولەبەرواری 25.01.2011 بە هەزارەها هاولاٌتیانی مسر رژانە سەرشەقامەکان وداوای چاکسازی وگۆران ودارمانی ئەودەسەلاٌتەیان دەکرت ، ئەوەش لە روانگەی خراپی ژیانی خەڵکوبێکاری وئاڵۆزیە سیاسەکان وخراپی باری ئابوری وژیانی کۆمەلاٌیەتی وگەندەڵی لەوولاٌتەدا ، لەگەڵ ئەوەی کە گۆرانکاریەکان لەتونس کاریگەری خۆیان هەبوولە مسر دا توانرا لە 11.02.2011 دا حوسنی موبارەکدەست لە سەدەلاٌت بکێشێتەوە وگۆرانی سیاسی لەو ولاٌتەدا دەستەبەر بێت ، موبارەکلە ساڵی 1981 وە لەدەستەلاٌدایە ودوای زیاتر لە سی ساڵ کۆتایی پێهات وخواستی ئازادی وکرانەوە ومافەکانی مرۆڤ ودادپەروەری وبەرەوباشتر بوونی ژیان وگوزەران کەوتنە سەرپێیی یەکەم هەنگاوبۆکارکردن .

بێ گومان بەردەوامی گۆرانکاریەکان درێژەیان هەبووکە ولاَتی لیبیایی گرتەوە لە 17.02.2011 دا لەم ولاَتەدا وەکئەوانی دی هەولَەکان وەکپێویست نەگەیشتنە ئەنجام وشێوە شەرێکی ناوخۆیی دروست کرد لە نێوان دەسەلاَتی قەزافی وشۆرشگێرەکاندا کە ولاَتیان لە نێوان خۆیاندا بەشکردووە ورای گشتی جیهانیش پشتی لە دەسەلاَتی قەزافی کردوتەنانەت هێزەکانی ناتۆش هێرش دەکەنە سەر مۆلَگەکانی دەسەلاَت ، بەهەمان شێوەش لەیەمەن داوای ئەوەی کە خواستی جەماوەری لە زیادبووندا بووداواکاریەکان ئەوەیان دەخواست کە عەلی عەبدەلاَ سالَح دەست لەدەسەلاَت بکێشێتەوە وولاَت بەرەودیموکراتیەت بچێ ، بەلاَم بەپێچەوانەوە خواستەکان پشت گوێدەخران ، دوای بریندداربوونی لە 04.06.2011 بەهۆی ئەوهێرشەی کە کرایەسەر سالَح گۆزرایەوە بۆ سعودیەوچەندین نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا وتائێستاش ئەویش نایەوێت وازلەودەسەلاَتە بێنێت وسورە لەسەر مانەوە ونارەزایی وخۆپیشاندانەکان بەردەوامیان هەیە .

لە ولاَتی مەغرب کە دەسەلاَتێکی پاشایەتیە بەوشیوازەی ولاَتانی دی بەدورنیە لە کێشەوگرفت ونارەزایی بێ گومان خۆپیشاندان وبەرزببنەوەی نارەزایی بەرزبوونەوە بەلاَم دەسەلاَت لەم ولاَتەدا بەشێوازێکی دی دەستی بەچارەسەرکردنی بارودۆخەکان هەنگاوی نا لەوە چەند چاکسازیەکلە دەستور وگۆرانکاری توانی بارودۆخەکان لەولاَتەکەی هێوربکاتەوە .

لە ولاَتانی کەنداوی عەرەبی بەشیوازێکی دی مامەلَە کرا لەگەلٙ بای گۆرانکاریەکان کە تێکرای نارەزاییەکان کپ کرانەوە لەرێگای هێزوە کە

تۆمەتی جیاوازی مەزهەبیان خرایەپالْ وئێران لەوبارەیەوە تاوان بارکرا لەوانە لە سعودیە ولەبەحرەین ولەکوێت ، ئەمە لەوسەروبەرەدا ئەردەن بێ بەش نەبووکە نارەزایی وگازەندەی خەڵکلە خراپی گوزەران وئابوری ئەوولأتە لەگەلْ ئەوەی کار بۆ گۆری ئەودەسەلأتە کرا بەلأم سەرکەوتووبەنوو، دەسەلأتی پاشایەتی هەندێکگۆرانکاری کەرد بەلأم واپێدەچێ لە ئاست پێویست دا بەبن ...

لە سوریا ئەودەسەلأتەی کە هاوشێوەی دەسەلأتەی سەدام بەردەوام هێزێکی سەرکوت کەروکپکەری دەنگەکانە وئازادی لەم ولأتە بوونی نەبووە وکورد بەهیچ شێوەیەکوەکمرۆڤ سەیرنەکراون وهەمیشە لەهەمووئازادیەك ومافێکوەکنەتەوە بێ بەش بوون وراپەرین وخۆپیشاندانەکان ماوەی چەند مانگێکە بەردەوامی هەیە ودەسەلأت بەهەمووشێوەیەکلە هەوڵی سەرکوت کردنی دایە وهەزارەها کەس بوونەتە قوربانی ئازادیەکان لەم ولأتەدا .

عیراق ئەوولأتەی دوای دیکتاتۆریەتی سەدام ودارمانی رووی لە فرەلایەنی ودەسەلأتی پەرلەمانی وحکومەتی هەڵبژێردراولەرێگای سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە ، بەلأم هێشتا کێشەوگرفت وئاستەنگیەکان دوای ئازادی عێراق لە 2003 وە تا ئەمرۆ بەرەوئالۆزی وخراپ تر دەرۆن .. لە بێکاری وخراپی گوزەرانی ژیان ونەبوونی ئەمنیەت وکەمی خزمەت گوزاریەکان ونەبوونی دادپەروەری وبوونی گەندەڵی لە تەووای بوارەکانی ژیاندا ومانەوەی گرفتە سیاسیەکان ونەگەیشتنە دەرەنجام ، نارەزایی وخۆپیشان دانەکان سەریان هەڵدا بەلأم وەکپێویست کاریگەریان نەبووەکئەوەی لەهەرێمی کوردستان دا کە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەریوەی دەبرد دەرەنجام

کۆتایی پێهێنرا لەم بارەیەوە لێکدانەوە وتێروانینی جیاواز هەیە لەوەی کە ئایا ئێمەی کورد کاتی ئەوەمانە هەنگاوبەرەوگۆرانکاری هاوشێوەی ئەوولاتانەی دی بنێین ودەسەڵاتەکانمان بەرەولێواری مەرگ بەرین پێش ئەوەی هێستا خاوەن کیانی خۆمان ودەوڵەت وسەرەخۆیی خۆمان نەبین ؟

کەواتە ئەوکاتەی کە خواستەکان دەگەنە لوتکەوپێویستی مێژووی وهەنوکەی ئەوە دەخوازێ دەبێ گۆرانکاری بکرێت ، ئەوکات دەسەڵاتەکان چەندە بەهێزبن بەرامبەر بە ئیرادەی گەلْ وخواستەکانی جەماوەر خۆیان راناگرن وهەمیشە سەرکەوتن بۆ بەرەی گەلە .

**هەرێمی کوردستان وبەشەکانی تری کوردستان لەم گۆرانکاریانەدا .....**

کورد وەك نەتەوەیەك لەم ناوچەیەدا تاکە گەلێکی بەژمارە زۆرە کە خاوەن ولاَتی خۆیی نیە وتائێستا دابەشەولەمافەکانی بێ بەشە وئەوئازادیە رەهایەی پێ روانابینرێ ، چ لەلایەن ئەوولاَتانەی کە ئەم نەتەوەیەکان بەسەردا دابەشکراوە ، چ لەلایەن رای گشتی جیهانیەوبەتایبەت ئەوتاوانەی کە ولاَتانی داگیرکەری ئەم ناوچەیە بوون وکوردیان بەم شیوەیە دابەش کرد ، لەرووی یاساییەوە دەبووکورد ئێستا لە دادگا نیودەوڵەتیەکاندا داوای یاسایی لەسەر ئەوولاَتانە تۆماربکردایە وداوای مافەکانی خۆیی وقەرەبوویی سەرجەم ئەوزیانانەی تەواوی ئەوسەردەمەی بکردایەتەوە ، ئەگەر ئەمە وەکدەرەنجام بێ ئاکام بێت بەلاَم وەکجوڵەیەکی سیاسی بۆ بەهێزبوونی هەنگاوەکان بەرەودامەزراندنی دەوڵەتی کورد کاریگەری باشیان دەبووولە مەیدانی سیاسی نێودەوڵەتی دا کێشەکەی دەجولاَند

وهێزێكدەبووبۆ سەرجەم هەوڵەكان وپاڵ پشتێكی باشیش دەبووبۆ سەرجەم بزوتنەوەكان .


ئەوەی لێرەدا سەیرەوجێگای لێدوانە كاریگەری گۆرانكاریەكان لەوئاراستەیەوە نەبوون كە ئەمرۆیی كورد پیویستی پێیەتی ، كاتێكئەوبایە بەروماندا هات ولەگەڵ ئەوش دا دەیان ئاستەنگی وكێشەی هەڵواسراولە نێوان كورد ودەسەلأتی عەرەبی لە عێراق دا ماوە ورۆژ لەدوای رۆژ بەرەوئاستەنگی دەروات وئەوەی تەنها گۆرانی بەسەردا هاتووە لەرووی ئیداری وگوزەرانی هەندێكلە چینەكانی كۆمەڵگا دروست بووە ئازادیەكان لەئاستێكی دیاری كراودان وسیستەمی دەسەلأت لەم ولأتەدا چاكسازی دەخوازێ سەرەرای ئەوەی كە هەوڵەكان بۆ گشت ئەوچاكسازیانەی لە بواری ئیداری وكۆمەلأیەتی وئابوری ونەهێشتنی گەندەڵی وباشتركردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەكان چونكە تائێستا گرفت لەوبوارەدا هەیە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كە دەسەلاتی ئیداری كارانیە لەكارەكانی دا وناتوانێ بەسەر ئاستەنگیەكانی دا زاڵ بێت لەم روانگەیەوە چاكسازی وگۆران بەهەند وەردەگیرێت . بەلأم ئەوەی سەیر بووخۆپیشاندانەكان دەبوولەوروانگەیەوە سەرچاوەیان بگرتایە كە ئێمەی كورد خواستی سەربەخۆیی وبوون بەدەوڵەتمان هەیە وچی دی نامانەوێ لە ژێر ركێفی ئەم ولأتانەدا ژیان بەسەربەرین ، دواتر دەبوولە كێشە ناوخۆییەكانمان بروانیانە وقسەمان لەسەر جیاوازی بۆچەنەكانمان بكردایە وهەمووپێكەوە سەرمان لەسەر شیوەی دەسەلأت وسیستەمی بەریوەبردنی ولأت بكردایە نەكئێمە هێشتا هیچ نین بەلأم شەر لەسەر شیوەی دەسەلأت وسیستەمی بەرێوەبردنی دەسەلأت وپارەوئیمتیازات وزۆر بابەت كە تانها پەیوەندیان

بەبەرژەوەندی لایەنی وتایبەتیەوە هەیە وهیچ پەیوەندیەکی نەتەوەیی وئایندەییان پێوە نیە ، لەم خاڵەدا دەبووئێمەی کورد زۆر لەوە وریاتربووینایە وتەنها لەروانگەی بەژەوەندیە نەتەوەیەکانمانە هانگاومان بنایە ودەسەڵاتی ئەمرۆیی کوردیمان ناچاربکردایە لەم ئاراستەیەوە کاری بکردایە .

ئێران ورۆژهەلاَتی کوردستان لە تەواوی گۆرانکاریەکان لەم سنورە بێدەنگە وجوڵەی جەمارەوی بەهەمووشیوازێکدژایەتی دەکریت ، رەنگە ئەم دەسەلاَت جیاواز لە هەموودەسەلاَتەکان مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کورد هەیە وتاکە دەسەلاَتە لە دوای دەسەلاتی بەعس لە سوریا توانی بێتی کورد سەرکوت کات ورێگا بەوخواستانەنەدات بۆ تەنها ساتێکیش بەرزبنەوە لەگەڵ ئەوە لەم بەشەی کوردستان چەند جار هەوڵ دراوە وریپێوان ودەنگی نارەزایی هەبوون بەلاَم بەکوشتن وتۆقاندن ولەسیَ دارەدانی کورد پەروەران کۆتایی پێهاتوە وماوەیەکە بۆ درێژەدان بەپلان بەرنامەکانی دژ بەکورد دەستی داوەتە هێرشی سەربازی وتۆپباران کوردنی سنورەکانی کوردستان بەونیازەی کاریگەری هەبێت لە رێگا گرتن لە بەرزبوونەوەی نارەزایی لەم لایەنە خەڵکسەرقاڵ بکات ولایەکی تریشەوە ترس بخاتە دڵیانەوە ، لە رۆژئاوای کوردستانیش وەکئەوەی لە بارودۆخەکانی سوریادا باسمان کرد کوردیش بیَ بەش نیەولەنێوئەوراپەرین وخۆپیشاندانەدا ناوچە کوردیەکان وهاولاَتی کورد هاتۆتە مەیدان وداوای خواستە نەتەوەیەکانی دەکات ولە قوربانی داندایە بۆ دەست هێنانیان ، لە کوردستانی باکوریش لە دوولاوە کاروهەوڵەکان یەکدەگرنەوە بۆ هەمان مەبەست لەرووی خەباتی چەکداریەوە هێزەگانی گەریلا لەخەبات وهەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی

خواسته نەتەوەییەکان ولە ناوەوەش سیاسیەکانی کورد وپارتە کوردیەکان لە ریگای هەڵبژاردن ولە پەرلەمانی تورکیاوە کاربۆ بەدەست هێنانی بەشێکلەومافانە دەکەن کە لەم وڵاتەی خۆیی بەدیموکرات خوازوئازاد خواز دەزانیٚ وکار بۆ چونە ناویەکیەتی ئەوروپا دەکات بوونی نیە وتەنها رەگەز پەرستی دژ بەخواستەکانی کورد بوونی هەیە ...

بۆیە بۆ ئەم ساتەوە وەختە ولە کۆیی تەواوی گۆرانکاریەکاندا کورد هەڵوێستی یەکگرتووی هەبێت وهەموو پێکەوە رووله شەقام ودەنگی بەرزی




نارەزایی بکەن ولەوریگایەوە کار بۆ ئازادیەکان بکەن تا هەموپیکەوە ئەوئاواتە نەتەوەیانەمان بەدەست بێنین کە ئەویش دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردیە .. لەم روانگەیەوە بەپێیٚ ئەوراپۆرتانەی بڵاودەبنەوە بۆ کۆتایی هاتن بەکێشەکانی ئەم ناوچەیە چەندی بیروڕای جیاواز هەیە تەنانەت لە ناوئەمریکیەکانیش دا ، وەکئەوەی کە چەند ساڵیکلەمەوپێش لە وتارێکدا لە پێگەی Armedforces باس لەوە دەکریٚ کە نەخشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەوشیوەی کە گرفتەکان لەوناوچەیەدا بەکۆتایی

دێنێت وکوردیش یەکێکە لەونەتەوانەی کە تێیدا دەبێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ ... بێ گومان ئەمانە تەنها راپۆرتن وهەندێ جار خواست وبۆچوونی تاکە کەسین بەڵام دەبێ بەردەوام بەهەند وەربگیرێن وکاریان لەسەر بکرێت ..

## هەستی نەتەوایەتی وبەرپرسیارەتی تاکودەسەڵاتی سیاسی کورد لەم هەنگاوەدا ..

هەستی نەتەوایەتی پاڵپێوەنەرێکی گرنگ وپێویستە بۆ هەست کردن بە بەرپرسیاریەت بەرامبەر ئەرکە نەتەوەیەکان ، لەم رووە ئەمرۆ زۆر باس لەوەدەکرێ کە گەنجی کورد هەستی نەتەوایەتی لاوازەولەئاست پێویست دا نیە ، من جیاواز لەم رایە دەڵێم گەنجی کورد ئەمرۆ لەهەمووڕۆژێکزیاتر هەستی نەتەوایەتی بەرزە وبەپەرۆشە بۆ دۆزی نەتەوەیی .. ئەوەی دەبێتە خاڵی لێکنەگەیشتن وبەکەم زانینی ئەوهەستە نارەزاییەکانی گەنجە بەرامبەر بەدەسەڵات وتورانیەتی لە سیاسەت هۆکارەکانیش زۆرن لەوانە :

نەبوونی رۆشنبیریەتی سیاسی . بەحزبی بوونی کۆمەڵگا وکاریگەریەکانی لەسەر تاك، هێدەی بەپەرۆشی حزبەکەیەتی هێند بۆ بەرژەوەندیە گشتیە نەتەوەیەکان نیەتی . ناکۆکیەکانی پارتەسیاسیە کوردیەکان بەدرێژایی مێژووی سیاسی کورد . شەری ناوخۆ ودەرەنجامەکانی ومانەوەی ئاسەواری تا ئەمرۆ . بواری پەروەردەوفێرکردن وسستی ونەبوونی لە ئاستی پێویست ، کە هەیشە ئەم بوارە دەبێ کار لەسەر ئاینەدە بکات

ونەوەکان وەکبنەمایەکبۆ داهاتووی نەتەوە ئامادەبکات ، بەلاّم هێشتا بەم بوارە نەکتەنها لەرووی هەستی نەتەوایەتیەوە لاوازە بەڵکولە زۆر لایەنی دیشەوە لەوئاستەدا نیەودەبێ پیداچونەوە هەبێت .

راگەیاندن وەکلایەنی رۆحی وخوراکێکی هەمیشەیی لەم لایەنەوە گرنگی خۆیی هەیە بەلاّم بەداخەوە بەرژەوەندی حزبی وچوارچێوەی سیاسی پارتایەتی دا ئەم رۆڵەگرنگەی لەدەست داوە وپێویستە راگەیاندنەکان خۆ لەکێشە لاوەکیەکان لادەن وکار لەسەر رۆشنبیریەتی سیاسی ونەتەوەیی تاکی کورد بدەن ودەرگایەکبۆ کارکردن بەرەودەوڵەتی کورد بەرووی تاکی کورد وکۆمەڵگاکەی دا بکەنەوە .

کێشە ناوخۆییەکان ونەبوونی وتارێکی سیاسی یەکگرتوولە رووی پرسە نەتەوەییەکانەوە کەهەمیشە لە کۆتایی خاڵەکاندان وهەندێ جاریش ناسیان لێوەناکرێت .

نارەزاییەکانی شەقام وگلەیی خەڵکبەرامبەر بە ئەرکەکانی دەسەلاّتی ئیداری وکەموکورتیەکان ونەبوونی پێویستیەسەرەتاییەکانی تاکلە خزمەتگوزاری وبەردەوام بوونیان ونەبوونی چارەسەر ، وای لە تاکی کورد وبەتایبەت گەنج کە خۆیی لە سیاسەت ووتاری سیاسی کە پێکەوە هەستی نەتەوایەتی وون دەکەن وجۆرێکلەدابران وکەم تەرخەمی دروست دەکات کەواتە سیاسیەکانی کورد ولایەنەکانیان لەم رووە بەرپرسن .

باس لەوە دەکرێت کە تاکی کورد لە هەندەران هەستی نەتەوایەتی نەماوە یان هەستی نەتەوایەتی زیاترە ، ئەمە دوورای جیاوازن ، بەلاّم ئەوەی

ئاشكرایە هەمیشە مرۆڤ كە ولأت وباوەشی دایكدووركەوتەوە زیاتر بیری دەكات وزیاتر لەوەی كە لەماڵەوەیە بیری نیشتمان دەكات وبەردەوام بۆیی بەپەرۆشە وبەتایبەت ئێمەی كورد كە خاوەن ولأتی خۆمان نین زیاتر هەستی نەتەوایەتیمان دەبزوێ لەوروانگەیەوە كە مرۆڤی كورد لەهەندەران زۆربەی كاتەكانی كاركردنی یان خوێندن لەدەرەوی ماڵەكەی بەسەردەبات ومامەڵەی لەگەڵ نەتەوەكانی تر دەبێت وتێكەڵ بەكلتوروژیانی كۆمەڵگاكانی دی دەبێت وزۆر جار لەگەڵ ئەونەتەوانەی كە كوردیان بەسەردا دابەشكراوە پەیوەندی هەبووە وكێشەی دروست كردووە وتێروانینی هەمووبۆ مرۆڤی كورد جیاوازبووە لە نەتەوكانی دی كە خاوەن دەوڵەتن ودەناسرێن ، بەلأم بۆ ئێمە شێوازێكی ترە بەردەوان دەبێ بڵێی من كوردی فلأنە ولأتم كەواتە ئێمە بەبێ ئەم ولأتە داگیركەرانە دەبێ چی بین ؟

**ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەكەدا ..**

هەمیشە كورد لە زمانی ئەوانەی كە دژ بەدامەزراندنی دەوڵەتی كوردین كە ئیسرائیلی دووەمە لە ناچەكەودەبێ رێگا نەدرێت دەوڵەتێكی تری هاوشێوەی ئیسرائیل لەناوچەكەدا دروست بكرێت ..

لەوكاتەی كە دەروانین ملیۆنێككروات وسلۆڤینی ومەكەدۆنی رێگایان پێدەدرێت كە دەوڵەت دروست بكەن وخاوەن سەربەخۆیی خۆیان بن ، كۆسۆڤۆ ئەوكاتەی بووە دەوڵەت ولأتێكی وەكئەڵمانیا هاوكاری زۆری ئەوولأتەی لەرووی سیاسیەوە كرد بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی . خوارویی سودان بەشیوەی كە لەرێگای راپرسیەكەوە بریاری بوون بەدەوڵەتی بۆ درا ، هەوڵەكان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی

سەردەمێکە لە ئارادایەولەسەر ئاستی ناوچەکەولەئاست نێودەڵەتیدا کاری بۆدەکرێت وتەنها ئەجەندای سیاسی وناکۆکیە ناوخۆیەکان ودواتر ئەوئالۆزی وناکۆکیە مێژوویەی نێوان ئیسرائیل وعەرەب ویەکنەگرتنەوەی هەوڵەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئاستەنگن لەبەردەم دروست بونی ئەودەوڵەتە کە دەرەنجام دروست دەبێ بەڵام درەنگ وزووی کەوتووە .

کاتێککورد لەروانگەی مافەکانی خۆیەوە دەبێ بوون بەدەوڵەت وسەربەخۆیی پێ رەوابببینرێ وکاتی ئەوەش هاتووە لەگەڵ گۆرانکاریەکان لەم ناوچەیەدا کوردیش لەم گۆرانەدا بەمافەکانی خۆیی بگات ، کاتێکئەم دەنگۆیانە بەرزدەبنەوە زۆر بەخێرایی وڵاتانی داگیرکەرونەیارانی کورد هاواری ئەوە دەکەن کەگوایە بەدروست بوونی ئەم دەوڵەتە ئیسرائیلی دووەم لەناچەکەدا دادەمەزرێت ، ئەمە سەرەرای ئەوەی تەواوی دونیا دژ بەم هەولأنەیە وزۆر بەی زۆری ئەوولأتانەش دۆستی باشی لەمێژینەی دەوڵەتی ئیسرائیلن .

گەر لەسیستەمی سیاسی ئیسرائیل بروانین دەوڵەتێکە لەسەر سیستەمی دیموکراتی لەپەلەی یەکەم دایە لەناچەکە وئاستی پێشکەوتن وگەشەسەندن لەپێش زۆربەی وڵاتانی دونیاوەیە وتەنها دژایەتی ئەم دەوڵەتە لە ناوچەکەدا دەگەرێتەوە بۆ ناکۆکیە مێژوویەکانی لە ناوچەکەوبەتایبەت لەگەڵ عەرەب .

تەواوی ئەوولأتانەی ماف بەخۆیان دەدەن کە کورد وەکنەتەوەیەکی زیاترلە 40 ملیۆن بێ ماف لەژێردەستی ئەم ولأتانەدا بمێنێتەوە بە بێ ئەوەی سادەترین مافەکانی ژیانی وەکمرۆڤێکهەبێت وەکئەوەی لە ئێران وسوریا

وتوركيا به بەرامبەر بەكورد دەيان بينين ... كاتێكئەوە هەڵوێستی ولآتەكان دەبێت وكورديش وەكنەتەوە دەست دەداتە شۆرش وەكمافێكی ئاسايی بۆ گەيشتنە مافەكانی خۆيی زۆر بەخێرايی دەخرێتە نێوليستی تيرۆرودژايەتيەكی گەلەكۆمەيی لێدەكرێت ودەخرێتە ليستە رەش ودابراوەكانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاوكاری بۆسەركوت كردنی ئەوسەرهەڵدانانە ولەهەندێ لە كاتەكانيش باس لەوە كراوە ئەوئيسرائيلەی كە ترسيان لێی هەيە دووبارە بێتەوە هاوكاريان بووە لە رووی پێدانی زانياری وهاوكاری سەربازی بۆ سەركوت كردنی شۆرشی كوردی ، ئەی دەبێ ئێمەی كورد بۆ ئەوهەڵوێستانە چی بڵێين ؟

دژايەتی ولآتانی ناوچەكە بۆ دەوڵەتی ئيسرائيلی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە ئەم دەوڵەتە لە رووی ئاينيەوە دژايەتيی ئاينی ئيسلام وموسوڵمانانە وبەدرێژايی مێژووی ئيسلام بوونی هەيە وتا لەروانگەی يەكتر قبولْ نەكردن ولەچوارچێوەی ئاينيەوە بونيان هەبێت كێشەكان بەكۆتا نايەن وئاستەنگ بۆ دروست بوونی دەوڵەتی فەلەستينی بەردەوامی دەبێت ، كەهەمان كێشە لە نيوان پارتە سياسيەكاندا بوونی هەيە . لێرەدا كورد دوورە لە دروست كردنی دەوڵەتێكی ئيسلامی يان بەوواتايەی كە ئەودەوڵەتە لەسەر بنەمايەكی ئاينی ئيسلامی دروست نابێت وئەوسيستەمە زياتر بەلای عيلمانيات دا دەروات ونزيكدەبێت لە رۆژئاواوە دەبێت وبنەماكەی لە روانگەيەكی ديموكراتيانەوە لێی دەروانرێ ، بۆيە هەميشە لەلايەن ولآتانی ناوچەكە بەترسەوە لێی دەروانرێت كە پێيان قبولْ نيە لەناوەراستی ئەوولآتانەدا ولآتێكی عيلمانی نزيكبە رۆژئاوا دروست بێت ، بەوشێوەيە بۆ چونەكانيان لەوەی كە ئيسرائيلی دووەم لەناچەكەدا دروست دەبيت

لەدایکدەبێت دروشمی پشت بەستن بە ئیسرائیل تاگەیشتن بەخواستە نەتەوەییەکانمان ودروست بوونی دەوڵەتی کوردی لەرۆژهەلاٌتی ناوەراست کە ئەمە خەونی هەمووکوردێکە هەستی نەتەوایەتی تێدا هەبیٚ یان هەست بەوزووڵم وزۆرەی دوژمنان بۆ نەتەوەی کورد بکات .. بەلاٌم ئەوەی کە دەبینریٚ هێشتا زۆری ماوە دەسەلاٌتی کوردی بوێرانە ئەودروشمە بەرزبکاتەوە ودواتریش تا ئەورادەی ئێمە دەگەینە ئاستێك کە ئیسرائیل ئێمەی قبولٚ بێت وەك دۆستێکی ستراتیجی لەناوچەکەدا چونکە سیاسەتی ئەمرۆی کورد لەوشێوە دۆستایەتیەوە دوورە نەك لەوەی ویستی نیە یان نایەویٚ بەڵکوئیسرائیلیەکان ئەوهەنگاوە نانێن وئەوانیش هێندەی ئێمە دەترسن لەئاشکراکردنی ئەودۆستایەتیە بێگومان کردنەوەی دەرگایەکی لەم شێوەیە ئەوەندەی بەزیان بۆ سیاسەتی کوردی دەشکێتەوە وکاریگەری خراپیشی بۆ ئەوانیش دەبێت .. کەواتە لەبار نەبوونی ئەوزەمینەیە هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی کە کورد پێش ئەوەی چاوەروانی دۆستایەتی وهاوکاری خەڵکی دی بێت دەبیٚ بەخۆیی بنەمایەکلەسەر توانا ناوخۆییەکان وهیزەکانی خۆیی لە هەمووبوارەکاندا پاشان هەندیٚ لەوشێوە دۆستایەتیانەش کاریان بۆبکرێت ئەگەر بۆ ئەمرۆش نەبێت ئەوە بنەمایەك بن بۆ ئایندەمان . ئێمە ئەمرۆ بەوشێوە دروستە ناتوانین دۆستایەتی ستراتیجی بۆ ئایندەی نەتەوەیمان لەگەلٚ وئەمریکیەکان دروست بکەین کەواتە دەبیٚ چۆن بتوانین لەگەلٚ ئیسرائیل دروستی بکەین . . .

بیٚ گومان ئەم هەنگاوەش هێندە ئاسان نیە , هەرچەندە ئەووولاٌتانەی دەوروبەرمان زۆربەیان لەچوارچێوەی ئەودۆستایەتیەدان لەوانە تورکیا ودەوڵەتە عەرەبیەکان وەك میسروئەردەن وقەتەر وووڵاتانی تری کەنداوی

عەرەبی کە ئالاّی ئیسرائیل لەوولاّتەکانیاندا دەشەکێتەوە ولەپشتی پەردەی ووتاری سیاسی وجەماوەریەوە دۆستایەتی وهاوپەیمانیەتی مۆرکراویان هەیە لەسەر حسابی وولاتانی تری ناوچەکە . لەگەلّ ئەوەی کە گۆرانکاریەکان لەم ولاّتانەدا کاریگەری ئەرەنی دەبێت لەسەر ئەوشێوە هاوپەیمانیەتانەورەنگە لە داهاتوودا گۆرانیشیان بەسەردا بێت .

کورد زەمەنێك ویستی لەودەرگایە بدات وهەنگاویشی بۆنا بەلاّم لەگەلّ بەدیار کەوتنی بۆنی ئەودۆستایەتیەوهەست کردن بە ترس لەوبارەیەوە ، چونکە شێوە هاوپەیمانیەتێکی لەم جۆرە گەورەترین گورزی کوشندەیە بۆ نەیارانی کورد لەناوچەکە بۆیە هەرزووئەوانەی دووژمنی یەك بوون دەیان شێوە تەنازولاتیان بۆیەك کرد تەنها لەبەر ئەوەی پلانەکانی کورد بەرەوپێش هەنگاونەنێن وکورد رێگای خۆیی نەدۆزێتەوە وپاشانیش شەری عەرەب وئیسرائیل وگەمەی نێوان ئەمریکاوسۆڤیەتی جاران وياری کردن بەبیروفکری نەتەوەیی کورد کەتەنها بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا زیانی گەرورەیان بەشۆرشەکانی کورد گەیاند لەوانەش شۆرشی ئەیلول , ئەگەر کەمێك لە روداوە مێژوویەکانی سەرەتایی دابەش کردنی نەتەوەیی کورد بەوشێوەی ئێستا کە زۆر بەووریایی ولێزانیەوە ئەم کارەکراوە ومەبەستیش لەوەدابووە کە هەرگیزایی هەرگیز بچوك ترین مەوداش نەبێت بۆ یەکگرتنەوەی باشەکانی کوردستان , بەلاّم ئێمەی کورد وەك چەند جارێکیش ووتوومە زووشتمان لەبیردەچێتەوە دۆستی خۆمان لەدووژمنانمان جیاناکەینەوە هەرچەندە دەتوانم بلّێم دۆستمان تائەمرۆ نیە وئەوەشی خۆیی بەدۆستمان دەزانێ تەنها بەرژەوەندی کاتی ودۆستایەتی کاتیە ورۆژێك کۆتایی پێ دێ وەك دۆستایەتیەکانی پێشوومان .

هەیشە کورد بەوە فێرە لەخەونی قووڵی خۆیدا کاتێك بەخەنجەری بەناودۆستەکانی لەپشتەوە لێدەدرێت وپاشان بەخەبەردێتەوە . ئەوووڵاتانەی کە ئەمرۆ لەناوچەکەدا دۆستایەتی باشیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە ئەوانیش بەهەمان شێوە وهەمان چاوەوە سەیری مەسەلەی کورد دەکەن وهەمان بۆچوونیان هەیە .

گەورەترین کۆسپ بۆ رێگا گرتن لەدروست بوونی ئەوپردە ئەوووڵاتانەن ، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە دەوڵەتی کوردی مەدالیایەك نیە بەدەستی ئیسرائیل ووڵاتانی داگیرکەری کورد بەویستی خۆیان بماندەنێ, بێگومان دەستکەوتێکە دەبێ خۆمان بەدەستی بێنین , نەك چاوەروانی خەڵکی دی بین .

بەبرواوە ئیسرائیل وئەمریکا وووڵاتانی ناوچەکەش بەعەرەبەکانەوە لەگەڵ خواستی نەتەوەیی کوردنین , ئەوەش ناگەیەنێ کە ئەمریکا وئیسرائیل نەیانەوێ , بەڵام بۆیان ناکرێ یان لەبەرژەوەندیاندانیە ودروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لەناوچەکەدا کارەسات وشەری خوێناوی لێدەکەوێتەوە وگرفت وکێشەی هەردوودەوڵەت زیاتر دەکات لەوەی کەئێستا هەیە . چونکە ئیسرائیل وئەمریکا لەناوچەکەدا بەدرێژایی چەندین ساڵ کاری دیبلۆماسی وچەندین شێوە کاری سیاسی وئابوری تاگەیشتوونەتە ئەورادەیی چەند دۆستایەتیەکدروست بکەن وچێ پێگەی خۆیان قایم کەن وهەوڵەکانیش کەم تازۆر بەخۆشی بێت یان ناخۆشی ئەوپێگەیان دروست کردووە بەبێ بوونی کورد تێیدا وبەجۆرێك کێشەی کورد زۆر کاریگەری لەسەری نیە وئەگەر لەهەر لایەکیشەوە دەنگی دروست بوونی دەوڵەتی

کوردی یان دۆستایەتی کورد وئیسرائیل کە راستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر ئەوپێکە ستراتیجیەتانەیان وترسی ئەوەش هەیە ئەودۆستایەتیانە هەڵبوەشێنەوە وناوچەکە بەرەوگۆمێکی خوێناوی تر ببات , بۆیە دەبیٚ ئێمەش پێش ئەوەی  بیر لەوە بکەینەوە بەپشتی ئیسرائیل وئەمریکا دەوڵەتی کوردی دروست بکەین دەبیٚ ئامادەیی وخۆسازدانی تەواومان هەبێت بەم شێوەی ئێستا وبەم بۆچونانەوە مەحاڵە بتوانین بۆ چەند مانگێك ئەودەوڵەتە بەرێوەبەرین , چونکە زۆرمان ماوە بتوانین لەچوارچێوەی ئیداری وسیاسی وئابوری وکۆمەلاٚیەتی دەوڵەتێکدا ژیان بەسەربەرین , زۆر کەم وکوریمان هەن دەبیٚ چارەسەریان بکەین زۆر گرفت وکێشە هەن دەبیٚ کۆتایان پیٚ بێت , هەستی نەتەوایەتی زیاتر بەهێزبێت وجیاوازی بیرورا وبۆچوونەکانمان لەم بارەیەوە یەك خەین ئاستێکی رۆشنبیری هاوبەشمان هەبێت ودەروازەی دوورەپەرێزی ولێکدابران بەکۆتابێت ولە نزیك بوونەوەولەیەك گەیشتن وقبوولٚ بونمان بەپێکەوە ژیانی هاوبەش وئامانج وهیواکانمان بۆ ئایندە یەك خەین ودروشمەکانمان یەك بگرنەوە وئاوێتەی فکروبۆچی نەتەوەییمان بنەوە , ئەوکات دەتوانین هەنگاوی دووەم بنێن , دروست بوونی ئەودەوڵەتە دەبیٚ جیاوازی هەبێت لەوشێوە دەوڵەتانەی ناوچەکە ، چونکە دەوڵەتی کوردی بەدروست بوونی تێکرایی ناوچەکە دەبێتە دوژمن وجۆرەها پلان ودەست تێوەردانی بۆ دروست دەبیٚ وئەگەر لەحاڵی ئێستاماندا بین ئەوە تەنها بەدەستی کورد ئەودەوڵەتەمان لەدەست دەچیٚ وئەویش وەك دەوڵەتەکەی شێخ مەحمودی نەمروپێشەوا قازی لیٚ بەسەردێت ودەبێتە قوربانی پلان وبەرژەوەندیە ناوچەیی ودەوڵەتە زلهێزەکان وئەوکات دەڵێن نەبوونی باشتربوو.

جیاوازیەکان دەبێ لەفکروبۆچوونەوە دەست پێبکەن ودەبێ شێوەی دیموکراتیەتی بەومانایەبێت کە دیموکراتیەتی لیبرالی بێت ، نەك ئەودیموکراتیەتەیی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست . سەرەتا لە بەکارمەندبوونی بەرپرسەکان بۆ خزمەتکردنی نەتەوەونیشتمان هەنگاوێکی گرنگە وەك وولاتانی ئەوروپی . لەگەلّ بنەمایەکی پیشەسازی وئابوری بەهێز کەبتوانیّ لە رێگای دەستی کاروبەرهەمی ناوخۆییەوە پێویست کە کالاکانی هاوردەی دەرەوە نەکەین .

لەناوخۆدا ئامادەیی تەواومان نیە وسەرکردەکانیشمان لەم خالّەدا زۆر بەئاگان وهەمیشە قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە بەوشێوەیە وەلام دەدەنەوە کە کات وزەمینە لەبار نیە بەلام خەونی نەتەوەییە وماڤی خۆمانە خاوەن دەولّەتی کوردی بین لەگەلّ ئەوەی کە هەندیّ جار بەخەونی شاعیرانە ناودەبرێت ..

هەستە یەك نەبووە نەتەوایەتیەکاندا.........

هەستە نەتەوایەتیەکانی کورد بەدرێژایی مێژوولەکۆیی یەك چوارچێوەدا خۆیان کۆنەکردۆتەوە وهەمیشە هەولّ وکۆششەکانی ئەوکەسایەتیانەی کەهەردەم بەتەنگ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتین وهەمیشە کۆمەلّگایان بەئاگاهێناوەتەوە لەوکاتانەی کە هەولّی دوژمنان لەوەدابووە ئەم هەستە کەم بکەنەوەوولەباری بەرن , کەواتە نەك تەنها دوژمنە سەرەکیەکانی کورد وئەوانەی کەکوردیان تێدا بەشکراوە ئەم شێوەهەولانەیان داوە بگرە دوستەکانیشیان کە خاوەن ستراتیجیەت وکاری هاوبەش وبەرژەوەندی ئایندەییەکان پێکەوە دەیان بەستێەوە . گرفت

لەوەدایە ئێمەی کورد تابەئەمڕۆش دەگات خۆمان لەوچوارچێوەیەدا کۆنەکردۆتەوە کە دلْ خۆشکەربێت وهیوایی ئایندەیی گەشی نەتەوەیی پێوەدیاربێت .. لەگەرانەوەیەکی گشتی بۆ لاپەرەکانی مێژوووهەندێ لەومەسەلە گرنگانەی کە کاریگەریان لەسەر گرفتی سیاسی ونەتەوەیی کوردەوە هەیە..

یەکێکلە گرفتە هەنوکەیەکانمان ئەوەیە هەستی نەتەوایەتی لەوچوارچێوە بەرنامەدارێژراوە نەتەوەیەدا نیە کە هیواوخواستی نەتەوەیی کورد بەدی بێنێ وهەمووفکروبۆچوون وپیرۆزی وتەنها بۆچوونە پارتایەتیەکان وپەیرەوی بەرنامەدەرەکیەکان ودواکەوتنیان بەوهیوایەی لەورێگایەوە خواستەنەتەوەییەکان بەدی بێنن ودواتریش ئەوفکروبۆچوونانەش بەهەڵە بەکارهێنانیان ودژایەتی پێکردنیان لەگەڵ یەك تردا .. ئەمانە شێوە سیاسەتێکی کەسایەتی کوردبوون وئەمرۆش لەگۆرەپانی سیاسی دا کاری پیێ دەکرێت ودەرەنجامەکانیشی لەودەرەنجامانەی پێشووباشترنابن لەگەڵ هەندێ گۆرانکاری ولەیەك نەچوونی بارودۆخەکان بەلاٌم ناوەرۆك ومەبەستەکان هەمان شێوەن وگۆرانیان بەسەردانەهاتووە.

شەرە ناخۆییەکانی کورد وناتەبابوون ولەیەك نەگەیشتن وقبولْ نەکردنی رای یەکتر وگیرفان ودەسەلاٌت جیایی , بەشێوەیەك هێندەی کورد بەخۆیی زیانی بەکێشەکەی گەیاندووە دەگەیەنێ هێندەی قوربانیەکانی نێوخۆیی ئەوەندە لەگەڵ دوژمنەکانی قوربانی نەداوە ، بەلاٌم کاریگەری زیانە ناخۆییەکان لە دواخستنی دۆزەکەی زیاتروچەند بەرابەرە ویەکێك بووە لەوهۆکارانەی کە هەمیشە کورد بەلاوازیەوە بەدەم گرفتەکانی خۆیەوە

چووە وداوایی مافەکانی خۆیی کردوە . بێ گومان کورد پێویستی بەوە هەیە کە ماق دەبێ بستێنرێ نەك وەربگیرێ ، لەگەلێ بەرەنگاربوونەوەی کورد بە دووژمنەکانی دەبێ لە هەمان کات دا لە رووی یاساییەوە وبەپێی یاسا نێودەولەتیەکان کورد رووبەرووی ئەوولاتانەش بێتەوە کە رۆژگارێك ئەم نەتەوەیەیان بەبێ ویژدانانە دابەش کردووە وبیریان لەوە نەکردۆتەوە ئەمانیش وەك تورك وعەرەب وفارس ونەتەوەکانی دی لەناوچەکەدا خاوەنی مافەکانی خۆیانن وئەوانیش ماق ئەوەیان هەیە سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەولەتێکدا وەکئەونەتەوانەی دراوسێیان بژین .

لاوازی کوردمان باس کرد .. بێ گومان نەتەوەیی کورد بەیەکێك لەونەتەوە ئازاوبەجەرگانە دەناسرێت بەلاّم نەزانین وسوود وەرنەگرتن لەوئازایەتیە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خۆیی ئەگەر ئاورێك لەشۆرشەکانی ( ئەورەحمان پاشا 1804 وبلباسان 1818 وبەدرخان بەگ 1843 بۆ 1846 ویەزدان شێر 1853 بۆ 1855 وشێخ عبدلاّی نەهری 1880 ) تا دەگاتە شۆرشە نوێخوازیەکانی ئەم سەردەمانەمان کە دەکاتە 100 سالی رابردوو, بۆچوونەکان لەفکری دەولەت ونەتەوەدا خۆیان وون کردوە وخواستەکان هەمیشە بچوك کراونەتەوە وبەشێوەیەك کاریان بۆکراوە وبەشێوەیەك دوژمنەکان رەفتاریان کردووە وخۆیان بەخاوەن ماف زانیوە هێندە کورد ئەوهەقەی بەخۆنەداوە , کەواتە کۆنەکردنەوەیی هەستی نەتەوایەتی وبیروراکان لەوخالەدا گرفتێکی تری کەسایەتی سیاسی کوردیە , لەهەمان کات دا هەست وسۆزی هاوبەش بۆ بۆچوونە نەتەوایەتیەکان ونەبوونی ئەوفەرهەنگ وشارستانیەتە یەك گرتووەیی کە بتوانێ لەوخالەدا کۆمان بکاتەوە.

رۆژگارێك بەشان وباڵی روسیا دا كورد هەڵی دەدا وەك چۆن فریشتەیەك لەئاسمانەوە خودا بۆ كوردی ناردبێ هەمووخواستەكان لەبروا بەخۆبوون وپشت بەستن بەخودی كەسایەتی كورد وسیاسەتی سەربەخۆ كە هەمیشە وولآتێكی وەك روسیا سیاسەتێكی رون وئاشكرایی بەرامبەر بەكورد نەبووە ئەگەر لەسەرتایی شەری جیهانی یەكەمەوە بگرە تابەكۆتایی هاتنی شەری سارد وئەمرۆش ، یان وولآتانی تری رۆژئاوا وسەرمایەداری , ئەمە خاڵێكی گرنگە , بەهەمان شێوە وولآتانی تر كە بە وولآتە داگیركەرەكان ناسرابوون ولەماوەی شەری جیهانی یەكەم ودووەم دا مەرگەسات وماڵ وێرانیان بۆ كورد وكوردستان هێناوئەونەتەوەیان لەسەر نەخشە سریەوە وئەمرۆ كەسایەتی سیاسی كورد دەستی لەدەستیان ناوەتەوە وبەوپەری برواوە شانازی بەدۆستایەتیانەوە دەكات .

كورد دەبێ لەرووی یاساییەوە بۆ نەخشە وپلان بەرەودامەزراندنی دەوڵەتی كوردی لە پەیمانی سیڤەرەوە دەست پێبكات ، لەگەڵ ئەوەی كە پەیمانی لۆزان 1923 ئەوپەیمانەی سیڤەری هەڵوەشاندەوە وخەونەكانی كوردی بۆ سەربەخۆیی وگەیشتنە مافەكانی بەكۆتا هێنا ، بۆیە هێڵی برۆكسل وبەرمانەوپلانی ئینگلیزەكان وتوركیا لەیەكخاڵی هاوبەشدا یەكیانگرتەوە كە لەناوبردنی نەتەوەیی كورد وتواندنەوەی بوو.

تەنانەت شاسماعیلی سەفەوەیەكانیش ئەوهەقەی كوردی بەرەوا نەدەبینی ودژایەتی ئەم نەتەوەیی كرد وئەمرۆ بەبروایەك بیر لەدۆستایەتی وبەرژەوەندیە هاوبەشەكان دەكەینەوە , كە فكروبۆچوونە نەتەوەییە عەرەبیەكان بەچ ناوناتۆرێكەوە بن جیاوازیان نیە ودوژمنی كوردن لەم

خاڵەدا یەك دەگرنەوە , رەنگە کورد ئەمرۆ نەتوانێت خۆیی لەدونیا یاخی بکات چونکە دونیا بەپێی مێژوولەگەڵ خواستە نەتەوەیەکانی دا نەبووە بەلاّم دەکریّ لێرەولەویّ ئەوهەڵویستانەی کە پێویستن ولەکاتی خۆیاندان وەربگیرێن , رۆژانە وبەپێی ئەوگۆرانکاریانەی لەناوچەکەوعێراق دا لەئارادان ئەوە نیشان دەدەن کە ناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەراست بەرەوگۆرانکاری دی دەچێت وپێویستە کورد بۆ هەرگۆرانکاریەك ئامادە باش بێت ئەوەش تەنها لایەنی سەربازی وئیداری وسیاسی وئابووری ناگرێتەوە بیّ گومان لەهەموویان گرنگ تر یەك گرتنەوەی هەستە نەتەوایەتیەکان ویەك ریزی بۆچونەکان وکۆکردنەوەیان لەیەك خاڵی هاوبەشدا کە ئەویش بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانە.

کاتێك باس لەسەربەخۆیی کوردستان دەکرێت ولێرەولەویّ بۆچون ولێدوانی جۆراوجۆر بەرزدەبنەوە ئەگەر دژبن یان لەگەڵ , بەلاّم ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن ئەوهەستە لەنێوان راستی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی وهەستی نەتەوایەتی دا کۆدەکەینەوە , چونکە خۆدان بەدەستەوە بۆ دروست بوونی دەوڵەتێك بەبیّ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی پتەوبێت ئەوە دەبێتە مەرگەسات ودەبێتە دەوڵەتی لەدایك بوویی مردوو.. ئەگەر تورکیا لەلایەك هێرش ومەترسیەکانی بەشێوەیەکی ئاشکراتر لەووولاّتانەی دی بەدیاردەخات مانایی ئەوە نیە ئەوانی دی بیّ دەنگن وبیّ ئاگان بێگومان بەهەمان شێوەوبگرە زیاتر نیگەرانن بەلاّم گرفتەکانی خۆیان لەوە زیاترن کە گرفتی دی بۆخۆیان دروست بکەن وئەوەش کە تورکیا دەری دەبرێت لەوروانگەیەوە دێت کە دۆستێکی ستراتیجی گرنگی ئەمریکایە لەناوچەکەدا وهاوکارودۆستێکی تری گرنگی ئیسرائیلە ولەم ناوچەیەدا

وولاَتێکی تری وەك تورکیایان بۆدروست نابێتەوە , کەواتە لەروانگەی ئەم هێزەوەیە بەوشێوەیە هێرشەکانی دەکاتە سەرکورد .. لەهەمان کاتیشدا لە دەرگای تیرۆر وپاریزگاری کردن لەخۆیەوە هەنگاودەنێ , کەدەبێ ئەوهەنگاوانە پێچەوانە بکرێنەوە واتە کوردیش ماڤ خۆیەتی وپێویستە ئەومافە بەدەست بێن وئەوزوڵم زۆرەی سەری کەم بێتەوە . بەگۆرینی تێروانینەکان بەرامبەر بە خەباتی سیاسی کوردستانی باکور وخستنیە نێوگۆرەپانی چالاکیە سیاسیە دیبلۆماتیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش تا تێکرایی تێروانینەکان گۆرانیان بەسەردابێت وهاوکێشە بگۆردرێن ئەویش بەهاوکاری هاوبەش ، ئەوە ئێرانیشە لە ریگای ترساندن وگرتن ولەسێدارەدان وتۆپ باران کردنی سنورەکانی هەرێمەوە کار لەسەر بەرنامەکانی خۆیی دەکات وئەوش بارودۆخەکانی سوریایە کە دەبینرێ .

کۆکردنەوەی هەستەنەتەوایەتیەکان ولەرۆژگارێکی وەك ئەمرۆدا لەهەموورۆژگارەکانی دی گرنگ تروکاریگەری خۆیی هەیە چونکە هەوڵەکان هەمیشە لەوەدان کە ئەم هەستە لەناوبەرن وبەخۆشمان هاوکاری ئەوهەولاَنە دەدەین بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین..

هاوکێشە سیاسیەکان وئەوستراتیجیەتە سەرەکیانەی ئەمرۆ لەناوچەکەدا تەواوکەری هەمان ستراتیجیەت وپلانە لەمێژینەکانن کاریان لەسەردەکرێت وهەمووشیان لەسەر حسابی نەتەوەیی کوردن وکوردیش دەبێ ئەوە بزانێ کە ووتە وبەڵێن ودۆستایەتی ودەست هێنان بەسەری کوردا لەخزمەتی کوردنین , هەمووئەمانە بۆ هێورکردنەوەی کوردن وئاڵۆز نەبوونی بارودۆخەکانن تا پلانەکان وەك خۆیان بەئەنجام بگەن ودواتر خواستەکانی

کوردیش بەچەند دەستکەوتێکی کاتی وکەم کۆتاییان پێ دێت . ئێمەی کورد دڵمان بەوەخۆش دەبێت کە بەرپرسێك ناوی کورد بەرێت یان واپێشان بدات کەدۆستی کوردە یان سیاسیەتی کارکردنی ئاییندە لەبەرژەوەندی کورد دایە وەك چۆن لەوماوەی پێشودا هیلاری کلنتۆن پێشنیاری ئەوەی کرد کە بەگەرانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەندێك لەوانە لەکوردستان جێگیربکرێن یان دواتر کلنتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئەوەی دوپات کردووە وتەئکیدی کردەوە کە ئەوان دژی هەر هێرشێکی تورکیان بۆ کوردستانی عێراق وئەوەشی ووت کە سەرەرای ئەوەی تورکیا دۆستێکی ستراتیجی باشی ئەمریکاودۆستێکی باشی ئیسرائیلیشە لەناوچەکەدا , ئەم ووتانەی ئەوە دەگەیەنێن کە ئەودۆستایەتیە بەردەوامە وئەووولاتە لەستراتیجەتێکدا یەکیان دەگرێتەوە بۆیە لەدەستی نادەن , بەلأم ئەمرۆ وبۆ سیاسەتێکی هەنووکەیی وکاتی دەبێ ئەوهەنگاوانە بگۆرن لەبەر ئەوەی ناوچەکە ئەوەی پێویستە ئەمانە راستین ودەبێ کورد خۆیی لێیان گێل نەکات ودەرکیان پێبکات وئەورۆژگارەی لەبەرچاوبێت کە رای گشتی ووولأتانی دوونیا پشتیان لێکردبووئەویش لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکان یەکیان نەدەگرتەوە..

لەم روانگەیەوە داوادەکرێ کورد بەرژەوەندیە تاکەکەسیەکان , بەرژەوەندیە حزبیەکان وبیرەتەسەکان ئەوماوەیەنادەن ئەوهاوکێشانە بەدیاربکەون وهەستیان پێبکرێت . نمونەش لەگۆرەپانی سیاسی ئەمرۆی عێراقی دا وئەوگرفت وکێشە سیاسیەی کە هەیە زۆر بەراشکاوی ئەوبابەتانەی سەرەوەمان بۆ بەدیاردەخەن ودەبینین چۆن ئەوعەرەبانەی کە سیاسەت وئامانجەکانیان لەگەڵ ئەمرۆی سیاسەتی عێراق ناگونجێت بەبێ سڵ

کردنەوە بەرەنگاربونەتەوە وهەندێك لەوانەش بەخۆیان لەنێودەسەلآت وپرۆسەی سیاسی دان بەلآم دەنگی نارەزایی وزمانی هەرەشەوتەنانەت شەرکردن وپەنابردنە بەرچەکیش بەدوورناخەنەوە , ئەمانە هەمووله‌پێناوهەڵوێستێك یان بیروراییەك کە لەوروانگەیەوە هەست دەکرێت مافەکانیان خوراوە یان داواکاریەکانیان بەدەست نەهاتوون , لێرەدا کورد نەك لەعێراق بەڵکوئەووولآتانەی کە کوردیان تێدا دابەشکراوە تادەگاتە وولآتانی تری ناوچەکە هەموودەستیان لە زوڵم وزۆر شەری جینۆسایدوکۆمەڵکوژی ولەناوبردنی نەتەوایەتی کورد هەیە وپێویستە هەڵوێستمان بەرامبەریان هەبێت , بەلآم بەداخەوە ئەوەی دیبینین بەپێچەوانەی دروشم وووتارە سیاسیەکانن وئەوەش دەبێتە زیاتر پەرتەوازەبوونی هەستە نەتەوایەتیەکان ولاوازبوونی ، دەرەنجام هەموومان پێکەوە باجی ئەوهەڵانەدەدەین..

# فیدرالیەت وکۆنفدرالیەت لە سیستەمی دەسەلاَتی نوێخوازی دا

سەرەتا بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی ونوێخوازی کە ئەمرۆ لە زۆر ولاَتانی دوونیادا کاری لەسەر دەکرێ وسەرکەوتوانە بەریوەدەچیٚ و دەبێتە دەرەنجامی کۆتایی هێنان بە کێشە سیاسی ونەتەوەیەکان وهەنگاوێکبۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی وئارامی وپێکەوە ژیان وبەکۆتایی هێنانی ناکۆکیەکان ولەهەندێ لەوپێکەوە نزیکبوونەوانەی کە فیدرالیەت وکۆنفیدرالی دروست دەبن بە ویستی دەوڵەتەکان خۆیان بۆ گەیشتنە ئامانجە هاوبەشەکان . دەکرێ پێش ئەوەی باس لە پرۆسەی کۆنفدراڵی بکەین هەڵوەستەیەکلەسەر بنەماکانی فیدراڵیەت بکەین ولەوێوە هەنگاوبەرەوکۆنفدراڵی .

❖ فیدرالیەت

شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەلاَت کە مافەکان لە چوار چیوە دەستوریەکاندا دەسەلاَتەکان دابەش دەبن لەنیوان دەسەلاَتی ناوەند وهەرێمەکاندا وبەپێی یاسا ولە روانگەی دەستورەوە ئەرکەکان ومافەکان بەدیاردەبن .. بیٚ گومان بۆ گەیشتنە ئەم دەرەنجامە لە نێوان نەتەوەکاندا پێویستی بەوپەیوەندیە مێژوویە هەیە بۆ پێکەوە ژیان ودواتر ویستی خۆیی بۆ ئەوپەیوەندیە لە چوار چێوەی دەسەلاَتێکی

فیدرالیدا ... بیٚ گومان ئەم شێوە سیستەمە لە زۆربەی ولاٚتانی دونیا پەیرەودەکرێت لەوانە ( ئەرجەنتین .. ئەڵمانیا .. ئوستراليا .. بەلجیکا .. نەمسا .. هیند .. مەکسیك.. مالیزیا .. عیراق .. ئیماراتی عەرەبی .. پاکسان .. نەیجیریا .. روسیا وچەند ولاٚتێکی دی ) .

❖ کۆنفدرالیەت ... Confederation

سیستەمی سیاسی لەم ولاٚتانەدا جیاوازن لە شێوەی ئەوولاٚتانەی کە شێوە سیستەمی فیدراڵین .. پێکهاتەی ئەم دەسەلاٚتە لە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ خۆیی دەگریٚ لە نێوان خۆیاندا رێکدەکەون لەسەر بنەمایی دروست بوونی دەوڵەتێکی کۆنفدرالی ، بەومانایەی ئەویەکیەتیە دەبێتە پارێزەری بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان وبریارەکانیان بەهاوبەش وپێکەوە دەدرێت ، بەلاٚم لەدەوڵەتی فیدرالی دا یەکدەوڵەتە سەرەرایی دابەش بوونی دەسەلاٚتەکان لەنێوان هەرێمەکان وناوەند ... لە کۆنفدرالیەت دا سەربەخۆیی دەوڵەتەکان پارێزراوە وبەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان دەکریٚ لەرێی رێککەوتنەوەکانەوە دەبن بەومەرجەی رەزامەندی تەواوی دەوڵەتە ئەندامەکان ولە سیاسەتی نوێی دا کۆنفدرالی یەکیەتیەکی هەمیشەیی دەوڵەتەکانە کە خاوەن سەروەری خۆیانن بۆ کاری هاوبەش کە پەیوەندی بەولاٚتانی ترەوە هەبێت ... دەستور وەکسەرچاوەیەککە دوای ئەورێککەوتنانەوە دێت کە تێیدا مافەکان لەوچوارچێوەیەدا دەپارێزێت وئەرکەکان دەست نیشان دەکات وزۆربەی کات پرسە گرنگەکان وەکلایەنی سەربازی وکاروبارەکانی دەرەوە ولایەنی ئابوری خاڵی هاوبەش دەبن لە کاروباری دەوڵەتی کۆنفدراڵی لەهەمان کات دا بواری وەرزشی ورێکخراوە پیشەییەکان سەربەخۆیی خۆیان دەبێت وجیاوز لەویەکگرتنە مامەڵەدەکەن وهەندێکجیاوازی لە شێوازی

ئەودەسەلآتانەدا لە کۆنفدرالیەتەکاندا ونمونەی هەندێکلەوانە ( یەکیەتی ئەوروپا .. کەنەدا .. سویسرا .. ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبی ) .

❖ کۆنفردرالیەتی یەکیەتی ئەوروپا Europäische Union

یەکیەتی ئەوروپا وشێوەیەکلەویەکیەتیە خۆویستیەی کە جیهاندا وێنەی نیە وکۆنفدرالیەتێکی سەرکەوتوونمونەییە وکۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتیە بۆ ولآتانی ئەوروپا کە 27 ولآت لەخۆیی دەگرێت .. سەرچاوەی دروست بوونی ئەم یەکیەتیە وەکراستیە مێژوویەکان دەگەریتەوە بۆ پایماننامەی ماستریخ کە ساڵی 1992 مۆرکراوە . بێ گومان بۆچونەکان وهیوای ئەم یەکبوونە لەسەرەتایی پەنجاکانەوە بووە وکاری لەسەرکراوە ودەرەنجامی ئەوزەمینە ئەوروپا بەم رۆگەیشتووە.

گرنگترین بنەماکانی ئەم یەکیەتیە گواستنەوەی دەسەلآتەکانی دەوڵەتە نەتەوەیەکان بۆ دەوڵەتی موئەسەساتی لە ئەوروپادا ، لەگەڵ ئەوەش سەربەخۆی لە بریاردان ودەسەلآتەکان بەوشێوە سەربەخۆییەی وەکولآتێکبوونی دەبێت بەومانایەی ناتوانیٚ ئەم یەکیەتیە لە بنەمایی فیدرالیەتەوە ببینین وئەم شێوازە یەکێکە لەوسیستەمە دەگمەنانەی جیهان لە شێوازوسیستەمی رێکخراوەیی وکاریگەریەکانی لەسەر تاکلە ئەوروپادا لە رووی سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتی وگشت لایەنەکانی دی ژیان وهەنگاوێکبۆ ئازادیەکانی مرۆڤ ودەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی لە خۆشگوزەرانی ژیانێکی ئارام .

یەکیەتی ئەوروپا لەزۆر لایەنەوە کاروچالاکی جۆراوجۆری هەیە لەوانە دروست کردنی بازاڕێکی یەکگرتووویەکشێوە دراوکە 13 وڵات کاری پیٚ دەکات لە کۆیی 27 وڵاتەکە .. یەکیەتی ئەوروپا لە رووی سیستەمی کشتوکاڵیەوە تادەگاتە سیستەمی راولەدەریا لەسەر بنەمایەکی یەکگرتووکەبەرژەوەندیەکانی ئەم یەکیەتیە دەپارێزێت وکاری لەسەردەکات .

لەیادی 50 ساڵەی دروست بوونی ئەویەکیەتیەی کە لە دەرەنجامی ئەوئیمزا کردنەوە بوولە رێککەوتن نامەی رۆما ، بەوبۆنەیەوە لە 2007 دا ئەم یادە کرایەوە وئەورۆژە بەبەرزوپیرۆز راگیرا .

لەمێژووی ئەوروپادا زۆر هەولٚ وتێکۆشان هەبوون لە یەکگرتنەوەی ئەم یەکەتیەدا ، گەر لە دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیەوە بروانین کە درێژبوونەوەی بە دەریای سپی ناوەراست دا تا ئیمپراتۆریەتی شارلمان فرنکودواتر ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز کە پێکەوە بەشێکی زۆریان لەژێردەسەلاتی خۆیاندا بۆ سەدان سالٚ فەرمان رەوایەتی دەکرد وپێش سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان ودواتر هەوڵەکان لەم بارەیەوە بوونی هەبووە بۆ یەکگرتنەوەی ئەوروپا لەوانە هەوڵەکانی ناپلیۆن لە سەدەی 19 دا ولە چلەکانی سەدەی 20 دا هیتلەر هەمان هەوڵی لەم بارەیەوە دا وهەردووهەوڵەکان سەکەوتنیان بەدەست نەهێنا وتەنها بۆ مایەکدرێژەیان هەبوو، بیٚ گومان لەروانەی ئەوپێکهاتەی دانیشتوانی ئەم کیشوەرەوە کە زمان ونەتەوایەتی ومێژووداب ونەریت ورۆشنبیریەتی جیاوازیان هەیە وبەردەوام لە رێگای هێزی سەربازی ودژبەخواستەکانی گەلەوە ئەم هەولاٚنە دراون ونائارامی وبەردەوامی شەروناکۆکیەکان ئەوهۆکارە گرنگانە بوون لە بەردەوام نەبوونی هەوڵەکان وشکست خواردنیان

وبەپێی دەقە مێژوویەکان تەنها هەوڵێککە لە رێگای  بۆچونێکی ئاشتیانەوگیانی هاوکاری ودادپەروەری وپێکەوە ژیان وئەندام بوون لەوپرۆژەی یەکخستنە لەلایەن رۆشنیروچالاکوان لەبواری ئاشتی فیگتۆر هیگۆ ساڵی 1851 بەبێ ئەوەی ئەم هەوڵە بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە شەرەکانی جیهانی یەکەم ودووەم وکارەساتەکانیان ودەرەنجامەکانی وکاریگەریەکانی لەسەر ژیانی هاولآتیان وپێویستیەکانیان لە ئازادی ودەستەبەرکردنی ئەوژیانەی کە شایستەی دانیشتوانی ئەم ولآتانەیە لە هەنگاوەکان لە ئاوەدانکردنەوە وبنیادنانەوەی سەرلەنوێ بەشیوازێکی شارستانی ومۆدێرن لەسەر بنەما مرۆییەکان تا رێگا لە دوبارەبوونەوەی جەنگێکی دی جیهانی بگیرێ .

دروست بوونی کۆمەڵەی خەڵوزوپۆلآی ئەوروپی لە 1951 دەرەنجامی ئەوهەستەوە دامەزرا کە پێیان وابوودەبێ ئەوروپا رۆژگارێکلە چوارچێوەی سیستەمێکدا پێکەوە کۆبێتەوە ، ئەم کۆمەڵەیەش لە نێوان ئەڵمانیای رۆژئاوا وفەرەنسا وئیتالیا وبەلجیکاوهۆڵەندا ولوکسمبۆرگ دا بووبە یەکەم یەکیەتیەکی گومرگی هاوبەش ناسراوە لەژێر ناوی دامەزراوەی ئابوری ئەوروپیەکان ( European Economic Community ) ، یان ناوی بازاری هاوبەشی لێدەنرێت وئەمە وەکسەرچاوەیەکی کارکردن وتەشەنەکردنی بۆ کارگەوکۆمپانیاکان ودواتر لە بوارەسیاسیەکاندا وهاوبەشیە ئابوریەکان وشەریکایەتی تێیدا وئاڵوگۆرە بازرگانیەکان وتەشەنەکردنی پەیوەندیەکان وگۆرانکاری بەردەوام لەم لایەنەوە وهەنگاوی باشتر بۆ بەرەوپێشبردنی کاریگەری تەواویان هەبوولە دروست بوونی یەکیەتی ئەوروپا . ئالآی ئەم یەکیەتیە مێژیەکەی دەگەرێتەوە بۆ 1955 ودواتر لەلایەن ئەنجومەنی ئەوروپیەوە ئەم

شێوە ئالأیەی ئەمرۆ پەسەند کرا کە 12 ئەستێرەی ئاڵتونی لەسەر تەختی شین بەخۆوە دەگریٚ ...

سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیە لەوە دێت کە یەکیەتی ویەکگرتن لەنێوان ئەوروپییەکاندا ودواتر هەوڵەکان خرانە گەر بۆ رەزامەندی ولأتانی بۆ قبولٚ کردنی ئەوئالأیە ولە ساڵی 1983 لەلایەن پەرلەمانی ئەوروپا پەسەند کرا ولە ساڵی 1985 دا لەلایەن هەمووسەرکردە کانی ولاتانی ئەوروپییەوە ئەوئالأیە پەسەند کرا .

- ❖ یەکیەتی ئەڵمانیا Deutscher Bund

یەکیەتی ئەڵمانیا لە کۆنگرەی ڤینا ساڵی 1815 هەموودەوڵەتە ئەڵمانیاکانی کۆکردەوە کە بریتی بوون لە 34 ئیمارەت و4 شاری سەربەخۆ کە خۆیی لە شێوە کۆنفدرالیەتێکدەدا ، ئەم یەکیەتیە تا ساڵی 1866 درێژەی هەبوو. یەکیەتی ئەڵمانیا سنورەکانی بەدرێژای دەسەلأتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز بوو.. ئەندامانی ئەویەکیەتیە لە دەوڵەت وئیمارەت سەربەخۆیی تەواوی خۆیان هەبوو.. ئەڵمانیا ئەوولأتەی تا ئەمرۆ لەسەر هەمان شێوازوسیستەم مامەڵەدەکات وسیستەمی سیاسی رەنگە خۆیی لە کۆنفیدرالیەت نەدات بەلأم فیدرالیەت بەشێوازێکی سەردەمیانە ودیموکرات خوازانە پەیرەوی دەکرێت وهێشتا زۆر لەوهەرێمانە خۆیان بەسەربەخۆ دەزانن ودەخواز جارێکی دی بەرەوکۆنفدرالیەت بچنەوە لەوانە هەرێمی بایەر کە بەردەوام خۆیان بەجیاواز وبە بەهێزووخاوەن سەربەخۆیی تەواودەزانن .

- ❖ کۆنفردالیەتی ولأتانی کەنداوی عەرەبی

بەپێی ئەوسەرچاوە نزیکانەی دەسەلاّتی سەرکردایەتی ولاّتانی کەنداوی عەرەبی لە زۆربەی ئەوولاّتانە پرۆژە یاسایەکئامادەکرێت بە گۆرینی شیوازی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبی بۆ کۆنفیدرالیەتی کەنداوکە ئەرکە سیاسیە دەرەکیەکان وسەربازی وئاسایشیەکان لەئەستۆدەگرێت وتەواوی ولاّتانی کەنداویش سەربەخۆیی وسەروەری خۆیان لەدەست نادەن .... وەکئەوەی ئاشکرایەتی ولاّتانی کەنداورووبەرووی پلانەکانی ئێران دەبنەوە وبەردەوام ناکۆکیەکان بوونی هەیە وئەم پرسە وەکهەنگاوێکی پێویست ولەباری بۆ ئایندەی ئەم ولاتانە لەناوچەی کەنداوی عەرەبی لە لایەن زۆربەی سیاسیانی ئەم ولاّتانەوە دەبینرێت وبەپێویست دەزانرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران . بێگومان پێچەوانەی ئەوبۆچونانەی کە گوایە فیدرالیەت وکۆنفیدرالیەت هەنگاوێکبۆ بەش بوون لێکترازان بەڵکوهەنگاوێکە بۆ پێکەوە ژیان وپێکەوەبوون لە چوارچێوەی ئەوشێوە سیستەمەی کە بەخواستی ئەوولاّتانە دەبێت ... بەپێی سەرچاوەکان لەگەڵ یەکگرتنەوەی سیاسەتی دەرەوە ولاّتانی کەنداوکە نوێنەری ولاّتان دەکات ولایەنی سەربازی یەکگرتوودەبێت وهەرولاّتێکباڵوێزخانەیەکی دەبیٚ ونوێنەرایەتی دەکات وپاسپۆرتێکی یەکگرتووبۆ سەفەری هاولاّتیانی کەنداوی عەرەبی بەشیوەیەکی یەکگرتوانە لەگەڵ یەکخستنەوەی سیاسەتی نەوت ویەکێتی گومرگی هاوبەش ... بیٚ گومان دروست بوونی ئەم بیرۆکەیە لە دوای ئەوبارە نائارامەی کە ولاّتی بەحرەینی گرتەوە لەولێشاوە نارەزاییەی کە زۆربەی ولاّتانی عەرەبی گرتەوە وبە بەهاری عەرەبی دەناسرێت بەحرەینیش وەکئەندامێکلە ئەنجومەنی ولاتانی کەنداوی عەرەبی رووبەرووی نارەزایی وخۆپیشاندانی عەرەبە شێعەکان بووە وئێران بەوە تاوانبارکرا کە دەستی لە پشێویانەدا هەیە وئەوپلانەی کە گوایا لەبەرنامەدا هەیە تا ساڵی 2017 دەست بەسەر ناوچەی کەنداوی

عەرەبی دابگرێت .. کەواتە ئەم سیستەمە وەکهەنگاوێکبۆ یەکریزی وهاوکاری وکاری هاوبەش وبەهێزبوون وباشتر بەرەنگاربونەوەی پلانی دژمنان سەیردەکرێت وئاشکرا بیری لێدەکریتەوە .

- ❖ **کۆنفدرالیەتی تارگۆویکا** Konfederacja targowicka

لە 27 ی ئەپریلی 1792 لە Sankt Petersburg سانکت پیێتەرسبۆرگ بەهاوکاری ئیمپراتۆریەتی روسیا ( کاترینی دووەم ) Katharina II کە هاوکاری وپشتگیری لەدروست بوونی ئەم کۆنفدرالیەتە لەدەرەنجامی نارازی بوون بوولەسەر دەستوری پۆڵەندی لە مای 1791 ولەشەری روسیا وپۆڵەندا ساڵی 1792 پادشای ئەوکۆنفدرالیەتە بەشداری کردوئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پۆڵەنیا بەش بکرێت ... دواتر ئەوانەی کە پەیامی دروست بوونی کۆنفدرالیەتیان بەدەستەوە بووبە خەڵکانی خۆفروش وتاوانبار سەیردەکران وتائەمرۆش ئەوکەسانە بەهەمان شێوە سەیردەکرێن .

- ❖ **جیاوازیەکانی نێوان فیدرالیەت وکۆنفدرالیەت ..**

- تێکرای ئەوولاّتانەی کە ئەندامی ئەویەکیەتیە کۆنفدرالیەن کە مافە سیاسیەکانیان لە بواری کاروبارەکانی دەرەوەونوێنەرایەتیە دبلۆماتیەکان بەشیوەیەکی ئاسایی وئازاد کاری لەسەر بکرێت ، بەلاّم ئەندامانی ئەوولاّتانەی لەسەر سیستەمی فیدرالیەت کاردەکەن ئەومافەیان نیە ونوێنەرایەتی دبلۆماتی وسیاسەتی دەرەوە لە تایبەتمەندی دەسەلاّتی ناوەند دەبێت .

- ئەندامانی دەوڵەتی کۆنفدراڵی مافی ئەوەیان هەیە شەر دژ بە وڵاتانی دی رابگەیەنن وهەریمەکان لە وڵاتی فیدراڵی دا ئەومافەی نیە وناوەند خاوەن بریاردەبێت .
- ئەوشەرەی لە نێوان وڵاتانی ئەندام لە کۆنفدراڵیەت دا دەبێتە شەرێکی نێودەوڵەتی وهەمان ئەوشەرەی نێوان هەرێمەکان لە وڵاتێکی فیدرالدا دبێتە شەری ناوخۆ وناوچەیی .
- هەمووسەرپێچی ولادان لە یاسا نێودەوڵەتیەکان لە لایەن یەکێکلە وڵاتانی کۆنفیدرالیەوە تەنها ئەووڵاتە بەرپرسیاردەبێت وئەنجامەکانی رووبەرووی خۆیی دەبێتەوە ، بەڵام لە وڵاتانی فیدرالدا بەپێچەوانەوە .
- دەستەولیژنەی تایبەت وهاوبەش لە نێوان وڵاتانی ئەندام لە کۆنفدرالیەت دا سەرپەرشتی کاروبارەکانی ئەویەکیەتیەدەکەن ولە وڵاتانی فیدرالدا ناوەند سەرپەرشتی هەرێمەکان دەکات وسەرۆکایەتی هەرێمەکان دەکات .
- بۆ هەمووولاتێکهەیە بەویستی خۆیی ولەوکاتەی خۆیی دەیەوێ لەویەکیەتیە کۆنفدرالیە بکشێتەوە ، بەڵام هەرێمەکان ئەومافەیان نیە چونکە بەشێکن لەووڵاتەی کە نابێ لێی جیابنەوە .
- ناسنامە وپاسپۆرتی هاوبەش بە هەمووولاتانی ئەندام لە وکۆنفدرالیەت دا نیە وهەرولاتە ناسنامەی تایبەتی خۆیی هەیە ولە وڵاتانی فیدرالی دا ناسنامە تەنها هی دەوڵەتی یەکیەتی فیدرالە ویەکناسنامە هەیە بۆ هەرێمەکان بەبێ جیاوازی پێچەوانەی کۆنفدرالیەت کە زۆری ناسنامە ورەگەزایەتی بەپێی ئەندامیەتی وڵاتەکانە لەوکۆنفدرالەیەتەدا .
- زۆری سەرکردە لە کۆنفدرالیەت دا هێندەی ئەندامیەتی وڵاتەکان دەبێت ، بەلام لە هەرێمەکاندا سەرۆکایەتی وڵات دەگەرێتەوە بۆ

یەکسەرۆککە ئەویش سەرۆکی ناوەندە وسەرۆکی هەرێمەکان تەنها لە چوارچێوەی هەرێمەکەیاندا خاوەن دەسەلآت دەبن .

کۆنفیدراڵیەت ئەوشێوە سیستەمەیە لە بەریوەبردنی دەسەلآت لە نێوئەوولآتانەی کە پێکەوە رێکدەکەون وئەم شێوە سیستەمە لێرەولەویٚ باسی لێوەدەکرێت .. لەگەڵ ئەوەی کە سیستەمی فیدراڵی لەم هەرێمەدا لە دوای هەڵبژاردنەکانی کورد لە ساڵی 1992 وە دەست بەکارەولە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە ولە چوارچێوەی یاسا ودەستوردا ئەم هەرێمە دەناسرێت ومامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ولە هەمان ئاراستەوە کورد لە زۆربەی ناوچەدابراوەکاندا کێشەی هەیە وتەواوی ئەم پرسە بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوە وتابیٚ کێشەکان قوڵتردەبنەوە و ئاکامەکان پەیوەست دەبن بە ئاکامی عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق وئەوبارودۆخ وپێشهاتانەی کە دێنە پێش دیاری دەکات کە کورد روبەروی چی دەبێتەوە ..

کورد بۆ گەیشتنە ئەودەرەنجامەی کە دەبیٚ ئەوخواستە جەماوەریە بخاتە بەردەست ولەریگای راپرسیەوە نیشانی بدات کە کۆمەڵگاوجەماوەر بەتێکرا خواستی ئەوەیان هەیە کە کورد لە روانگەی بەدەوڵەت بوونیەوە ولە سیستەمی کۆنفیدرالیدا پەیوەندیەکانی بە عێراقەوە ببەستێتەوە ...

بەتایبەت دوای داواکانی هەندێکلە پارێزگاکان بۆ بوون بە هەرێمێك، کە ئەمە کاتێکی لەبارە بۆ کورد دوای بەجیٚ گەیاندنی ئەوداوایانە کوردیش خواستە نەتەوەییەکانی بخاتە روولەسەر ئاستی سیاسی ودەسەلآت وجەماوەری دا داکۆکیان لەسەربکات وعێراق لە سیستەمی فیدرالیەوە بەرەوسیستەمێکی کۆنفیدرالی هەنگاوبنیٚ .

## تەوافقی سیاسی لە عێراقدا چەند لە بەرژەوەندی کوردایە

**تاکەی کورد  باوەری بە بنەمای تەوافقی سیاسی هەیە .. ؟**

**تاکەی کورد لە عێراقی نوێدا لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە دەکات.. ؟  دەکرێ لێرەوە بەخواستە نەتەوەییەکان بگات ؟**

**بنیاد نانەوەی عێراقێکی نوێ وراگرتنی هاوسەنگیە سیاسیەکان لە عێراقی دوایی رژێمی بەعس ولە سەرەتایی دارمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت وهەرەس هێنانی سەرجەم بنەماکانی دەوڵەت ، بە پێی ئەوپێکهاتەی کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەخۆیگرتبووزیاتر ئاشکرابووکورد وشیعەوسونە ودواتر تورکمان ومەسیحی وکەمایەتیەکانی دی ، ئەمەش لەروانگەی جۆری مامەڵەکردنی رژێمی بەعس لەگەڵ نەتەوەوکەمەنەتەوایەتی ومەزهەبەکانی دیدا بەدیاردەکەوت ، واتە وەك هۆکارێکی سەرەکی بوولەدروست بوون وبەدیارکەوتنی ئەوشێوازە بەرهەڵستکاریە ، کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز لەهەمووبنەماکاندا وبە هەمووپێوەرەکان مافی خۆیەتی ئەوجیاوازیەیی خۆیی نیشان بدات وکاری لەسەربکات ،  کار بۆ ئەوە کرا**

که ڕێگایی تەوافق وریێککەوتنی پێکەوە لەسەر کارەکان ودەسەڵات گرتنە دەست وفەرمانرەوایەتی وچارەسەر کردنی کێشەکان لەم ڕێگایەوە بێت ، کەواتە تەوافق وریێککەوتن لەسیاسەت ودابەشکردنی دەسەڵات ویەکگرتنەوە لە بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان خۆیی دەگرێتەوە .. سەرەتا بەهۆیی لاوازی عەرەب ونەگەیشتن لە راستیەکان وقبولْ نەکردنی بارودۆخەکان وەك خۆیی ، کورد توانی رۆڵی بەرچاوبگێرێ لە دروست کردنەوەی عێراقێکی دارماووبێ بنەمایی ئیداری وئابووری وسەربازی وسەرجەم لایەنەکانی دی ژیان لەگەڵ بوونی بەردەوامی توندوتیژی ونەبوونی هێمنی وئارامی سیاسی وبەردەوامی ناکۆکیەکان وئاستەنگی زۆر ، هێندەی کورد لەسەرەتایی روخانی رژێمی بەعسدا کاری بۆ دروست کردنەوەی عێراق دەکرد هێندە لە ئامانجە نەتەوەیە ئایندەیەکانیانی نەدەروانی هێندەی سەرقاڵی زۆر کارە لاوەکیەکان بوون هێندە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان بەرەهەند وەرنەدەگیران وتاقیکردنەوەکانی رابردوووومامەڵەی لایەنی عەرەبی بەدرێژایی مێژوولەگەڵ کورد لەپێش چاوی کورد هەمیشە وون بوون ، کورد بە چاوێکی دی لە ئایندەی عێراقی دەروانی ولە روانگەیی خۆیەوە کاری بۆدەکرد ... بەتایبەت لایەنی سونەوعەرەبە رەگەزپەرستەکان کە تەنها لە خۆیان زیاتر کەسی دییان پێ قبولْ نەبوو، رێك کەوتن ودابەشکردن وبەریوەبردنی کاروبارەکان بەشێوەیەکی کاتی ویاری کردن لەگەڵی دەکریْ بڵێن لێرەدا کات لە بەرژەوەندی لایەنی عەرەبی بوو.. بیْ بەرنامەیی کورد ولاوازی لەیەك هەڵوێستی وتۆکمەیی لە کاروسیاسەتی ( توافق ومحاصصە ) ، ئەگەر لە روانگەی تایفەگەری ، ئاینی ، ناوچەگەری ، نەتەوەیی وسیاسی وبەرژەوەندیەکانەوە بێت ،

دەرگايەكە بۆ ريككەوتن ودابەشكردن وپاراستنى بەرژەوەنديەكان وكپكردن وپەك خستنى دەقە دەستوريەكان وزەوت كردنى مافەكان ... لوبنان ئەوولاتەى كە لەسەر شيوازى فرە پيك هاتەيى كە خۆيى لە 17 پيك هاتەى جياواز دەگريتەوە ولە رۆژهەلاتى ناوەراست دا دواى ئەولە رووى فرە لايەنى وفرە رەگەزييەوە عيراق دێت ..

گرفتى سياسى لە لوبنان ونەگەيشتنە دەرەنجامە سياسيەكان وئەوئاستەنگانەى لەبەردەم دامەزراندنى دامودەزگا سياسيەكاندا لەم ولاتە پيش هاتوون وبەتايبەت ئەوەى لە دواى هەلبژاردنەكانى ئەم دوايەى كە بووە مايەى گرفت لە دروست كردنى حكومەتدا كە زياتر لە چەند مانگى خاياند بۆ دروست كردنى حكومەتيكى يەكگرتووبە خواستى هەموولايەك ئەمەش ئاستەنگيكەوزۆر گرانە بتوانريت دەسەلاتيك پيك بهينريت ورەزامەندى هەموولايەكى لەسەربيت ...

عيراق ئەوولاتەى بەدريژايى ميژوولە گيژاوى نائارامى وزۆردارى وشەروگۆرانكاريە خيراكان لە دەسەلات وفەرمان رەوايەتى وتاك رەوى دەسەلاتى زۆردار وفەرمان رەوايەتى بە زەبرى ئاگروئاسن وكوشتن وسەركەوتنەكان لەسەر حسابى خەلكانى دى بووە لەم ولاتەدا ، كورديش وەك نەتەوەيەك لە بەشيكى ئەم ولاتەدا بەزۆرودوور لەخواستى خۆيى ژيانى بەسەردا سەپينراوە ، كە تائيستاش ئەم راستيە لە لايەن سياسەتمەدارانى كوردەوە دەشاردريتەوە وبەئاشكرا دانى پيدا نانين كە ئەم شيوە ژيانەى كورد ولەم چوار چيوانەدا بەخواستى كەسايەتى كورد نيە ودەبێ كاتى ئەوە هاتبيت بێ ترس وشەرمكردن ئەوراستيە بە

دەسەلاَت وكەسايەتی ئەونەتەوانە بگەێنین كە كوردیان بەسەردا دابەش بووە ، سەرەرایی ئەوەی لە ئاستە ناوەندەكان وسیاسەتی نێونەتەوەیی ودونیادا كورد ویستی خۆیی لەوراستیەدا رابگەیەنێت وكاری بۆ بكات تا زەمینەیەكی لەباروگونجاوبۆ بەدیهێنانی خواستەكان بێتە دی .

ئاین ونیشتمان پەروەری ونەتەوەپەرستی ولیبرالیەت وكەمەنەتەوایەتی وجیاوازی مەزهەبی ئەمانەوئەوپێكهاتانەی كە عێراق وەك ولاَتێك پێك دێنن ... بەلاَم دەسەلاَت وفەرمان رەوایی دوور لە راستی ئەوپێكهاتانەوە فەرمانرەوایەتی كردووە ، ئەمەش هۆكارێك بووتا ئەوزەمینە لەبارەی ئەمرۆ بۆ هەمووپێك هاتەكان دروست بێت بۆ ئەوەی لەسەر ئەوبنەمایە ئەم ولاَتە دروست بكەنەوە .. بەلاَم ئەوەی گرنگە بپرسین ئایا دوای دارمانی دەسەلاَتێك دەكرێ چەند پێكهاتەیەكی جیاوازوودور لەیەك بتوانن لە سەربنەمایی تەوافق وپێكەوە ژیان بنیادی ولاَتێكی ئارام وخۆشگوزەران وپر لە ئایندە دروست بكەنەوە ..؟ دەكرێ بەرژەوەندیە نەتەوەیی یەكان وەلانرێن وبەرژەوەندی گشتی یەكیان گرێتەوە... ؟ .

ئالۆزیەكانی دەسەلاَت وكێشەكان لە عێراق دا لە كوێوە سەرچاوە دەگرن ودەرەنجام كێ لەم ولاَتەدا دەسەلاَت دەگرێتە دەست .. ؟

ئەم چەند پرسیارانە بەردەوام لە مێشكی تاكی عێراقی وبەتایبەت كوردی دا مەنگیان خواردووە وبێ وەلاَم ماونەتەوە .. پێ داگرتنی سەركردایەتی سیاسی كوردی لەسەر دەسەلاَتی تەوافق وپێكەوە ژیان لەم ولاَتەدا چەندە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی كوردە ... ؟ مافەكانی كورد دەبێ لە روانگەی تەوافقی سیاسیەوە بەدەست بێن .. ؟ تەوافق لە عێراق دا تاكەی درێژەیی

دەبێت وکاریگەری کورد لە سەرمانەی ئەم دیاردەی دەسەلأتە چەند دەبێت .. ؟

وەلأمی ئەم چەند پرسیارانە خۆیان لە ئەمرۆیی عێراق دا دەدۆزنەوە وگەر بەوردی لە شێوازە سیاسیەکانی پێك هاتەی ئەم ولأتە ودەستە دەرەکیەکان لە دروست بوونی بنەمایی سیاسی لەم وولأتەدا ئەوە نیشان دەدەن کە سەدەیەك پێش ئێستا پێش هاتە سیاسیەکان وبەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە پیشەوە بوون ودەکرێ رۆڵی بەرچاوی ئینگلتەرا لەوسەردەمەدا لە دروست کردنی بنەمایەکی ئاڵۆز ونایەکان گیر بۆ داهاتووی عێراق بنیاد بنێ ، رەنگە ئێمەی کورد بەپێچەوانەی رای عەرەبی کەمتر دەرك بەوەبکەین چونکە لە روانگەی زوڵم زۆری بەرامبەرەوە زۆر جار دەرك بە راستیەکان ناکرێت ودۆست دوژمن لەیەك جیاناکرێتەوە ، ئەمەش یەکێکە لەوگرفتانەی کورد کە هەمیشە دەیخاتە گێژاوی سیاسی وبارودۆخی چاوەروان نەکراوەوە ...

سەرەتایی دەسەلأت وگرفتە ناخۆییەکان وشکستی ئەودەسەلأتە لە چارەسەر کردنی کێشەکان وهەوڵدان بۆ مانەوە لەدەسەلأت وخۆ نەگونجاندن لەگەل خواست وداواکانی جەماوەردا ومامەڵە لەگەڵ پێك هاتە جیاوازەکانی عێراق دا ، دەرەنجام کۆتایی هاتنی بەوشێوە خوێناویە شێوازی سیاسی لەوولأتەدا گۆری ، لەگەڵ زیادبوونی ناکۆکیەکان ودوورکەوتنەوە لە رێگا چارەسەر وقبوڵ بوونەوەی لە ناخی گرفتەکان ، خواستی ئەوە دەخەنە رووکە چارەسەر وگەیشتنە ئەنجامێك کە کورد لەوئاستەنگیە تەماویە وەدەربێنێت ورەوتی ئاسایی وخواستراولە رووی

بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیەوە بگرێتە بەر . لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی سەربازی وهێزودەستگرتن بەسەر هەموولایەکدا وچاودێری سەرجەم دامودەزگاکان وفەرمانرەوایەتی سەربازی لە وولاٌت کۆتایی بەدەسەڵاتی پاشایەتی هێناوئەم دەسەڵاتە ئەوسەردەمەی ناصریەکان لە میسر ودەسەڵاتی سەربازی لەتورکیا بینرا .. بەڵام ئەوەی راستی بووئەوانیش شکستیان خوارد وحاڵیان لە حاڵی دەسەڵاتی پاشایەتی باشتر نەبوو... ئەوەی پێوەرەکانی لە دەسەڵاتی سەربازی گۆری لە بۆ چوونە نیشتمانیەکانە بەرەوبۆچونی نەتەوەیی ..

سەرکردە سیاسی وئاینیە شیعەکان باس لەوە دەکەن کە ماف خۆیەتی شیعە وەك زۆرینە لە عێراق دا سەرکردایەتی ودەسەڵات بگرێتە بەر ، لەم روانگەشەوە هەوڵەکانی مالکی بەردەوامن بۆ خۆ دورخستنەوە لە تەوفق وکارکردن لەسەر دەسەڵاتی زۆرینە .. ململانێی پێش هەڵبژاردنەکان وکارکردن بۆ گەیشتنە دەسەڵات وحوکمرانی لە رێگایی ئامانجە شاراوەکان وکارکردن بۆیان وجیاوازی لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ روداوەکان ودروست بوونی تەوافق بەبیٚ ئەوەی گۆران بەسەر ئامانجەکاندا بێت یاخود کێشەکان وئاستەنگیە بنەرەتیکانی نێوانیان چارەسەربکرێن ، وەك ئەوشەرەی کە تەنها کاغەزەکانیان پێکەوە تێکەڵ دەکرێن بەبیٚ ئەوەی ناوەرۆکەکانیان بخوێنرێنەوە وبۆ تەنها ساتێکیش کاریان لەسەر بکرێت .

کەواتە چاکسازی سیاسی لە دامودەزگاکاندا ئەگەر عێراقی بن یان کوردی گاریگەری راستەوخۆیی لەسەر ئەوپەیوەندیانەی کورد وعەرەب یا کوردودەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا دەبێت ...

دەست تێوەردانە دەرەکیەکان .....

**رۆڵی دەرەکی وسیاسەتی جیاواز لە دراوسێکانی عێراقەوە بەردەوام کاریگەر دەبێت لە دروست کردنی وێنەی سیاسی لە ولآت دا .. بەپێی جیاوازیە نەتەوەیی وئاینی وئالۆزیە سیاسیەکان لە عێراق دا بەچەند شێوازێك ..**

- **سەبارەت بەکورد ، ناکۆکیەکان وکاریگەری دوژمنانی کورد لە بەردەم پرۆسەوهەنگاوەکانی کورد لە سیاسەتی نوێی عێراقداوئەوئاستەنگانەی کە پرۆسەکە پەك دەخەن ، بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی کوردی دەکەنەوە .. ئەم شێوە سیاسەتەش لە سەرەتایی پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بەردیارکەوت لە هەڵوێستی ئەمریکادا بەرامبەر بەکورد وئایندەی ناوچە دابراوەکاندا وپەك خستنی ئەوپرۆسەیە تا بەئەمرۆمان .. ئەمە سەرەرایی هەڵواسینی زۆر پرسی دی نەتەوەیی کە کورد لە سەرەتایی شۆرشەکانیەوە لەسەر ئەوپرسانە لەگەڵ دەسەلآتەکانی عێراقدا بەئەنجام نەگەیشتووە وخەبات وتێکۆشانی بەردەوام بووە ولەوپێناوەدا قوربانی داوە..**

- **هەڵوێستی لایەنی عەرەبی بە هەردوولایەنی سوننە وشیعەوە کە سیاسەتە نەتەوەیە عەرەبیەکان وهەمان رەوتی پێشوویی بەعس ودیکتاتۆریەتی وشۆڤێنیەت بەرامبەر بەکورد بەردەوامە وکاریگەری ولآتانی عەرەبی چ بەرامبەر بەسیاسەتی کورد لە ناوچەکە یان سیاسەتی شیعە کە بە درێژەدەری سیاسەتی ئێرانی دەزانن لە ناوچەکەدا ، هەمان شیواز لە لوبنان کاری لەسەر کراوتا ئەمرۆش بەردەوامە ، دەست**

تێوەردانی سوریا لە لایەك وئێران وسعودیەوولاَّتانی دی لە ناوچەكە لە لایەكی دی ..

كەواتە لە كەشوهەوایەكی سیاسی وا ئاڵۆزدا ئاستەنگە لە رێگایی تەوافقەوە مەبەستەكان بەوئاستە بپێكرێن كە لەبەرژەوەندی كوردا بن ، یا روەوئایندەیەكی گەشمان بەرێت .. كاری سیاسی ورەوتی ئەوپرۆسەیە لە دوایی 2003 وە لە پێش چاوە وسەركەوتنەكان ودەستكەوتەكان وئاڵۆزیەكان بەپێش چاوەوەن ودەكرێ بەوپێوەرە هەڵبسەنگێنرێن .

**ترسی كورد و دور كەوتنەوەی لە تەوافق ....**

بەپێی ئەومامەڵەی كە كورد لەگەڵ بارودۆخەكاندا لەسەرەتاوە ئەوە بەدیاری دەخات كە دەسەلاَّتی كوردی بەترسەوە لە گۆرانكاریەكان دەروانێت ولەلایەكی دی هەڵەكانی سیاسەتی كوردی لە بەرێوەبردنی دەسەلاَّت وشێوازی حكومرانی لە هەرێمی كوردستان دا وئەوئاستەنگ وگرفتانەی كە تا ئێستاش هۆكاری لاوازی كوردن كاریگەریان لە سەر بەرەوپێشەوەچونی هەنگاوەكانی هەیە .. كەواتە لاوزی لە ناوخۆدا وناتۆكمەیی وقەتیسكردنی دەسەلاتەكان لە چوارچێوەیەكی داخراودا ودوور لە رای گشتی جەماوەر وبەردەوامی دەسەلاَّتی تاك لایەنی پارتە سیاسیەكان بەسەروهەموولایەكەوە بێت وتێكرایی ئەوگرفتە ناوخۆییانەی كە بەرژەوەندیە حزبیەكان بەسەروهەمووبەرژەوەندیە گشتیەكانەوەن ... بۆچونی كورد لێرەدا لەوە خۆیی دەگرێتەوە كە نەمانی تەوافق ورێككەوتن كێشەی كورد ئاڵۆزتر دەكات .

## تەوافقی سیاسی کودەتایە بەسەر دەستوردا

ئەودەستورەی کە خەڵك بەهەمووجیاوازیەکانیەوە دەنگی پێداوە لەگەڵ هەمووکەموکوریەکانی کە بەبروایی تاکی کورد هێشتا ئەومافە خواستراوەیی بە کورد ودۆزەرەواکەی نەداوە ، مەسەلەی تەوافق وریێککەوتن لە دەستوردا باسی لێوە ناکرێت ، ئەگەر ئەم شێوە رێککەوتنانە لە بارودۆخی ئەمرۆدا وبەپێی ویستی سیاسی ئەمرۆ ئەوە بسەپێنن کە رێککەوتنەکان لەبەرژەوەندی کورد دابن ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە بۆ هەتاهەتایە بەردەوامی دەبێت ، چونکە کاتی ئەوە دێت کە رێککەوتن وتەوافق کاری لەسەر نەکرێت ودەنگ وکورسی وقورسایی لە پەرلەماندا کاریگەر بێت ، ئەوەی پێش چاوە کورد رێژەی کورسیەکانی زۆر لە جاران کەمترە وپەرلەمانی عێراقیش ژمارەیی کورسیەکانی زیاتر بووە ، گەر عەرەب بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەیی وناوچەیی ودرێژە پێدەری سیاسەتی پێشینە بەردەوام بێت ئەوە کورد ئەوئاستەی پێشوەختی بۆ بەدەست نایەتەوە وئەمەش کاریگەری لەسەر پرسە هەڵواسراوەکان دەبێت وباری کورد بەرەوگرانتروئاستەنگ تر دەبات وئەرکەکان بەوئاسانیە نابن کە سەرکردایەتی سیاسی کورد باسی لێوە دەکات . لەهەمان کات دا ئەم رێککەوتنە هاوبەشانەی کە لەچوارچێوەی چەند بەرژەوەندیەکدا یەك دەگرنەوە بەخۆیی هۆکارێکە لە دروست کردنی چەند ئاستەنگێك لەم خالآنەی خوارەوەدا خویان دەبیننەوە .....

له رووی دامەزراوەكانی یاسادانانەوە وەك بنەمایەكی یاسایی لە بەهێزی وتۆكمەیی ودەستەبەری ژیانێكی رێكخراوی ئارام وئاسودە وخۆشگوزەران بۆ هاولاتیان ورێكخستنی رەوتی ژیان ودەسەلات ودابەشكردنی ئەركەكان وپاراستنی مافەكان لەم روانگەیەوە دەبێت .... ئەوەی كە ئەمرۆ لە عێراقدا دەبینرێت لە پەرلەماندا زۆر لەوكێشانەی كە بەهۆی نەگەیشتنە رێككەوتن ورازی نەبوونی تەواوی لایەنەكان لەسەر ئەوپرۆژە یاسایانەی كە دەبرێنە پەرلەمان بۆ تاوتویێ كردن وبریار لەسەردانیان ، ئەویاسایانەی كە پەیوەندیان بەلایەنی كوردەوە هەیە وراستەوخۆ دۆزی كورد لە چوار چێوەی عێراق بەوشێوەی كە كورد پێی رازیە رێكی بخات بەدەیان كۆسپ وتەگەرەی دێتەپێش ولەروانگەی ناتەوافقی ورێك نەكەوتن لەسەریان پەكیان كەوتوون وبەهەلواسراوی تا ئەمرۆ ماونەتەوە وكاریان لەسەر ناكرێت ، بەمەش ئەوتەوافقەی كە كورد دەیەوێ لە عێراق دا لەسەریان كاربكات وخواستەكانی بێنە دی بە پێچەوانە تووشی شكست بوون وبەهەلواسراوەیی ماونەتەوە وبەم ئاراستەی ئێستە بروات ئاستەمە رێككەوتنیان لەسەر بكرێت . لەرووی لایەنە گشتیەكانەوە كە پەیوەندیان بە بەرژەوەندی گشتی تاكەوە هەیە لەوولاتەدا پێویستی بەیاسا هەیە ودەكرێ لەم چوار چێوەیەدا ژیان بەشێوازێكی سەردەمیانە رێك بخرێت .... بەپێی ئەوزانیارانەی كە زیاتر لە 50 پرۆژە یاسا پێشكەش بە پەرلەمانی عێراق كراوە ، لەوانە 13 پرۆژە یاسایی بریاریان لەسەر دراوە وئەوانی دی رێككەوتنیان لەسەر نەكراوە بەهۆیی رازی نەبوونی زۆر لایەنەكان لەسەریان .

لەرووی دادوەریەوە رێککەوتن وتەوافق لەسەر شێوازی بریاردان وسزادادوەریەکان بە شێکی گەورەی ئەونائومێدی وبیٚ متمانەییەی هاولاٚتی بەوبریارانە ، چونکە ئەوبریارانەی کە وەردەگیرێن جیاوازن لە ئاستی جیٚ بەجیٚ کردن دا وەك ئەوەی لەگەلٚ سەدامی دیکتاتۆردا کرا لەسەر بچوکترین تاوان لەسێدارە درا چونکە ئەوبریارە پەیوەندی بەلایەنی شیعەوە هەبوو وئەوەشی لەگەلٚ تاوانبارەکانی دیدا دەکریٚ ودرێژەی هەیە .. لە یاری کردن بە بریارەکانەوە وەك ئەوەی لەگەلٚ عەلی کیمیاوی دا کرا بریاری لەسێدارەدانی وشێوازی بریارەکە لە ئاست خواستەکانی تاکی کوردا نەبوون ودوای دادگایی کردنی لەچەند تاوانێك دا ، ئەمانەودەیان لایەنی پەیوەندیدار لەم روەوە گرنتی لە تەوافق ورێککەوتن پێش بریاردان بوونی هەیە .

سەبارەت بەدامەزراوە جیٚ بەجیٚ کارەکان لە دەسەلاٚتی حکومەت ولایەنە ئیداریەکان لەخۆیی دەگرێت .. بەشێکی دی لەوگرفتانەیە کە ئەمرۆیی ژیانی سیاسی وئاسایی خەلٚکی ئەم ولاٚتە پێوەی دەنالێت .. لە دامەزراندنی دامەزراوەکان ودیاری کردنی بەرپرس وبەرێوەبەرەکان وئەرکەکانیان وکارکردن لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی حزبی و مەزهەبی وئاینی ونەتەوەیی ولایەنی وتایبەتی وناوچەگەری .. رەنگە کورد لێرەدا بەوە دلٚخۆش بێت کە بەم شێوە دەسەلاٚت گرتنە دەست وبەردەوامی خواستە نەتەوەییەکان دێنە دی ودەکریٚ بەم شێوازەش بەردەوام بێت ، مانەوەی کورد لە پۆستە سەرەکیەکاندا ئەگەر لەم هەلٚبژاردنەدا بەوشێوەیە بەردەوامی هەبێت کە کورد دەیەویٚ بیٚ گومان بۆ چەند هەلٚبژاردنی دی بوونی نامێنیٚ وبەبروای من لەم هەلٚبژاردنەشدا ئاستەنگە کورد ئەوپێگەیە

بۆ خۆیی دروست کاتەوە ئەگەر ئەوپێگەیە بەردەوامی هەبووئەوە بۆ ماوەی هەڵبژادنێکوبۆ هەڵبژاردنەکانی دی گۆرانی بەسەردا دێت .

له ئاکامدا دەکرێ بڵێن کە تەوافقورێککەوتن بۆ چەند کاتێکی دیاری کراووتایبەت دا کاری لەگەڵ بکرێت ، بەلاّم خواستە ئایندەییەکان وسیاسەتی ستراتیجی نەتەوەیی ئاستەمە بەوشێوە سیاسەتەوە پەیوەست بکرێت وبەبرواوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت .. بۆیە گرنگە بروا بە رەوابوونی مافەکان هەبێت وسیاسەتی نویٚ وموساوەمەنەکردن وسوربوون لەسەر خواستەکان ویەك ریزی وهاودەنگی وکۆك بوون لە بنەما سیاسیە نەتەوەییەکان ولانەدان لە هێڵی سور کاروبەرنامەی ئەندامانی کورد بن لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق دا ..

# قۆرخ كردنی دەسەڵات ودیاردەیی گەندەڵی

دەسەڵات وەكیەكێكلە بنەما بنەرەتیەكانی كۆمەڵگا وبەشێكلە تواناكانی تاكلە بەڕێوەبردن ، لەدونیادا دووشێواز فەرمان ڕەوایەتی هەیە وبەپێی یاساوریسا تابیەتیەكانی فەرمانرەوایەتی دەكات ، دەسەڵاتە دیكتاتۆرەكان تەنها كەسێكە لەسەروی ئەودەسەڵاتەوە فەرمانرەوایەتی دەكات وبۆ بەرژەوەندیەكانی خۆیی ئەودەسەڵاتە قۆرخ دەكات ، دیموكراتیەت وبنەما نوێخوازیەكان لە شێوەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات وفەرمان ڕەوایەتی كە بنەمایی دەستاودەستی دەسەڵات وچەمكی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان لەم شێوە سیستەمەدا وەلادەنرێت .

كاتێكئەودەسەڵاتە لە بچوكترین پلەوە تادەگاتە بەرزترین پلەی فەرمانرەوایەتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی وحزبی وگروپ وكۆمەڵی تایبەت بەكەرهێنراولەوبنەمایەوە فەرمانرەوایەتی كرا وبەرژەوەندیە گشتیەكان ودادپەروەری ودەستەبەری ژیانێكی ئارام وخۆشگوزەران بۆ هاولاتیان وبەتەنگەوە هاتنی داواكاری وكاركردن لە كەمكردنەوەی كەم كورتیەكان ودەستەبەری پێداویستیەكان بوونیان نەبوو، ئەوە شێوازێكلە دیكتاتۆریەتی دەسەلات دێتەئاراوە ئەگەر هەندێكلەم دەسەڵاتانە هەڵبژاردنەكان وسندوقەكانی دەكەنە مەحەكبۆ هاتنەوە سەر كورسی فەرمانرەوایەتی وریگایەكبۆ مانەوەی درێژخایەن وگواستنەوەی ئەودەسلاتە بۆ نەوەكانی خۆیی ، بەوشێوەی كە بەرژەوەندیەكانی خۆیی

پارێزراوبن ... ئەم شێوە دیکتاتۆریەتیە لە دیکتاتۆریەتی حزبیەوە سەرچاوەدەگرێ ...

حزب وپارت ولایەنە سیاسیەکان :

حزب وەکریکخراوگروب وکۆمەڵەیەکی سیاسی کە کۆی گشتی هەوڵەکانی لەوخاڵەدا کۆدەبنەوە کە دەرەنجامی گەیشتنە بەدەسەلاَت وفەرمانرەوایەتی کە دەکاتە حکومەت وبەریوەبردنی ولاَت بەشیوازێکی ئیداری وسیاسی وئابوری وکۆمەلاَیەتی بەپێی ئەوکاروبەرنامەی کە بنەماکانی خۆیی لەسەر بنیاد دەنێ .. لێرەدا گرنگی رۆڵی پارتەسیاسیەکان لەوشێوە ئاراستە سیاسیەی دەسەلاَت گەر دیکتاتۆریەت وفەرمانرەوایەتی تاکرەووی لە پارتەکاندا بوونی هەبووئەوە ئەوحکومەتە هەمان چوارچێوەی کاری دەبێ ولەوئاکارە سیاسیەی خۆیی لانادات ، بەداخەوە ئەوم شیوازەی کارکردن لە دونیایی عەرەبی وولاَتانی دراوسێی ئێمەدا بەدرێژایی مێژووتا بەئەمرۆش دەگا بوونی هەیە ، دەتوانم بڵێم لەدوایی بەهاری عەرەبیشەوە هێشتا ئەوبەرچاورونیە لە شێوەیی بەرێوەبردنی دەسەلاَت دیارنیە وهێشتا بنەما دیموکراتیەکان لە ئاستی پێویست دانین بە عێراق وکوردستانیشەوە .

دەکرێ پارتە سیاسیە کوردیەکان بە چەند هەنگاوێکی سەرەتایی پێ لەسەر یەکەم هەنگاوی بەرەودیموکراتیەت بوونی خۆیان بدەن ... لەوانە :

لەریگای هەڵبژاردنی ئازادە لە دەزگا سەرەتایەکانەوە دادەگاتە سەرکردایەتیەکان هەڵبژێردرێن بێگومان ئەم هەنگاوە بوونی هەیە وپارتە سیاسیەکان بەپێی پەیرەوی ناخۆیانەوە ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام

دەگەیەنێنن ، بەلام هێندەی لیستی تایبەت وکوتلەوکوتلە بوون هەوڵە ناشەرعیەکان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن کە هەندێ جار بەرپرسەکانی سەرەوە لەپشت ئەم شێوەکارانەوەن بۆ بە سەرکەوتنی خەڵکانی خۆیان تا دواتر دەنگی زیاتر بۆ خۆیان کۆبکەنەوە .

دورکەوتنەوەی حزب لە کاروباری ئیداری ودەست وەرنەدان لە تایبەت مەندیەکانی ژیانی خەڵکوخۆهەڵنەقورتان لە گەورەوبچوکی ژیانی کۆمەڵایەتی بە بیانووی ئەوبارودۆخە نائاساییانەی ساڵانی رابردووکە حزب وکەسە حزبیەکان ودامودەزگا کانیان ئەرکی حکومەت ودەسەڵاتە ئەمنیەکانیان لە ئەستۆدابوو.. کەواتە بە حزبی نەکردنی حکومەت یەکێکە لە ئەرکەنی حزب خۆیی .

نویێ بوونەوە تازەگەری لە حزبەکاندا بەردەوام پێویستە ، تا ئەمڕۆش لە سەرکردایەتی حزبیە کوردیەکاندا کەسانێکهەن لە سەرەتایی دامەزراندنی ئەوپارتەوە تا ئەمرۆ لە سەرکردایەتی دان وهەندێکلەوانە بەهۆیی دەیان نەخۆشی یەوە دەناڵن بەڵام ئامادەنین لەوپلە سیاسیە دەست بەرداربن .. دەکرێ لە پەیرەوی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکاندا بۆ ئایندە ئەوخاڵە ئامارەیی پێ بدرێت کە ئەوانەی بۆ سەرکردایەتی سیاسی خۆیان دەپاڵێون تەنها دووخولی هەڵبژاردن بۆیان هەیە خۆیان بپاڵێون کەواتە لە ماوەی هەشت ساڵی پلەی سەرکردایەتی دا رێژەیەکی بەرچاولەوکەسانەوە بەردەوام لە نویێ بوونەوەدان وئەم هەنگاوە دوور لە بەژەوەندی تایبەتی پێچەوانە دەبێتەوە بۆ بەرژەوەندی خودی پارتەکان .

لەکاتی هەڵبژاردنەکان بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی ئیداری دا دەبێ کەسانی پالێوراوی شیاوبەتواناوشارەزا لەبواری کارکردن وخاوەن بروانامە ، تابتوانرێ لەورێگایەوە براوی خەڵکبەدەست بێنن ، بەپێچەوانەی شێوە هەڵبژاردنەکانی لای خۆمانەوە لە ولاتانی دونیایی دیموکراتی دا تەنها کار لەسەر کۆکردنەوەی دەنگ لە ئەندامانی حزبەکان ناکرێت . بەڵکولەریگایی هەڵوێست وبەرنامەوبروابوون بەخۆ پاڵێوراوەکان پروپاگەندەیی خۆیان دەکەن وستراتیژیەتی گشتی پارتەکان لەسەر ئەومەسەلانەی کە دەوروژێنرێن بۆ پروپاگەندە کاردەکرێت ، بەڵام لای ئێمە پەیوەندی حزبی ئەوبریارە دەدات ، ئەگەر بەرناوکاری پارتەکەش لەوئاستەدا نەبێ وئەوپاڵێوراوەش لە جێی خۆیی دا نەبێ بەلام دەنگی پێ دەدرێ ، ئەمەش هەنگاوێکی هەڵەیەوبۆ خۆمان پارتەکانمان بەرەودیکتاتۆریەت دەبەین .

هێشتنەوەی ئەوبەرپرسانەی کە لەدۆسیەی گەندەڵی و رووبەروی نارەزایی خەڵکدەبنەوە بەپێچەوانەوە لای دەسەڵاتدارانی حزبی وحکومی وبەردەوام بوونی ئەوکەسایەتیانە لە پلەوپایەکانیاندا هۆکارەکانیشی دەگەرێنەوە بۆ:

بوونی ترس لە گواستنەوەی سەنگەریان وچونە لای پارتێکی تر ئەم دیاردەیەش لە دوای راپەرینی 1991 وە بەشیوەیەکی دیاروبەرچاوکاریگەری لەسەر پارتەسیاسیەکان بووە ، تەنانەت کۆکردنەوەی خەڵکانی خراپ لە دەوریان کە دەرەنجام بەخراپ بەسەر پارتەکاندا شکاوەتەوە لە زیان بەولاوە سوودی نەبووە . بەشێکلە گەندەڵی وپارێزەرانی بەرپرسانی دی وکارکردن بۆ ئەوان وتێوەگلانیان لە هەرشێوە گەندەڵیەککە لەشێوەیی زنجیرێکپێکەوە دەبەسترێنەوە .

گەر بەبروایی هەندێکئەمرۆ ناتوانین دەست لە لوتکەی سەرکردایەتی پارتەسیاسیەکانمان بدەین ، بەهۆیی بارەدۆخە نائاسیەکانی ئەمرۆیی کوردستانەوە لەوپێشهاتە سیاسیانەی کە کورد ئەمرۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە عێراق وئەوئاسەنگیە سیاسیەی دەوروبەروناوچەکە رووبەروی کورد بوونەتەوە ولە ئایندەش دا چاوەروانی پرسی بەدەوڵەت بوونی کورد دەکەین وئازادیەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان بەواتا دەکرێ بڵێن هێشتا کورد لە شۆرش بەردەوامە بەلاّم لە قۆناغێکی جیاواز لە قۆناغی شاخ ، ئەمە رێگا لەوەناگریٚ کە ئەندامانی سەرکردایەتی بەوشێوە قۆرخ کردنەی دەسەلاّت بەدەیان ساڵ لەوپلە سیاسیانەدا بمێنەوە ، دەکرێ بە پلان وبەرنامە ئەونویٚ بوونەوە رێکبخرێت وحزبەکان لە روانگەیەکی دیموکراتیانەوە رووله ژیانێکی سیاسی نویٚ بکەن وئەومتمانەیە بگەرێنەوە وئاشتبوونەوەی گشتی نێوان خۆیان وجەماوەر رابگەیەنن . بەم شێوەیە توانیمان رێکخستنی حزبی بە دیموکراتی بکەین ئەوکات لە دیموکراتیەتی حکومیش سەرکەوتوودەبین ..

تا ئەوکاتەی حزبەکان لە شێوەیەکلەشیوازەکان لەوسیستەمە دیکتاتۆریەتە شمولیەی کە لەپارتەکان دا کەسێکیان کۆمەڵێکدەسەلاّتی بەردەوام لەدەست دایە رزگاردەبێت .

## دیکتاتۆریەت

شێوەیەکلە شێوەکانی فەرمانرەوایەتی کە دەسەلاّت لە دەست تەنها کەسێکدایە کە دیکتاتۆریەتی دەسەلاّت وتاکرەوی لە فەرمان وبریارەکاندا وقۆرخ کردنی ئەودەسەلاّتە بۆ خۆیی ونەوەکانی ودەوروبەری تایبەتی

خۆیی . تەنها سەرچاوەیەکی بریار وخاوەن دەسەڵات لە دووشێوەدا بەکاردەهێنرێت ومامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ، کە ئەم شێوە دەسەڵات لەسەردەمەکانی پێشوودا ولە سەردەمی دیکتاتۆریەتی رۆمانی دا وبەتایبەت لەسەردەمی نائارامی و پلەی سەرکردایەتی دەسەڵاتێکی سیاسی بوولەکاتی کۆماری رۆمانیە کۆنەکاندا ، پێشتر دەبوولەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە بۆ ئەم دەسەڵاتە بەیاسا رێکبخرێتەوە ودواتر لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە دەسەڵاتی پێببەخشرێتەوە .

لەسەردەمی نوێدا دیکتاتۆر وشەیەکە بەوواتایەی کە دەسەڵات بە پێچەوانەی دەستورویاسا وبنەما مرۆییەکان وبێ گوێنەدانە بنەما سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان ، تەنها دەسەڵات وبریاروکەسی یەکەم وکۆتایی دەگەرێتەوە بۆ دیکتاتۆر وخاوەن دەسەڵات .

چەند نمونەیەکلەودەسەڵاتە دیکتاتۆریانەی کە لەمێژوودا هەمیشە لەیادی خەڵکناچنەوە لە درندەیی وزیان گەیاندن بەمرۆڤایەتی وئەوتاوانانەی ئەنجامیان داوە . ئەوانیش ئەمانەن :

ئەودیکتاتۆرانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا هەریەکزیاتر لە 20 ملیۆن مرۆڤیان کوشتووە ....

- یوسف ستالین لە سەردەمی دەسەڵاتی لە یەکیەتی سۆڤیەت دا لە ساڵانی 1924 بۆ 1953 لە سیستەمێکی کۆمەنیستی شۆرشگێری دا ولە ماوەی بەردەوام بوونی لە دەسەڵاتی گیان لەدەست دەدات .

- ئادۆڵف هیتلەر  دیکتاتۆر لە ئەڵمانیا ماوەی دەسەڵاتی لە ساڵانی 1933 بۆ 1945 لە سیستەمێکی فاشستی نازیەکاندا فەرمان رەوایەتی دەکرد وبەشداربوولە شەری جیهانی دووەم دا بەپێی دەقە مێژوویەکان هیتلەر کوژرا کە گومانی ئەوە هەیە خۆیی کوشتبێ وتەرمەکەشی نادیارە .

- ماوتسی تونگ دیکتاتۆر لە چین سەردەمی دەسەڵاتی دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی 1945 بۆ 1976 لە سیتەمێکی کۆمەنیستی شورشگێری دا فەرمان رەوایەتی دەکرد ولەدەسەڵات دابووتا گیانی لەدەست دا .

ئەودیکتاتۆرانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا بوونەتە هۆکاری گیان لەدەست دانی زیاتر لە یەکملیۆن کەس ئەمانە بەشێکبوون لەوانە :

- پادشا لیۆپۆلدی دووەمی بەلجیکی سەردەمی دەسەڵاتی 1865بۆ 1909 لەدەسەڵات دا دەبێ تادەمرێ سیستەمێکی شاهنشاهی ... قەیسەر ویلیەمی دووەم لە ئەڵمانیا سەردەمی دەسەڵاتی 1888 بۆ 1918 سیستەمی شاهنشایی ..... زار نیکۆلاوسی دووەم لە روسیا سەردەمی دەسەڵاتی 1894 بۆ 1917 سیستەمێکی شاهنشایی بووە .

- ئەنوەر پاشایی ئەندام لە دیکتاتۆریەتی سیانی کە سەرکردەیەکی سەربازی بووە لە دەوڵەتی عوسمانی بەیەکێکلەوسەرکردەسەربازیانەی تورکدەژمێردرێت لە

کۆمەڵکوژیەکانی ئەرمەن وئاشوریەکان ، دەسەڵاتی سەربازی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1913 بۆ 1918 دەسەلات وفەرمانرەوایەتی سەربازی وله 1922 لەشەردا کۆتایی بەژیانی دێ .

- ڤلادیمێر لینین یەکیەتی سۆڤیەتی جاران له نێوان ساڵانی 1917 بۆ 1924 ولەوسەردەمەدا شەری ناوخۆیی روسیا ودەسەڵاتی دیکتاتۆری لینین له سیستەمێکی کۆمەنیستی دا ، لەدەسەڵات دا دەبێ کۆتایی بەژیانی دێ .

- هیرۆهیتۆ قەیسەری یابان له ساڵانی 1926 بۆ 1989 لەسەردەمی ئەودا شەری دوەمی جیهانی بوووودەسەڵاتی پاشایەتی دا فەرمان رەوایەتی دەکرد ، لەهەمان دەسەڵات دا لەوسەردەمەی هیروتا دا دوودەسەلاتی سەربازی له پلەی سەرەکوەزیران وەکدوودیکتاتۆر فەرمان رەوایەتیان کردووە ئەوانیش : هیروتا کۆکی ماوەی دەسەڵاتی 1936 بۆ 1937 لەوماوەی کورتەی دەسەڵاتی دا ولەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بە تاوانباری شەردەناسرێ ودەست گیردەکرێ وله 23.12.1948 سزای لەسێدارەکانی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێ . توژۆ هیدێکی سەرکردەیەکی سەربازی له ساڵانی 1941 بۆ 1944 وەکسەرەکوەزیرانی یابان دەست بەکاردەبێت ، یەکێکە لەوسەرکردانەیی کە بەتاوانباری شەر دەست نیشان کراوەوتۆژۆ یەکێکبوولەوسەرکردە سەربازیانەی دەژ به پرۆسەی دیموکراتی

یابان وەستانەوە ودوای کۆتایی شەری جیهانی دووەم لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە گیراووەکتاوان باری شەر سزایی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا .

- چیانگ کای شێکسەرۆکی چین وتایوان سالآنی دەسەلاَتی 1928 بۆ 1949 کە سەردەمی فەرمان رەوایەتی شەری ناوخۆ لەوولاَتەدا ،لە سیستەمێکی سەربازی دا ولاَتی بەرێوەدەبرد ولەدەسەلاَت دا کۆتایی بە ژیانی هات .

- هوچی مین سەرۆکی باکوری ڤێتنام ماوەی دەسەلاَتی سالاَنی 1945 بۆ 1969 لە سیستەمی کۆمەنیستی وشەری ڤێتنام دا فەرمانرەوایەتی دەکرد ولە دەسەلاَتی دا کۆتایی بەژیانی هات .

- کیم سۆنگی سەرۆکی کۆریای باکور سالاَنی دەسەلاَتی 1948 بۆ 1994 لەسەردەمی دەسەلاَتی دا شەری کۆریا ولە سیستەمێکی کۆمۆنیستی دا سەرکردایەتی ئەوولاَتەی کردووە ، لەدەسەلاَت دا کۆتایی بەژیانی دێت .

- یەحیا کان سەرۆکی پاکستان سالاَنی دەسەلاَتی 1969 بۆ 1971 لەسەردەمی دەسەلاَتی دا شەری پاکستان وهندستان ولە سیستەمێکی سەربازی دا فەرمان رەوایەتی ئەوولاَتەی کردووە ، داویی دورکەوتنەوەی لەدەسەلاَت کۆچی دوای دەکات .

- سەدام حوسێن سەرۆککۆماری عێراق سالاَنی فەرمان رەوایەتی 1969 بۆ 2003 ، لەماوەی دەسەلاَتی دا شەری هەشت سالەی

ئێران عێراق وشەری کۆمەڵ کورژی دژ بە نەتەوەیی کورد وشەری کەنداودواتر لە لایەن ئەمریکاوهاوپەیمانەکانیەوە کۆتایی بەم دەسەڵاتە هات ودواتر دەست گیرکراولەسەر تاوانە کۆمەڵ کوژیەکانی سزایی لە سێدارەدانی درا .

- پۆل پۆت سەرەکوەزیرانی کەمبۆدیا ماوەی دەسەڵاتی بۆ 1975 بۆ 1979 ودەستی لە کۆمەڵ کوژیەکانی کەمبۆدیا ولە سیستەمێکی کۆمەنیستی دا ، دوای لادانی لە دەسەڵات لە زیندان گیان لەدەست دەدات .

- کیم یۆنگ سەرۆکی کۆریای باکور لەسیستەمێکی کۆمەنیستی دا ساڵانی 1994 بۆ 2011 ، لەسەردەمی دەسەڵاتی دا برسیەتی وعەسکەرتاریەت وبەرنامەی نەوەوی فەرمان رەوایەتی کردوە . لەماوەی دەسەڵاتی گیان لەدەست دەدات وکورەکەی کیم یۆنگ ئۆن دەسەلاتی گرتە دەست

ئەودیکتاتۆرانەی کە لە 10.000 زیاتر کەسیان کوشتووە ئەمانەی خوارە هەندێکلەوانەن :

- کەمال ئەتاتورکسەرۆکی تورکیا لە ساڵی 1920 بۆ 1938 لە سیستەمی وڵاتی تاکە حزب دا فەرمان رەوایەتی کرد ولەدەسەڵات بووکۆچی دوایی کرد .

- بێنیتۆ مۆسۆلۆنی سەرەکوەزیرانی ئیتالیا سالأنی 1922 بۆ 1943 لە سیستەمێکی فاشستی دا فەرمان ڕەوایەتی ئیتالیای کرد لەدەسەلأت خراوکوژرا .

- سەرەکوەزیرانی پورتوگال ئەنتۆنیۆ دی سالازار سالأنی دەسەلأتی 1932 بۆ 1968 لە سیستەمێکی فاشستی فەرمان ڕەوایەتی پورتوگالی دەکرد ودوای دوورکەوتنەوەی لەدەسەلات کۆچی دوایی دەکات .

- فرانسیسکۆ فرانکۆ لەسالأنی 1939 بۆ 1979 لە سیستەمێکی فاشستی دا فەرمارەوایەتی ئیسپانیایی دەکرد ولەماوەی دەسەلأتی دا کۆچی دوای دەکات .

- سەرەکوەزیرانی ڕۆمانیا لۆن ئەنتۆنیسکۆ لەسالأنی 1940 بۆ 1944 لەسیستەمێکی فاشستی دا فەرمانرەوایەتی دەکرد ودوای خستنی لەدەسەلأت لەسێدارەدرا .

- گیۆرگی گیۆرگۆ فەرمانرەوایەتی لە ڕۆمانیا سالأنی 1945 بۆ 1965 لە سیستەمێکی کۆمەنیستی دا ولەماوەی دەسەلأتی دا کۆچی دوایی کرد .

- سەرۆکی یوگوسلافیایی پێشووتیتۆ لە سیستەمێکی کۆمەنیستی وشۆرشگێری دا سالأنی دەسەلأتی 1945 بۆ 1980 ولەماوەی دەسەلأتی گیان لەدەست دەدات .

- سەرۆكی نەیجیریا یاكوبۆ گوۆن لەماوەی دەسەڵاتێكی سەربازی دا لە ساڵانی 1966 بۆ 1976 ، لەدەسەڵات دوور خرایەوە وهێشتا لەژیان ماوە .

- سەرۆكی ئەندەنوسیا سوهارتۆ لەدەسەڵاتی سەربازی ساڵانی 1967 بۆ 1998 لەدەسەڵات لابراوخانەنشین كراوەولە 27.01.2008 كۆچی دوایی كرد .

- سەرۆكی ئۆگاندا ئیدی ئەمین لە دەسەڵاتێكی سەربازی دا ساڵانی 1971 بۆ 1980 فەرمانرەوایەتی كردوەودوایی خستنی لەدەسەڵات ومردنی لە ئاوارەیی دا .

- سەرۆكی ئەسیوپیا مەنگیستوهایلە لە دەسەڵاتێكی كۆمەنیستی دا ساڵانی 1974 بۆ 1991 فەرمانرەوایەتی كردوە دوایی دوورخستنەوەی لەدەسەڵات لە ئاوارەیی دەژی .

- سەرۆكی ڤێتنام ( لە دوان ) لە دەسەڵاتێكی كۆمەنیستی دا ساڵانی 1976 بۆ 1986 فەرمانرەواتی كردووە لەماوەیی دەسەلاتی دا گیان لەدەست دەدات .

- سەرۆكی ئەڤغانستان ( بابراككارمال ) لە دەسەڵاتێكی كۆمەنیستی دا ساڵانی فەرمانرەوایەتی 1979 بۆ 1987 ، دووورکەوتنەوەی لەدەسەڵات لە ئاوارەیی گیان لەدەست دەدات .

- ئەنتی پاڤیلیس لە کرواتیا ولە سیستەمێکی فاشستی دا سالآنی 1941 بۆ 1945 فەرمانرەوایی کردووە ودوای دوورکەتنەوەی لەدەسەلآت لە ئاوارەیی گیان لەدەست دەدات.

- سلۆبۆدان میلۆسەڤیچ سەرۆکی یوگسلافیای پێشووسالآنی 1997 بۆ 2000 لە سیستەمێکی فاشستیانەدا فەرمانرەوایەتی ئەوولآتەی کرد ، دوای روخانی ودەست گیرکردنی لە زیندان گیان لەدەست دەدات .

- عومەر ئەلبەشیر سەرۆکی سودان لە سالی 1989 وە لەدەسەلآتە وتائێستا بەردەوامی هەیە لە سیستەمێکی سەربازی دا فەرمانرەوایەتی ئەوولآتەدەکات .

سەرەرایی ئەوسەرکردانەی ولآتانی عەرەبی کە ماوەی دەسەلآتیان لە 30 سالّ و40 سالّ زیاتر لە فەرمانرەوایەتی دا بوون وبەهێزی سەربازی ودەیان یاسای تایبەت بەخۆیان ولەبەرژەوەندی دەسەلآتەکەیان ومانەوەیاندا دژ بە دانیشتوانی ولآتەکانیان بەکاریان هێناوە لەوانە ( بن عەلی لە ولآتی تونس ، حوسنی موبارەکلە میسر ، عەلی عەبدولآ لە یەمەن . قەزافی لە لیبیا کە هەموویان بە ئیرادەی گەل ونارەزایی وراپەرین وشۆرش لەدەسەلآت لابران وهەندێکیان بەسزایی گەل گەیشتن ولەوانە بەشار ئەسەد لە سوریا تا نوسینی ئەم بابەتە بەردەوامی هەیە زیاتر لەسالّێکە شۆرش وراپەرین دژ بەم دەسەلآتە بەردەوامە بەدەیان کەس دەبنە قوربانی .

گەر مرۆڤ بەدرێژی وتایبەت مەندی لە ژیان وشێوە دەسەلأتی زۆر لەوسەرکردانە بکۆڵینەوە دەبینرێ کە چۆن بەهێزی گەلێ ولەشۆرشەوە گەیشتونەتە دەسەلأت بەهەمان شێوە بەهێزی گەل وشۆرش وراپەرینەوە لەدەسەلأت لابران بەومانایەی لە شۆرشگێرەوە بۆ دیکتاتۆر . کەواتە کۆمەڵگاش بەشێکبووە لە دروست کردنی ئەودیکتاتۆریەتانەدا کە قودسیەت وپیرۆزی وپەرستن یەکێکن لەوبنەمایانەی کە جەماوەر دەکەنە دامەزرێنەری دیکتاتۆر .

دیکتاتۆرەکان بەردەوام نیشتمان وشۆرش وگەلێ وفەرمانرەوایەتی بەمافێکی رەوا بەخۆیی دەبینێ ولەوروانگەیەوە ئەوهەست وتایبەت مەندیە بەخۆیی دەدات کە کەسی یەکەم وخاوەن بریاروسەردەستەی دەسەلأت بێت وپیرۆزی تایبەتی هەبێت وەکنوێنەرێکی خوایی لەسەر رووی زەوی . خاوەنداریەتی لەدەسەلأت داوپیرۆزی خاوەن دەسەلأتەکان هەمیشە بەشێکبوون لەوبەرنامە دارێژراوەی کە ئەوشێوە دەسەلأتانە بەرامبەر بە کۆمەڵگاکانی خۆیان ئەنجامیان داوە ، بێ گومان شێوازەکان لە ولأتێکەوە بۆ ولأتێکی دی جیاوازی هەبووە چ پەیوەندی بە دیکتاتۆرەکان وئاستی کۆمەڵگا لەوولأتانەدا هەبووە .

بۆ دورکەوتنەوە لە بنەمای دیکتاتۆریەت گرنگە سیستەمە سیاسەکان لە بوونی دەستورێککە تەواوی مافەکانی تاکتێیدا پارێزراوبێت ، هەڵبژاردن وبنەمایی ئازادیە تاکەکان بۆ دەست نیشان کردنی نوێنەرەکان وهەڵبژاردنی دەسەلأتەکان بۆ فەرمانرەوایەتی ، دەزگاکانی دەوڵەت سەربەخۆیی تەواوئازادی رەها ودوور لە دەست تێوەردانی حزبی ،

ئازادیەکانی تاکودادپەروەری کۆمەڵایەتی وتۆکمەیی سیستەمەکانی پەروەردە ولایەنە تایبەتیەکانی کە خزمەت بە گۆمەڵگا وتاکدەکەن .

دیکتاتۆریەتی نویٚ وسەردەمیانەی کە لەم رۆژگارانەی ئەمرۆماندا بوونیان هەیە ، هەمیشە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا ئەوسیستەمە سیاسیانە لە ژێر رکێفی حزبی تاکرەووتەنها دا کە تەواوی دەسەلاٚت دەگرێتە دەست ئەوولاٚتانە بەرێوە دەبەن ، ئۆپۆزسیۆن وبیرورای جیاواز رێگا پیٚ نەدراوە وبەپیٚی یاسا تایبەتیەکانی خۆیان ئەوکەس ولایەنانە رووبەرووی سزادەبنەوە وبەردەوام بەلادەروتاوانبارو‌تێکدەر ناودەبرێن . لەم شێوە دەسەلاٚتانەدا کەسی یەکەم وئەودەوروبەرەی کە لەدەسەلاٚت کۆبۆتەوە لە بنەماڵەکەیی وکەسانی شوێنکەوتووی تەواوی ماف بەخۆیان دەدەن کە دەسەلاٚتی خۆیان بەسەر ئەوکۆمەڵگایەدا دسەپینن بەبیٚ ئەوەی هیچ سنورێکبۆ ئەودەسەلاٚتە دابنریٚ .

شێوەی کاری دەوڵەت لە بەرێوەبردنی ژیانی سیاسیەوە بۆ بەریوەبردنی ژیانی تایبەتی ، بنەما سەرکوت کاریەکان دەگەرێتەوە بۆ سەدەی بیستەم ولە فاشیەتەوە سەرچاوە دەگرت ونیشتمان ونەتەوە بوونە رێگایەکبۆ بەسەربازی کردنی ولاٚتەکانیان بەبیانووی ئەمن وئاسایش تا دەست بەسەر تەواوی ئازادیەکانی تاکدا بگرن ، ئازاروئەشکەنجەدان وکپ کردنەوەی بیرورا جیاوازوپیٚچەوانەکان کە هەرگیز لەخۆیی زیاتر وئەوئایدۆلۆژیایەی کە بروایی پێیەتی کەسی دی قبولٚ نیە کاتێکلە ئایدیۆلۆژیەتی نازیەکان وبۆچون وئایدیۆلۆژیای فاشستیانە وسیستەمی شوعیەتی سەردەمی سۆڤیەت کەدەکریٚ مرۆڤ گەران بەدوایی ئەوپەیوەندیانە دەست پیٚ بکات ،

تادەگاتە ئایدۆلۆژیای هەندێکلەوشۆرشانەی کە داوتر بوونە سیستەمێکلە دیکتاتۆریەت وسەردەمێکنەتەوەکانی خویان چەوساندەوە .

دەسەلآتی تاکرەوی یەکحزبی ... خۆ پرچەککردنی بەوئایدۆژیایەی کە تەواوی چالاکیەکان لەخۆدەگریٚ وتەواوی ئازادی ودەسەلآتی رەها بۆخۆیی دەدات کە داوتر دەبێتە واقع وپێویستە لەسەر هەمووقبولًی کەن ، بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجانە پێویستی بە چەندین کەنالٚ هەیە کە پارێزگاری لەدەسەلآتەکەی بکات ئەویش لەرێگای دەزگاکانی هێزوسەرکوت کەرەوە کەبۆ هاوکاری ئەم هێزانە لایەنەکانی پەیوەندی وراگەیاندن لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن وگۆڤارورۆژنامەکان ، تەواوی چالاکیە ئابوریەکان دەخرێنە ژێر رکێفی حزب وحکومەت وکەسە پلە یەکەکانی ئەوسیستەمەوە .

لەگەلٚ ئەوەی کە ئەمرۆ وسیاسەتی سەردەمیانەی دونیا وژیانی ئاسایی وویستی کەسایەتیەکان دیموکراتیەت دەخوازیٚ وکاتی ئەوە هاتووە ئەوسەرکردانە بیر لەوشێوە گۆرانکاریانە بکەنەوە تا کۆتایی ژیانیان وەکئەودیکتاتۆرانەی مێژوونەبێت .

ئەوولآتانەی بەپێی لیستی سالًی 2009 کە تەنها یەکپارت فەرمانرەوایەتی دەکات ئەوانیش ولآتی چین وکوبا وئەریتیریا وکۆریای باکور وسوریا وڤێتنام وکۆماری لاو، وەکنمونە بوونیان هەیە .

## گەندەڵی سیاسی

بەکارهێنانی دەسەڵات ودەزگاکانی حکومەت لەروانگە گشتیەکەیەوە بەشێوەیەکی نایاسایی وبۆ بەرژەوەندی تایبەتی وئامانجە حزبیەکان ولەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندیە گشتیەکان ، بێ گومان هەمووداموودەزگایەکی لە گەندەڵی بەدوور نیە .

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانی بەرچاوە کە بەشێوەیەکی خێرا تەشەنە دەکات وئەم دیاردەیە رەگ وبنجینەی مێژوویی خۆیی هەیە ولە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دی شێوازوکاریگەری ومامەڵە لەگەڵ کردنی جیاوازی خۆیی هەیە .. هیچ کۆمەڵگا ودەسەڵاتێکی سیاسی دونیا لەم شێوە دیاردەیە بێ بەش نیە ولەدونیا دا بوونی هەیە , بەپێ ی رێژەیی گەندەڵی ئەوکۆمەڵگایە لەچەندیەتی وکاریگەری لەسەری وئەوهێزە دژەی کە دژ بەگەندڵی دەجەنگێ وئەوهەوڵانەی بۆ بن برکردنی دەدرێت بەوپێیەی کەبەشێکی ئەوکۆمەڵگایە گەندەڵ نەبێت .. بەڵام کاتێکئەم دیاردەیە دەبێتە بەشێکی زیندووی ژیانی کۆمەڵگا وبێ لێپرسینەوە دژایەتی کردن وگرنگی دان بەبوونی ئەوە ژیان وگوزەران وبەرێوەبردنی دەکەوێتە ئاستێکی خراپ ووەستا وهەندێ جار دەگاتە رادەی مردنی بەبێ ئەوەی تەشەنەبکات .. جیاوازی گەندەڵی نێوان وولاتانی پێشکەوتووووڵاتانی جیهانی سێهەم

لەوەدایە کە وولاّتە پێشکەتووەکان بەهۆی شێوازی کارکردن وجۆری ئەویاسایانەی کاروباری وولاّتی پێ بەرێوەدەبرێت وبونی تەکنەلۆژیاوزانست وتێگەیشتن وبیرکردنەوە لەگوزەرانی هاوولاّتیان وبەرزی ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگا وبەرززاگرتنی ئەورێژەیە جیاوازی هەیە لەگەلّ وولاّتانی جیهانی سیّهەم کە ناوچەکانی ئێمەش دەگرێتەوە . نەبوونی یاسا وئەگەر بوونیشی هەبێت کاریگەری نیە وناکاملّەوهەمووبەشەکانی ژیانی نەگرتۆتەوە ونەبوونی کاروبێ کاری لاوان وبلاّوبونەوەی گەندەڵی دەگاتە ئاستە بەرزەکانی لە ژێرخانی ئابووری ودەسەلاّت وکۆمەڵگا وبەم شێوەیە ئەم دیاردەیە لە دەزگا فەرمانبەریەکانی دەولّەت بلاّودەبێتەوە ودەکەوێتە نێووردەکاریەکانی ژیانی خەلّکیەوە وکە پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکانیش دەگرێتەوە ودەبێتە رێگر لە پێشکەوتنی زانستی وئابووری وپەروەردەییەکان وئەگەر هەولّی لەناوبردن ودژایەتی جدی لەئاستە بەرزەکانەوە بۆ نەکرێت وبە بەرنامەوپلان کاری بۆنەکرێت ئەوە گەورەترین مەترسیە بۆ سەر رەوتی بەرێوە چوونی کۆمەڵگا ..

لێرەدا دەمەوێ شێوە وجۆرەکانی گەندلّی دەست نیشان بکەم کە بەم شێوەیەوجۆرانە دەست پێدەکات :

پارەدان بۆ جێ بەجێ کردنی کارێکی یاسایی کە بێگومان پێویستی بەوە نیە ودەکرێ لەرێگای یاسایی وبەبێ پارەدان کارەکە جێ بەجێ بکرێت وگرفت وکێشە نەهێنرێتە رێگایان , کە زۆر لەوگرفت وکێشانەی کە دەخرێنە رێگای کاروباری ئاسایی هاوولاّتیانەوە تەنها مەبەست بۆ بێزارکردنی ئەوکەسانەیە وپاشان هانابردن بۆ رێگای دی کە پارەدانە بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانیان بەخێرایی وبێ کۆسپ وتەگەرەوزۆر بەباشی , ئەمەش دیاردەیەکە ئەمرۆ لەکوردستاندا دەتوانم بلّێم لەهەموودەزگا حکومی وحزبیکاندا بوونی .

وەرگرتنی پارە لەکاتێککە گرێبەستی پرۆژەیەکوبەئەنجام گەیاندنی کارەحکومیەکان , ئەمەش ئەمرۆ لەولێشاوە پرۆژەوکارە خزمەتگوزاریانەی کە بەخشینیان بەوانەی پارەدەدەن ولەبەرپرس وکەسە پەیوەندی دارەکانەوە نزیکن وزیاتر لەرێگایانەوە بەدەست دێت وبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی هەردوولا دەپارێزرێت .

دەوڵەمەندبوون لەرێگای وەرگرتنی دەسەلاّت لەحکومەت .. ئەمەش دیسان یەکێکە لەودیاردە بەرچاوانەی کە زۆر لەوکەسانەی کە دەسەلاّتیان پێ دەبەخشرێت بەمەبەستی خزمەتکردن وپێشکەش کردنی ئەوتواناوشارەزایی وزانستەی کە پێیەتی . بەلاّم ئەوەی بەپێچەوانەوەیە دەکرێت وهێندەی ئەوکەسە بووە بەرپرسێکئەوە لەماوەی چەند مانگێگدا حساب وکتابی نازانرێت وئەودەوڵەمەندیە بەوخێراییە لەکوێوە هات وچۆن ..؟ بێ دەسەلاّت وبەرپرسیاریەتی زیاتر بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیی وکەسانی دەوروبەری بەکاردەهێنێت .

بازرگانی کردن بەمادە بێ هۆشکەرەکانەوە کەبازرگانی کردنە بەگیانی هاوولاّتیان وشێواندنی ژیان گوزەرانی ئەوکۆمەڵگایەوە لەپێناوی دەوڵەمەند بوون وکۆکردنەوەی پارە .

راسپێر ( واستە ) لەگەڵ خەڵکناسین وبنەماڵە وحزبایەتی وراپەراندنی کاروبار لەم رێگایەوە وبازدان بەسەر رۆتینیەتی کار وپێشت گوێ خستنی رێگا یاساییەکان .

هەڵە بەکارهێنانی دەسەلاّت لە حکومەت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی وسودمەندی تاکە کەسی وگۆێنەدانە بەرژەوەندیە گشتیەکان وپێش خستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان .

پەیوەندیە هاوبەشیەکان وبوون بەشەریکلەنێوان چەند بەرپرسێکلەکارێکی بازرگانی هاوبەش کە بەرپرسەکانی حکومەت وشەریکێکی تری تایبەتی چ لەناوە بن یا لەدەرەوە .

دەوڵەمەندبوون لەسەر حسابی جەماوەر وخەڵکانی تری هەژار ونەدار وچاوبرینە سەروەت وسامانی گشتی وبەکارهێنانی بۆ مەبەستە تاکە کەسیەکان .

پێشێل کردنی هەموویاساکان وپەیرەوی نەکردنیان وزۆر جار لەلایەن ئەوانەشەوە کە بەخۆیان لەودەسەلاّتەدا کاردەکەن وپێویستە ئەوان لەپێش هەمووکەسێکەوە پەیرەوی بکەن .

کۆنترۆڵ کردنی فەرمانبەرە بچوکەکان بۆ حسابی گەورە بەرپرسان وبەکارهێنانیان بۆ خۆیان .

بەکارهێنانی سەیارەوکەل وپەل وئامێری دەوڵەت بۆ کاروباری تایبەتی خۆیان ولەدەرەوەی کاروباری فەرمی وسودلێ وەرگرتنی بۆ تاکە کەس .

بلاّوبوونەوەی دیاردەی ئەوبەرپرسە سیاسیانەی کە ئەمرۆ وەکپیاوانی بازرگانی گەورەودەوڵەمەندبوونیان بەوخێراییە وچوونە ریزی بارزگانانی گەورەوە وسودوەرگەتن لەکاری سیاسی بۆ سەرکەتنی بارزگانی وکۆکردنەوەی سەروەت وسامان .

تەزویرکردن وگۆرانکاری لەسجل وفایلاتی ئیداری دەوڵەت ومەبەستە تایبەتیەکان .

دزین وبردنی سەروەت وسامانی هاولاّتیان بەهەمووشێوەکانیەوە وبیرنەکردنەوە لەئایندەوژیان وگوزەرانی هاوولاّتیان .

کردنەوەی کەلێن وشلکردنی پەتی گەندەڵچیان لەلایەن پارت ولایەنە سیاسیەکانەوە وهەندێ جاریش هاوکاری کردنیان ولێنەپرسینەوە وسزانەدانیان کە زۆربەی وەخت ئەوگەندەڵیە ئاشکرا دەبێت وبەپێچەوانەوە ئەوانە پاداشت دەکرێن لەبری ئەوەی سزابدرێن وپلەی بەرپرسیاریەتیان بەرزدەکرێتەوە وشوێنی گرنگ تروکاریگەرتریان پێ دەدرێت وپارەی زیاتریشیان دەدرێتێ .

دیار نەبوون وشاردنەوەی سەروەت وسامانی گشتی وولاّت وئاشکرانەکردنی ونەبوونی روونی ئاشکرایی .

## هۆکارەکانی گەندەڵی

نەبوونی ئایندەیەکی روون وبەرچاوی باش بۆ ئەوانەی کەزۆربەی تەمەنیان لەپێناودەسەلاّت وپارتە سیاسیەکاندا بەسەر بردووە .. ولەکاتێکدا کە کاریان بەوکەسانە مابیّ وشێوەیەکی دی مامەڵەیان لەگەڵ دەکریّ وکاتێککاریان پێیان نەمێنیّ ئەوە پشت گوّیّ دەخرێن بەشێوەیەککە هەرگیز لەوپارتەدا رۆژێکلەرۆژان کاریان نەکردووە وبەتایبەت ئەوانەی کە بەپاکی کاریان کردووە دەبینن کەسانێکی تر بەشێوازێکی دی کاردەکەن وبەرژەوەندیەکانی خۆیان دەپارێزن وئەمەش هۆکارێکە بۆ گۆرینی بیروبۆچونەکانی ئەوانە لەدوورەوە یا لەنزیکە ئاشنان بەم شێوە مامەلاّنە .

پارت ولایەنە سیاسیەکان کەسانی دلسۆزوبەتوانایی کە دژ بەم شێوە دیاردانەن هەمیشە لیّ دەدرێن ودژایەتی دەکرێن وهەولّی لادانیان ئەدرێت وهەمیشە دووردەخرێنەوە .

چاوپۆشین ولێنەپرسینەوە وبەدواداچوون لەوهەمووگەندەڵی وسەرپێچی ولادانانە وپشت گوێخستنیان .

هۆکارە کۆمەلاّیەتی وداب ونەریت کە پەیوەندیان بەکۆمەڵگا ودەسەلاّتەوە هەیە وریّگا خۆشکەری تەواون بۆ دروست بوونی گەندەڵی .

نەبوونی نیەتی رون وئاشکرا وباش بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی ئیداری .

هۆکارە سیاسیەکان وگرنگ ترینیان لاسایی کردنەوەی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی ونەبوونی کاریگەری ئەودەزگایانە .

دەسەلأت وئیدارەی بیرۆکراتی ومەرکەزی وبەشداری نەرکردنی لەئیدارە وبەرێوەبردنی کاروباردا .

کاریگەرنەبوونی دەسەلأتی یاسادانەروکاریگەرنەبوونی دەسەلأتی راگەیاندن ونەبینینی رۆڵی دیاروبەرچاوی خۆیی دژ بەگەندەڵی .

ئەوکەسە نەخۆش وتووشبوانەی وەبایی گەندەڵی وچونیان وگۆاستنەوەیان بۆ هەر دەزگایەکوگەندەڵ کردنی ئەوشوێنەش .

لاوازی وکارانەبوونی راگەیاندن بەوشێوە پێویستەی کە ئەوگەندەڵیانە ئاشکرا بکات , ئەویش دەگەرێتەوە بۆ هەندێ جار کە ئەوراگەیاندنە سارد دەبێتەوە لەوشێوە هەنگاوکارانە چونکە بەرامبەر بەوماندووبوون وهیلاکبون وئاشکرا کردنی ئەوگەندەڵیە کەسێکسزانادرێت ولێ پرسینەوەی لەگەڵ دا ناکرێت , تاراگەیاندن ورۆژنامەکان چالاکانەوبەردەوام لە ئاشکراکردنی گەندەڵی دابن , ئەمەورۆژنامە کوردیەکان زۆر لەوشێوە هەنگاوانە دەنێن بەلأم تا ئێستا بەوشێوە ئاشکرایە کەسێکسزانەدرا .

هەندی لە رۆشنبیریەت وە هەندێ لە دابونەریتی ئێستا هاندەرە بۆ زیاد بوونی گەندەڵی .

بەردەوام بوونی بەرپرسە ئیداریەکان لەشوێنی خۆیاندا لەورۆژەوەی کە ئەوبەرپرسیاریەتە وەردەگرێت , بەبێ ئەوەی لابرێت وهەندێکلەوانەش کە بەرپرسیاریەتێکی وەرگت دابەزین لەوپلەیە نیە واتە یا دەبێ لەوپلەیەدا بمێنێتەوە یا بەرزبکرێتەوەویا بەمردنی ئەوجێگایە چۆڵ دەکات , وەكهەندێ لەوانەی زۆر بەی بەرپرسیاریەتەکانیان لە دەسەلأتی دەوڵەت

تاقی کردۆتەوە بەبێ لادانیان . ئەگەر ئەوکەسە شیاوی ئەوبەرپرسیەتیەش نەبێت .

بوونی هەندێ لێ پرسینەوە وبەدواچوون لەگەڵ فەرمانبەرە بچوکەکان ولێ نەپرسینەوەی گەورە گەندەڵچیان وبەرپرسەکانیان .

نەبوونی هەلی کارونەبوونی دادپەروەری ویەکسانی وجیاوازی کردن لەنێوان کەسایەتی هەژاروبێ دەسەلآت وئەوانەی دەوڵەمەند وخاوەن دەسەلآتن .

بەرفراوان بوون ولەبەردەستا بوونی ئەوشتانەی کە بەشێوەیەکی کراوە وبێ سنور لەبەردەم بەرپرسەکاندا بوونی هەیە وەکسەیارەی تازە مۆدێل وخانوووڤێلاوگەران وسەفەر بەویستی خۆیان بەوولآتاندا ولەسەر حسابی دەوڵەت ولەبەر دەست بوونی پارەیەکی زۆر وزۆرشتی دی کە هاوولآتی بێ دەسەلآت بەخەویش نایان بێنێ ودەستی ناکەون .

جێ بەجێ نەکردن وپەیرەوی نەکردنی ئەویاسایانەی کە بوونیان هەیە ورێککەوتنیان لەسەر کراوە .. واتە ئەوەی کە خۆیان دیدەرێژن ودەیانەوێ هاوولآتی ئاسایی پەیرەوی بکات بەخۆیان پەیرەوی لەسەر ناکەن ویاساکان پێشێل دەکەن .

کەم بونەوەی ئاستی ژیان وداهاتی کەسایەتی ودابین نەکردنی پێداویستیەکانی ژیانی وخۆش نەبوونی گوزران ونەبوونی ئارامی .. کەواتە ئەوداهاتەی کە هاوولآتیەکبەدەستی دێنێ لەگەڵ بازارونرخ دا یەکناگرێتەوە وبەرێوەچوونی ژیان قورس دەبێت .

گرفتە پەروەردەییەکان ولایەنی فێرکاری کە بنەمایەکە بۆ خراپ کردن وباش کردنی ئایندەی کۆمەڵگا .

نەچوون بەدەم خواست وداواکاریەکانی لاوان ودانەرشتنی بەرنامەی ئایندەیی درێژخایەن بۆ مسەوگەر کردنی ژیان گوزەرانی لاوان بۆ ئایندەیەکی گەش وژیانێکی بەختەوەر .

نەزانی وتێنەگەیشتن ودواکەوتوویی دەزگاکان وکۆمەڵگا ونەخوێندەواری هۆکارێکی تره بۆ باش نەبینینی هەموولایەنە باش وخراپەکان ولەیەکجیاکردنەوەیان .

دانانی کەسایەتی شیاولەجێگای شیاوی خۆیی وتەنها یەکتر ناسین وتەزکیەی حزبی وکوری بەرپرسان وکەسانی دیارودەوڵەمەند لەشوێنە دیاروبەرچاوگرنگەکان دادەنرێن وئەوانەی کە شارەزاولیهاتوون ولەرووی پسپۆری وزانستیەوە شیاوی ئەوشوێنانەن پشت گوێ دەخرێن .

لاوازی لەکاریگەری ورۆڵی بەرچاوی فرەلایەنی وکارانەبوونی لایەنە بچوکەکان ومانەوەیان لەوئاستەی خۆیاندا ..

لەگەڵ کەم داهاتی کەسایەتی بۆ ژیان .. بەرزبوونەوەی نرخی شت ومەکوگرفتی نیشتەجێ بوون بەرزی نرخی کرێ خانووهەڵئاوسانی ئابووری ..

## دەرەنجام وکاریگەری گەندەڵی

گەندەڵی کۆسپ دەخاتە رێگای پێشکەوتن وبرەودان وگەشەسەندنی کۆمەڵگا وبەمەندیەت بوونی

گرفت وکێشە بۆ باری ئابوری دروست دەکات وکاریگەری سلبی دەکاتە سەر سەرخان وژێرخانی ئابوری وولأت وتووشی شەلەلی دەکات .

زیادبوون وتەشەنەکردنی دیاردەی مادە بێ هۆشکەرەکان وزیادبوونی بەکارهێنان وزۆربوونی دیاردەی لەش فرۆشی ومامەڵەپێوەکردنی وەکبازرگانی .

کۆمەڵگا باجی ئەوکارێگەیانە دەدات وبەرگران لەسەر کۆمەڵگا دەوەستێت

گرفتە کۆمەڵأیەتیەکان زیاد دەکات ورێگردەبێت لەچارەسەرکردنیان وکۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی گەندەڵ .

زیادبوونی جیاوازیەکانی چینایەتی ونەمانی چینی ناوەندی واتە دروست بوونی دووچین لەکۆمەڵگا .. چینی دەوڵەمەند وچینی هەژار ..

دروست بوونی گەندەڵی ئەخلاقی ولەدەست دانی هەموداب ونەریتی کۆمەلآیەتی وئینسانی کە بەشێوەیە ئینسانیەتی ئەوکەسایەتیە بسەلمێنیّ .. لێرەدا مەبەست لەداب ونەریت ئەویاسا کۆن ودواکەوتوانەیە کە پێچەوانەی خواست وبۆچوونە پێشکەوتوونوێکانن .

نەمانی برواومتمانە بەدەسەلآت وپچرانی پەیوەندی نێوان جەماوەرودەسەلآت .. بروانەکردن بەوبەڵێن ودڵخۆشنەبوون بەوپلان وبەرنامانەی کە باسیان لێوەدەکرێت .. چونکە زۆری بەڵێن وجیّ بەجیّ نەکردنیان . ئەوبیّ بروایە دروست دەکات وپەیوەندیەکانیش لەنێوان دەسەلآت وجەماوەر دەپچرێت .

زیادبوونی هەژاری وزیادبوونی تاوان وکێشەوگرفتی نێوکۆمەڵگا .

لاوازی بوونی کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر دەسەلآت وچاودێری کردنی .

شێواندنی کەش وهەوای بارزگانی ودروست کردنی کۆسپ لەکاروبارە بازگانیەکاندا وهەل وەرگرتن وبەکارهێنانیان لەلایەن دەسەلآت وبەرپرسانەوە .

دامرکاندنەوەوخیانەت بەهەمووشێوەکانیەوە , بەخەفەکردنی رۆحیەتی مرۆڤایەتی وزوڵم زۆر وچەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە , گیرۆدەبوونی مێینە بەدەست نێرینەوە , کە ئەمە ئەمرۆ یەکێکە لەودیاردە بەرچاوانەی کە کۆمەڵگای کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنی وکوشتنی ئافرەتان وچەوساندنەوەیان بەشێوەیەکی دیاروبەرچاوبوونی هەیە بەبیّ ئەوەی دەسەلآت وکۆمەڵگا هەڵوێستێکی دیاروبەرچاوکاریگەریان هەبێت کە هیچ نەبێت هەنگاوێکبێت بۆ بن برەکردنی ئەم دیارە ناشیرنەی کە درندەیی وگەندەڵی ئەوکۆمەڵگایە بەدیار دەخات .

لاوازکردنی شەرعیەتی دەوڵەت وبروانەبوون بە یاسا ودەسەلآت .

دروست بوونی نائومێدی وڕێگا خۆشکردن بۆ دروست بوونەوەی دیاردەی کۆچ ورووکردنەوە لەهاندەران .. ڕەنگە تەنها بەربەست ئەمرۆ لەدووبارە نەبوونەوەی ئەم دیاردەیە دڵخۆش بوون وئومێدی ئارامی نیە کە هاوولاتی بەرامبەر بە وولات هەیبێت .. بەڵکونەبوونی هیوادەرگایە کە ئەمرۆ وولاتانی ئەوروپی دەرگای پەنابەریان بە رووی ئەوانەدا داخستوە کە داوای پەنابەری دەکەن وتەنها ئەم هۆیەش بوەتە دڵ ساردکردنەوە ونائومێدی بەباری پەنابەری .

ڕێگا خۆش کردن بۆ ئەنجام دانی کاری تیرۆری وشێواندنی ئاسایش وهێمنی هاوولاتیان ودروست کردنی نائارامی وژیانێکی پر ترس وناخۆش وبێ ئایندە ..

**چۆنیەتی رێگا گرتن لەگەندەڵی وچارەسەرکردنی**

**دروست کردنی رێگاوئالیەتی چۆنیەتی دژایەتی کردنی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەردەوام وکاریگەر وبیٚ پچران .**

**بوونی دادپەروەری ویەکسانی بەرامبەر بەیاسا ودادگا وسزادانی گەورەبەرپرسان وچاوپۆشی نەرکردن لێیان ولێپرسینەوە وسزاکانیش ئاشکراوشاراوەنەبن .**

**جیاکردنەوەی دەسەلأتەکان ... یاسا دانان وبەرێوەبردن ودادگایی وحزبی وئەمنی .. ئەمەش لەئەمرۆیی وولأتی ئێمەدا تەنها بەشێوە ورۆتین جیاکراونەتەوە وئەودەسەلأتانە تەنها لەرێگای حزبەکانەوە کاری پێدەکرێت وبەبیٚ حزبەکان توانایی کارکردنیان نیەوخاوەن بریاری ستراتیجی نین وبۆشیان نیە کاربکەن وپێویستە ئەم سیستەمە گۆرانی بەسەردابێت .**

**لەرێگای رۆشنبیریەتەوە بوونی روون وئاشکرایی لە کاروباری حکومەت ودورست کردنی دەوڵەتی ئەلکترۆنی لەبەرێوەبردنی کاروبارە ئیداریەکاندا وبەجۆرێکرێگا لەهەندیٚ گەندەڵچی بگرێت وژیان گوزەرانی هاوولأتیان بەوشێوەیە رێکبخرێت وئەمەش ببێتە هەنگاوێکبۆ دروست بوونی سیستەمێکی ئەلکترۆنی بۆ سەرجەم کاروبارەکانی ژیانی هاوولأتیان ورێکخستنیان بەشێویەکی دروست وزانستی وپێشکەوتووکە ئەمرۆ**

لەسەرجەم وولآتانی پێشکەوتووی دونیادا کاری پێدەکرێت وگرفتەکان کەم دەکاتەوە .

دابەش بوونی دەسەلآت ووەرگرتنی بەرپرسیاریەت وکارەباری ئیداری بەپێی زانستە رۆشنبیریەکان وئاستی خوێندن وشێوازی ئەوکەسە لەوکارەدا وشارەزایی ونەهێلآنەوەی بۆ هەتا هەتایە بەوشێوەی کە ئەمرۆ دیبینین ئەوکەسەی دەبێت بەرپرس لەدەزگایەکی ئیداری وحکومی وحزبی دا تا رۆژی مردنی کەس جێگای پیٚ چۆلٚ ناکات وکەس ناتوانیٚ جێگای بگرێتەوە وئەوپلەی کە وەری گرت دابەزینی بۆنیە ودەبیٚ بەزتربکرێتەوە ئەگەر ئەوکەسە گەندەڵیش بێت .

جیٚ بەجیٚ کردنی یاسایی سزادان لەسەر دەرەنجامەکان وکارکردن نەکسەرنج راکێشان وزانیاری بەخشین وئاگادارکردنەوە ودواتر پێشت گوێخستن ولەبیرکردنی .. کە هاندەرێکی گرنگە بۆ زیاتر بوونی گەندەڵی .

بەریٚ کردنی کاروباری هاوولآتیان لەرێگای پۆست وبەریدەوە بێت بەرنامەی دارێژراوکارا بۆ سەرگرتنی ئەم هەنگاوە بنرێت وهاوولآتیان لەسەر ئەوە رابهێنرێن .. تا فەرمانبەرەکان هاوولاتیان ناچاری پارەدان وبەرتیل کاری نەکەن وهەوڵی راسپێری وکەس کەسێن نەدەن ..

کاریگەربوونی لایەنی ئاینی ورۆحی بۆ هاوکاری کردن لە نەهێلانی گەندەڵی وئامۆژگاری کردنی هاوولاتیان لەوبارەیەوە .

ئاشکراکردنی بەرنامە وکاری دەسەلآت بەوشێوەیە کە هاوولآتی بتوانیٚ چاودێری بکات ولەگەندەڵی ولادان ودزینی سەروەت وسامانی گشتی هەڵوێست وەربگرێت .

ئازادی رۆژنامەگەری ورێگادان بەهەمووتوێژینەوە وووروژاندنێککە راگەیاندن رای گشتی پیٚ بوروژێنیٚ وئەوگەندەڵیانە ئاشکرابکات وچارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە .

بوونی هەڵبژاردنی پاکوخاوێن بۆ هەندێ لەودەسەڵاتانەی دەوڵەت بەپێ ی ئەومەرجانەی کە دیاری دەکرێن بۆ ئەوکەسەی کە خۆیی دەپاڵێوێ ودەتونانێ بە وەرگرتنی ئەوبەرپرسیاریەتە خزمەت بکات وکاریگەربێت وگۆرانکاری بکات .

جێ بەجێ کردنی ئەوسیستەمەی کە بپرسێت ئەمەت لەکوێ بوو.. ؟ کاتێککەسێکبەوخێرایەوە بەبێ ئەوەی سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی دیار بێت ولەماوەیەکی کورت دا دەوڵەمەندبێت وببێتە خاوەن سەرمایە وکەس پرسیاری ئەوەی لێنەکان ئەمەت لەکوێ بوو..؟ چۆن دەستت کەوت ..؟ بەوخێرایە چەند سەیارەیەکوچەند ئەزەوخانووڤێلاوپارە بەملیۆن .. بێ گومان لەم وولاتە پێشکەوتوانەدا هەمیشە ئەم پرسیارە هەیە وکەس لەخۆیەوە ناتوانێت دەوڵەمەند بێت وهەمیشە لێپرسینەوە هەیە .. بۆ دەبێ لەوولاتی ئێمەش دا دەسەلات ولایەنی پەیوەندی دار ئاگاداری خۆیووهاوولاتیانی نەبێت ئەوانەی لەرێگای گەندەڵیەوە دەبنە خاوەن پارە وسەروەت وسامانی هاوولاتیان دەدزن بۆ سزانەدرێن ولێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرێت ..

دانانی کەسی شیاولەشوێنی شیاو.

ئاشکراکردن وبەدیار خستنی گەندەڵ چیان لەکۆمەڵگاداودابەزینی پێگەی کۆمەلایەتیان ولەرێگای راگەیاندنەکانەوە باسیان لێوەبکرێت ورسوابکرێن

دروست کردنی مەلەفی تایبەت بە فەرمانبەران وبەرپرسەکان وەكهەنگاوی یەکەم ودواتر بۆ هاوولاتیان وەکئەوووڵاتە پێشکەوتوانەی کە هەمووهاوولاتێکمەلەفی تایبەتی خۆیی هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تەواولەسەری وتەنانەت بەگۆرینی شوێنی نیشتەجێ بوونی دەبێ دەزگا پەیوەندی دارەکان ئاگاداربکاتەوە وزانیاری بدات .

زیادکردنی داهات وموچە وخۆشکردنی کوزەرانی هاوولاتیان بەجۆرێکلەگەڵ بارودۆخی ئابووری دا بگونجێت وئەمەش هۆکارێکنەبێت بۆ

ئەوەی ئەوکەسایەتیە لەرێگای گەندەڵیەوە گوزەرانی خۆیی خۆش بکات ودەوڵەمەند بێت وپێداویستیەکانی خۆیی وخێزانی دابین بکات .

زیادبوونی رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی وکردنەوەی دەرگای کاری زیاتر وسەلماندنی بوونیان بەشێویەکی کاریگەریانە بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی

دەرکردنی یاسا وبریاروزانیاری وراسپاردەوئامۆژگاری کاریگەر بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی وسزادانی گەندەڵچیان .



**بەرهەمەکانی دیکەی نوسەر**

- **هەلەبجە .. کارەساتی کیمیابارانی ساڵی** 1988 .

**بەرهەمی ساڵی** 2001

- **سەفەرێك بۆ هەندەران .**

**بەرهەمی ساڵی** 2009